# ئیسپانیای شۆڕشگێڕ

## کارل مارکس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەهدی مستەفا

# Revolutionary Spain

1854

## Karl Marx

**Written**: August-November 1854;
**First Published**: in *New-York Daily Tribune*, September 9 to December 2, 1854.Archive (marxists.org)

لە بڵاوکراوەکانی پێگەی سۆشیالیزم

## ئیسپانیای شۆڕشگێڕ

بەشی یەکەم:
ڕووپێوێک لە مێژووی شۆڕشگێرانەی ئیسپانیا لە سەرەتا تا سەدەی نۆزدە ....................2
بەشی دووەم:
دەرکردنی بوناپارتەکان و وەرگرتنەوەی پاشایەتیی ئیسپانیا ....................11
بەشی سێیەم:
ململانێکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان ....................19
بەشی چوارەم:
ئەنجومەنی پاشایەتیی و پشکنینی بیروبڕواکان ....................26
بەشی پێنجەم:
جەنگی گەریلاییی ....................34
بەشی شەشەم:
کۆرتێزی تایبەت دەستووری ژاکۆبێنی بەکار دەهێنێت ....................40
بەشی حەوتەم:
بێهێوابوونی کۆمەڵانی خەڵک....................52
بەشی هەشتەم:
شۆڕشی ١٨٢٠ ....................59
بەشی نۆیەم:
ڕەشەبایەک بەڕێوەیە ....................68

# ئیسپانیای شۆڕشگێڕ

کارل مارکس

وەرگێڕ: مەهدی مستەفا

**نووسراو:** ئاگۆست- نۆڤەمبەری ١٨٥٤

**یەکەم بڵاوبوونەوە:** لە *نیۆیۆرک دەیلی تریبوون*، ٩ی سێپتەمبەر تا ٢ی دیسەمبەر، ١٨٥٤.

زنجیرە وتاری ئیسپانیای شۆڕشگێڕ لەلایەن مارکسەوە لە *نیۆیۆرک دەیلی تریبوون*دا لە ماوەی ئاگۆست تا نۆڤەمبەری ١٨٥٤دا نووسراوە. مارکس تێکڕای دەردنیشانەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەورووپای بینیوە و سەرنجێکی زۆری داوەتە ئەو ڕووداوە شۆڕشگێڕیانەی کە لە هاوینی ١٨٥٤دا لە ئیسپانیا ڕوویان داوە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە کێشمەکێشی شۆڕشگێڕانەی ئەوێ دەتوانێت هاندەری گەشەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپا بێت. لە ١٨٥٤دا، مارکس لێکۆڵینەوەیەکی چڕی لە ڕووداوەکانی شۆڕشەکانی ئیسپانیای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم ئەمجام دا بۆ ئەوەی تێگەیشتنی خۆی لە ماکی تایبەتیی شۆڕشی ئیسپانیا و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی قووڵتر بکاتەوە؛ مارکس نۆ وتاری لەبارەی شۆڕشەکانی بورژوازیی یەکەم (١٨٠٨-١٨١٢)، دووەم (١٨٢٠-١٨٢٣) و تا ڕادەیەکیش سێیەم (١٨٣٤-١٨٤٣) بۆ *نیۆیۆرک دەیلی تریبوون* نارد، کە لەوان تەنیا شەش وتاری یەکەمیان چاپ کران (وتارەکانی ٢٩ی سێپتەمبەر و ٢٠ی ئۆکتۆبەر لە چوار ژمارەی ڕۆژنامەیەکدا چاپ کران) – کەواتە بەگشتی هەشت وتار. ئەو سێ وتارەی مابوونەوە چاپ نەکران و دەستنووسەکەی نەدۆزراونەتەوە. بەس بڕگەیەکی بچووک لە دەقی دەستنووسەکە ماوەتەوە کە باسی هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی دووەم دەکات. وێدەچێت ئەمەیان بەشێک لەم هەشت وتارە بێت و لێرەدا لە بەشی ٩دا دامان ناوە.

وتارەکانی "ئیسپانیای شۆڕشگێڕ" لە ساڵی ١٩١٣دا لەلایەن پەخشانگەی لاوێرانس و ویسهارت و هەروەها ئیسپانیای ئینتێرناسیۆناڵ بە زمانی ئینگلیزی سەرلەنوێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.[1]

1. لەم وەرگێڕانەدا هەندێک لە وشەکان هەر بە هەمان زمانی ئیسپانیایی نووسراونەتەوە، چونکە خودی مارکسیش هەر وشە ئیسپانیاییەکەی بەکار هێناوە. ئەو وشانەی کە خراونەتە نێو [ ] هیی چاپی نوێی ئینگلیزییەکەیەتی و ئەوانەی خراوەتە نێو [[ ]] هیی وەرگێڕی کوردییە و بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لە واتای دەقەکە دانراوە. وەرگێڕ.

## ١

## [ڕووپێوێک لە مێژووی شۆڕشگێرانەی ئیسپانیا لە سەرەتا تا سەدەی نۆزدە]

وا دیارە کە شۆڕش لە ئیسپانیا هەتاکوو ئەمڕۆکە بارودۆخێکی هەتاهەتایی بەخۆیەوە گرتووە؛ هەروا کە هەواڵنێری ئێمە لە لەندەن [ئا. پولزسکی[1]] پێی ڕاگەیاندووین، چینە دارا و کۆنزێرڤاتیڤەکان دەستیان داوەتە کۆچکردن بەرەو فەڕەنسا بۆ ئەوەی لە ئاسایشدا بژین. ئەمە شتێکی سەیر نییە؛ ئیسپانیا هەرگیز مۆدێلی شۆڕشی فەڕەنسەی مۆدێرنی بە خۆیەوە نەگرتووە کە بەگشتی لە ١٨٤٨دا باو بوو؛ واتە ئەو مۆدێلەی کە دەسپێک و تەواوبوونی شۆڕشەکەی سێ ڕۆژ بخایێنێت. هەوڵەکانی لەو بووارەدا زۆر ئاڵۆزن و زۆریش دوور و درێژن. سێ ساڵ وا دیارە کەمترین ماوەیەک بێت بۆ ئەوەی خۆی تێدا قەتیس بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە سووڕی شۆڕشەکەی هەندێک جار تا نۆ ساڵیشی خایاندووە. کەوابوو، یەکەم شۆڕشی ئیسپانیا لەم سەدەیەدا لە ١٨٠٨ تاکوو ١٨١٤ی خایاند؛ دووەمیان لە ١٨٢٠ تا ١٨٢٣ وە سێیەمیان لە ١٨٣٤ هەتاکوو ١٨٤٣. پێشبینی ئەوەی کە ئەم شۆڕشەی ئێستاکەی ئیسپانیا چەندە دەخایێنێت یان دەگاتە چ دەرەنجامێک، بۆ ژیرترین سیاسەتڤانەکانیش مومکین نییە. بەڵام دەکرێت بڵێین کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەورووپا، تەنانەت لە جەنگی تورکیا و ڕووسیاشدا، جێگەیەک نییە کە وەک ئیسپانیای ئەمڕۆکە ئاوەها بابەتێکی جێی سەرنجی بۆ چاودێری بیرمەند تێدا بێت.

سەرهەڵدانە توندەکانی ئیسپانیا تەمەنیان بەقەد سەرکەوتن و داکەوتنی ئەو نووری دیدە و خۆشەویستانەی سەرای پاشایەتییە کە بەردەوام سەرهەڵدانەکان دژ بەوان بوون. بەم جۆرە، لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەیەمدا ئاریستۆکراسیی ئیسپانیا دژ بە شا ژوانی دووەم و خۆشەویستەکەی، واتە دۆن ئالڤارۆ دێ لۆنا[2]، ڕاپەڕی. هەر لە سەدەی پازدەیەمدا کۆمەڵێگ بزووتنەوەی گشتیی جیددیی دیکەیش دژ بە شا هێنری چوارەم و سەرۆکی ژووری ڕاوێژ و پیلانەکەی، واتە دۆن ژوان دێ پاچیکۆ[3]، مارکۆز دێ ڤێلینا[1]، سەریان هەڵدا. خەڵکی لیبسۆن لە

---

1. A. Pulszky
2. Don Alvaro de Luna
3. Don Juan de Pacheco

سەدەی ١٧دا واسکۆنسێلۆس، سارتۆریۆسی[2] جێگیری پادشای ئیسپانیایان لە پورتەغاڵ پارچە پارچە کرد، ڕێک بە هەمان شێوە کە ئەوان لە کاتەلۆنیا وایان لە خۆشەویستەکەی فیلیپی چوارەم بە ناوی سانتاکۆلۆما[3] کرد. لە کۆتایی هەر ئەو سەدەیەدا، لەژێر دەسەلاتداری کارلۆسی دووەم، خەڵکی مادرید دژ بە ژووری ڕاویێژی شاژن ڕاپەڕین؛ کە پێکهاتبوو لە کۆنتێس دێ بێرلیبسخ[4] و کۆنتس ئۆرۆپێسا و میگلار[5] کە بەسەر هەموو ئەو شمەکانەدا کە دەهاتنە نێو پایەتەختەوە باجێکیان هەڵدەبەست، داهاتەکەیشیان لەنێو خۆیاندا بەش دەکرد. خەڵک بەرەو کۆشکی پاشایەتی ڕۆیشتن، پادشایان ناچار کرد بێتە سەر باڵکۆنی سەراکەی و ژووری ڕاوێژی خۆی لۆمە بکات بۆ ئەو کارە خراپانەی کە کردوویانە. ئەوان دواتر بەرەو کۆشکی مانتس ئۆرۆپێسا و میگلار بەڕێ کەوتن و تالانیان کرد، ئاوریان تێ بەردا و هەوڵیان دا خاوەنەکانیان بگرن. بەڵام بەخت یاوەریان بوو و هەڵاتن، ئەویش هەڵاتنێک کە بوو بە دوورخستەوەیەکی هەمیشەیی. ئەم ڕووداوە کە سەرهەڵدانێکی توندی لە سەدەی پازدەدا لێ کەوتەوە، پەیمانێکی خائینانە بوو کە خۆشەویستەکەی هێنری چوارەم ، واتە مارکۆس دیڤێلێنا[6]، لەگەڵ پادشای فەڕەنسا بەستبووی؛ بەپێی ئەم پەیمانە، کاتەلۆنیا دەبێت بدرێت بە لوویسی یازدەیەم. سێ سەدە دوای ئەوە، پەیمانی ڤۆنتاینێلۆ[7]، لە ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٠٧دا بەسترا؛ بەپێی ئەم پەیمانە، تاقانەی کارلۆسی چوارەم و دڵداری شاژن بە ناوی مانۆوێل گۆدۆی[8]، ناسراو بە شای ئاشتی، لەگەڵ بوناپارت لەسەر پارچەپارچەکردنی پورتەغاڵ و چوونی سوپای فەڕەنسا بۆ ناو ئیسپانیا ڕێک کەوتن؛ ئەمە سەرهەڵدانێکی گشتیی خەڵکی مادرید دژ بە گۆدۆ، دەست لە کار کێشانەوەی کارلۆسی چوارەم، وەرگرتنی تاج و تەخت لەلایەن کوڕەکەیەوە فێردیناندی حەوتەم، هاتنی سوپای فەڕەنسا بۆ ناو ئیسپانیا و، بە دوایشیدا جەنگی سەربەخۆیی لێ کەوتەوە. بەم جۆرە، شەڕی سەربەخۆیی ئیسپانیا بە سەرهەڵدانێکی گشتی دژ بە ژووری ڕاوێژ دەستی پێکرد، پاشان لە دۆن مانوێل گۆدۆدا خۆی بەدیار خست؛ ڕێک بە هەمان شێوە کە جەنگی ناوخۆی سەدەی پازدەیەم بە سەرهەڵدانێک دژ بە ژووری ڕاوێژ دەستی پێ کرد و پاشان لە کەسایەتیی کارلۆس دێ ڤیلێنادا خۆی نیشان دابوو. کەواتە، بە

1. Marquis de Villena
2. Sartorius
3. Santa Coloma
4. Countess de Berlepsch
5. Counts Oropesa and Melgar
6. Marquis de Villena
7. Fontainebleau
8. Don Manuel Godoy

هەمان شێوە، شۆڕشی ١٨٥٤یش بە سەرهەڵدانێک دژ بەم ژووری ڕاوێژ و پیلانە دەستی پێ کرد و لە کەسایەتیی کۆنت سان لوویسدا[1] خۆی نواند.

سەرەڕای ئەو هەموو ڕاپەڕینە، هەتاکوو ئەم سەدەیە شۆڕشێکی جیدی لە ئیسپانیا ڕووی نەداوە جگە لە جەنگی یەکیەتیی پیرۆز[2] لە سەردەمی کارلۆسی یەکەم، یان ئەو جۆرەی کە ئەڵمانییەکان نێویان نابوو کارلۆسی پێنجەم. وەک هەمیشە، بیانووی ڕاستەوخۆیان لەلایەن تاقمێکەوە بۆ ساز دەبوو کە بە پشتیوانی کاردینال ئادریان[3]، جێگیری پاشایەتی، کە خۆی فلێمینگی[4] بوو، کاستێلین[5]ەکانی بە کردەوەی پڕ لە سووکایەتیی تاڵانکەرانی خۆیان، بە فرۆشتنی پۆست و مەقامە گشتییەکان بە بەرزترین نرخ و، بە قاچاخیی ئاشکرا لە دۆسییە و سکاڵانامەکاندا ورووژاند. ئەم دژایەتییە لەگەڵ ژووری ڕاوێژی فلاندێری، تەنیا لایەنی ڕووکەشی بزووتنەوەکە بوو. ئەمانە لە بنەڕەتدا جۆرێک بوون لە بەرگری کردن لە ئازادییەکانی سەدەکانی چاخی ناوین لەبەرانبەر زێدەگاڤییەکانی ڕەهاخوازیی مۆدێرن[6].

بنەما مادییەکانی مۆنارشی ئیسپانیا لە یەکیەتیی ئاراگۆن، کاستیل و گرانادا[7] لەژێر دەسەڵاتی فێردیناندی کاتۆلیک و ئیسابێلای یەکەم[8] دا خۆی شاردبوەوە، کە لەوێدا چارلزی یەکەم هەوڵی دا ئەو مۆنارشییە فیۆدالییە بۆ مۆنارشییەکی ڕەها بگۆڕێتەوە. ئەو لە هەمان کاتدا هێرشی کردە سەر دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ئازادیی ئیسپانیا واتە کۆرتێز[9] [[یان ئەنجومەنی شووڕای نەتەوەیی]] و ئایۆنتامینتۆس[10] [[واتە هۆڵی شار]] - کە یەکەمیان فۆرمی چاکسازیکراوی ژووری ڕاوێژی گوتیکی کۆنی هەبوو و، ئەوی تر بەبێ پچڕان لە سەردەمانی ڕۆماوە گواسترابووەوە؛ ئایۆنتامینتۆس تێکەڵەیەک لە خەسڵەتی میراتی و هەڵبژاردنی میرنشینەکانی ڕۆمای تێدایە. هەروەک خۆبەڕێوبەرایەتیی میرنشینەکان[11]، شارۆچکەکانی ئیتالیا، پرۆڤێنس[12]، گاولی باکوور[13]، بریتانیای گەورە و بەشێک لە ئەڵمانیا، هاوشێوەییەکی زۆریان لەگەڵ دۆخی شارۆچکەکانی دواتری ئیسپانیا هەبوو؛ بەڵام نە ئەنجومەنە گشتییەکانی

1. Count San Luis
2. Holy League
3. Cardinal Adrian
4. Fleming
5. Castilians
6. Modern Absolutism
7. Aragon, Castile and Granada
8. Ferdinand the Catholic, and Isabella I
9. Cortes
10. *Ayuntamientos*
11 Principality self - government
12 Provence
13. Northern Gaul

فەرەنسا[1] نە پارلەمانەکانی سەدەکەنی ناوەڕاستی بریتانیا، لەگەڵ کۆرتێزەکانی ئیسپانیا بەراورد ناکرێن. لە پرۆسەی دروستبوونی پاشایەتیی ئیسپانیادا کەش و هەوایەک زاڵ بوو کە بەتایبەتی لەگەڵ کەم و کورتییەکانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا گونجاو بوو. لە لایەکەوە، لە ماوەی ئەو ململانێ دوورودرێژەی کە لەگەڵ عەرەبەکان هەیانبوو بەشگەلێکی بچووک لە پێنینسۆلا[2] بووژانەوە و پاشایەتیگەلێکی سەربەخۆیان دامەزراند. لەم ململانێ و پێکدادانانەدا بوو کە یاسا و داب و نەریتە گشتییەکان پێک هێنران. ئەو سەرکەوتنە بەردەوامانە کە بە یارمەتیی نەجیزادەکان دەستەبەر کران، دەسەڵاتی ئەوانی گەلێک زۆرتر کرد و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی شاهانەیانی لاواز کردەوە. لە لایەکی دیکەوە، شار و شارۆچکەکانی نێو سنوور بەرەو دەرەنجامێکی گەورە دەچوون، خەڵک لە ڕووی موحتاجییەوە خۆیان لە دۆخێکدا بینی کە لەپاڵ یەکتر لە شوێنێکی پڕدەسەڵاتدا بژین، بەم جۆرە لە بەرانبەر هێرش بەردەوامەکانی مسوڵمانەکانی باکووری ئەفریقا لە ئاسایشدا دەبوون. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە فۆرمی [[جوگرافیی]] نیمچەدوورگەیی ئەم وڵاتە و تێکەڵاویی لەگەڵ پرۆڤێنس و ئیتاڵیا، کۆمەڵێک شاری دەریایی و بازرگانی پلە یەکەمی لە کەناراوەکاندا بۆ ساز کردن. لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمدا، ئەم شارانە یەکێک لە بەهێزترین بەشەکانی کۆرتێزیان پێک دەهێنا کە لە نوێنەرانی خۆیان و نوێنەرانی پیاوانی ئایینی و کەسایەتییە نەجیبەکان پێک هاتبوون. هەروەها باش وایە ئاماژە بەوە بدەین کە بووژانەوەی ئارامی ئەم وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی مسوڵمانانی باکووری ئەفریقا، لە ڕێگەی ململانێیەکی کەللەڕەقانە لە ماوەی نزیکەی ٨٠٠ ساڵدا خەسڵەتێکی بە پێنینسۆلا بەخشیبوو کە کاتێک کە بەتەواوەتی ڕزگار کرا جیاواز بوو لە ئەورووپای هاوچەرخی خۆی؛ واتە، لە سەردەمی هەستانەوەی ئەورووپییەکاندا، ئیسپانیا خۆی لە دۆخێکدا بینییەوە کە لە لایەکەوە لە گووتز[3] و ڤاندالەکانی[4] باکوور دەچوو، لە لایەکی ترەوە لە عەربەکان لە باشوور.

چارڵزی یەکەم کاتێک لە ئەڵمان، کە لەوێ شانازیی پاشایەتی پێ بەخشرابوو، گەڕایەوە، کۆرتێز لە ڤالادۆلید[5] کۆبووەوە بۆ ئەوەی سوێندی ئەو بە یاسا کۆن و کەونارایییەکان وەربگرێت و خۆی بۆ تاج و تەختی پاشایەتی تەرخان بکات. چارڵز نەیویست خۆی دەرکەوێت و بچێتە کۆرتێز، هەر بۆیە نوێنەرە پایەبەرزەکانی خۆی نارد بۆ ئەوەی بەڵێن و سوێندی

---

1. French States General: لە ڕێژیمی کۆنی فەرەنسەدا، States-General ئەنجومەنگەلێکی یاسادانەر بوون کە سەر بە چین یان Statesە جۆرەبەجۆرەکانی کۆمەڵگا (پیاوە ئایینییەکان، نەجیبەکان، خەڵکی ئاسایی) بوون. (وەرگێڕ)

2. Peninsula
3. Goths
4 Vandals
5. Valladolid

وەفاداری لە کۆرتێز وەربگرن. بەڵام کۆرتێز ئامادە نەبوو ئەم نێردراوانە وەربگرێت، هەر بۆیە بە پادشایان گوت کە ئەگەر خۆی ئامادە نەبێت و سوێند بە یاساکانی وڵات نەخوات هەرگیز وەک پادشای ئیسپانیا ڕای ناگەیێنن. چارڵز خێرا تەسلیم بوو: لە بەردەم کۆرتێزدا ئامادە بوو و سوێندی خوارد؛ وەک مێژوونووسان دەڵێن بە بەختێکی ڕەش و خراپەوە. کۆرتێز لەم دەرفەتەدا بە پادشای گوت: "سینیۆر، دەبێت ئەمە بزانیت کە پادشا جگە لە خزمەتکارێکی مووچەگری وڵات چی تر نییە." ئەم شتە بوو بە سەرەتایەک بۆ دوژمنایەتیی چارڵزی یەکەم لەگەڵ شارۆچکەکان. لە ئاکامی پیلانەکەیدا کۆمەڵێک ڕاپەڕینیی جۆراوجۆر لە کاستیل[1] ڕووی دا، یەکیەتیی پیرۆزی ئاڤیلا[2] پێک هات و شارە هاوپەیمانەکان بانگهێشت کران بۆ ئەنجومەنی کۆرتێز لە تۆردێسیلا[3]، واتە ئەو شوێنەی کە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٥٢٩دا "نارەزایەتییەک دژ بە کردەوە ناڕەواکانیان" هاتە ئاراوە کە پێشتر پادشایان لێی ئاگادار کردبووەوە، کە لە قەرەبوویدا پادشا هەر هەموو نوێنەرەکانی لە مافە تاکەکەسییەکانیان بێبەش کرد. بەم شێوەیە، هەڵگرسانی جەنگی ناوخۆ بووبوو بە شتێکی حەتمی؛ خەڵکی ئاسایی دەستیان دایە چەک؛ سەربازەکان لەژێر فەرماندەیی پادیلا[4] هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی تۆرێ لێباتۆن[5]، بەڵام لە کۆتاییدا لەبەرانبەر هێزە باڵادەستەکاندا لە جەنگی ڤیلالار[6] لە ٢٣ی ئەپریلی ١٥٢١دا شکستیان هێنا. سەرکردە "پیلانگێڕە" سەرەکییەکان لە سێدارە دران و ئازادیخوازە کۆنەکانی ئیسپانیایش ون بوون.

کۆمەڵێک هەلومەرج دەستیان دا بە دەستی یەکەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی ڕەهاخواز سەر هەڵبێنێت. نەبوونی هاوپەیمانێتی لە نێوان پارێزگا جۆربەجۆرەکاندا ڕێگەی نەدەدا هەوڵەکانیان ئەو هێز و وزە پێویستە کە دەبوا بیانبێت بە دەست بهێنێت؛ بەڵام، لە سەرووی هەموویانەوە دوژمنایەتییەکی توندوتیژتری لە نێوان چینی نەجیبەکان و شارۆمەندانی شارۆچکەکان دروست کرد و چارڵز [[ئەم دوژمنایەتییەی]] بۆ لاوازکردنی هەر دوو لایان بەکار دەهێنا. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە لە سەدەی چواردەیەمدا شارۆچکەکان بەردوام کارتێکەرییان لەسەر کۆرتێز هەبووە و، هەر لە فێردینانەدی کاتۆلیکەوە برایەتیی پیرۆز (سانتا هێرماندداد)[7] سەلماندوویەتی کە ئامرازێکی بەهێزە لە دەستی شارۆچکەکاندا دژ بە نەجیبەکانی کاستیل؛ واتە ئەو کەسانەی کە ئەوانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە دەستدرێژییان کردوەتەوە سەر سەروەری

1. Castile
2. Holy League of Avila
3. Tordesillas
4. Padilla
5. Torre Lobaton
6. Villalar
7. Holy Brotherhood (Santa Hermandad)

و پانتایی دەسەڵاتی ئەوان. کەواتە، لە پڕۆژەی پشتیوانیکردن لە یەکیەتیی پیرۆزدا نەجیبایەتی بە ئـامێزێکی کـراوەوە هــات بە هانــای کارلۆســی یەکەمەوە. کارلۆســی یەکەم، بەرخــۆدانە چەکـدارییەکەی ئەوانــی تێـک شــکاند و هەوڵــی دا ســەروەری و مــافی تـایبەتی میرنشــینیی شـارۆچکەکان کەم بکـاتەوە، کـە بەخێرایـی خەریـک بـوون دانیشـتووان و سـەروەت و پێگـەی گرنگی خۆیـان دەدۆڕاند و کـارتێکەری خۆیـان لەسـەر کۆرتێز لە دەسـت دەدا. کـارلۆس ئێسـتە هانـای بـۆ نەجیبزادەکـان هێنـاوە، ئەو کەسـانەی کە لە شکسـتی ئازادیخوازەکـانی شـارەکاندا یارمەتییان داوە، بەڵام هەر ئەو کەسانەیشن کە پێکەوە گرینگییەکی سیاسـی زۆریـان وەدەسـت هێنابوو. لە ساڵی ١٥٣٩دا لەسـەر کـەمیی پـارە ڕاپەڕینێـک لەنێو هێزەکانی سـوپادا ڕووی دا و، ناچاری کرد کۆرتێز کۆ بکـاتەوە و داوای تەرخـان و کۆکردنەوەی پارەیـان لـێ بکـات؛ ئەمە لە کاتێکـدا بـوو کە کـۆرتێز لەو خەرجـانەی کە پادشـا لە دەرەوەی بەرژەوەنـدییەکانی ئیسـپانیا کردبـووی دڵگران و نـاڕازی بـوو، هەر بـۆیە هەر چەشـنە یـارمەتییەکی ڕەت کـردەوە. کـارلۆس لەوان زیـز نەبـوو. نەجیبزادەکـان بەردەوام داکۆکیـان لەسـەر ئەوە دەکـرد کە باجەکانیـان پـێ ببەخشرێت. ئەو وتی ئەو کەسانەی کە ئەم داخوازییەیان هەیە نابێت بێنەوە نـاو کۆرتێزەوە و، بەم شێوەیە ئەوانی لە کۆرتێز دوور خستەوە. ئەمە گورزێکی کوشندە بوو بۆ کۆرتێز، وە لەوە بەدوا کۆبوونەوەکانیــان زۆرتــر شــێوازی شــانۆی بە خــۆوە گرتبــوو. ســێیەمین بــڕگە لە دەستووری بنەڕەتیی کۆنی کۆرتێز بە کورتی ئەمە بوو: پیاوە ئایینییەکان، واتە ئەو کەسـانەی کە لە سەردەمی فێردیناندی کاتۆلیکەوە نێویان لەژێر ئـاڵای دادگـای لێکۆڵینەوەی بیروبڕواکاندا نووســرابوو، ســاڵانێکی زۆر بــوو وازیــان لەوە هێنــابوو کە بەرژەوەنــدییەکانی خۆیــان بە بەرژەوەنــدییەکانی ئیســپانیای فیــۆدالەوە ببەســتنەوە. بەپــێچەوانەوە، بە یــارمەتیی دادگــای لێکۆڵینەوەی بیروبڕواکان، کەلیسا بوو بە ترسناکترین ئامرازی ڕەهاخوازی.

ئەگەر لەپاش حکوومەتی کارلۆسـی یەکەم پووکانـەوەی ئیسـپانیا، لـە هـەر دووک ڕەهەنـدی سیاسـی و کۆمەڵایەتییەوە، هەموو نیشـانەکانی گەندڵیی بێشەرمانەی لە خراپترین سەردەمەکانی دەسەڵاتداریی ئیمپراتووریی تورکدا قیزەونامە لە خۆیدا نیشان دابوو، ئەوا لەژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتوورییەدا لانیکەم ئازادیخوازە دێرینەکـان لەنێو گۆڕێکی پڕشکۆدا نێژرابوون. ئەمە ئەو کاتە بوو کە واسکۆ نونێس دێ بالبوئا[1] لە کەناراوەکانی دارییێن[2]، کۆرتێز لە مێکزیکۆ[3] و پێزارۆ لـە پێـروو[4] ئـاڵای کاسـتیلیان چەقانـد؛ واتە ئەو کـاتەی کە دەســەڵات و کـارتێکەریی ئیســپانیا

1. Vasco Núñes de Balboa
2. Darien
3. Cortés in Mexico
4. Pizarro in Peru

باڵادەستترین دەسەڵات لە ئەورووپا بوو و، خەون و خەیاڵی باشوورییەکان لە ئیبرییەکان[1] بە هێنانی ناوی ئێلدۆرادۆس[2]، فەرمانده نەترسە جوانمێرەکە و مۆنارشی جیهانگیر، دەشڵەژا. ئازادی ئیسپانیا لەژێر سێبەری پێکدادانی سوپاکاندا و لەژێر بارانی زێڕ و ئاڵتووندا و لەژێر چراخانی ترسناکی جێبەجێکردنی سزاکاندا[3] لە ناو چوو.

بەڵام، زۆرتر لە سێ سەدە دوای پاشایەتیی هابسبوورگ[4]، کە بە دوایدا پاشایەتی بۆربۆن[5] هات - وە هەر یەک لەوان بەقەد خۆیان بۆ قەڵاچۆکردنی خەڵک بەس بوون — ئێمە چۆن دەتوانین شرۆڤەی ئەم دیاردەیە بکەین لە کاتێکدا کە لەپاش هەموو ئەمانە ئازادیخوازە شارییەکانی[6] ئیسپانیا بە دەگمەن ماونەتەوە؟ وە ئاخۆ لە وڵاتێکدا کە هەموو دەوڵەتە فیۆدالییەکانی مۆنارشە ڕەهاکان هەر لە سەرەتاوە لە تەواوترین فۆڕمی خۆیاندا سەریان هەڵداوە، ئاخۆ ناوەندخوازی قەت توانیویەتی ڕیشە دابکوتێت؟ وڵامەکەی دژوار نییە. لە سەدەی شازدەدا بوو کە مۆنارشە زەبەلاحەکان دروست بوون و لە هەموو شوێنێکدا خۆیان لەسەر ڕووخانی چینە دژبەیەکەکانی فیۆدال - ئەریستۆکراتەکان و شارۆچکەکان — سەقامگیر کرد. بەڵام، لە دەوڵەتە زەبەلاحەکانی دیکەی ئەورووپادا، مۆنارشیی ڕەها خۆی لە ناوەندە شارستانییەکاندا، واتە لە ڕیزی پێشەوەی یەکیەتیی کۆمەڵایەتیدا بەدیار خست. ئەوێ تاقیگەیەک بوو کە توخمە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە وەها لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بووبوون و ئیشیان دەکرد کە ڕێگەیان دا سەربەخۆیی و حکوومەتی ناوچەیی سەدەکانی ناوەڕاست بگۆڕدرێت و ببێت بە دەسەڵاتداریی گشتیی چینە مامناوەندەکان و هەڵبەز و دابەزی گشتیی کۆمەڵگەی مەدەنی. بە پێچەوانەوە، لە ئیسپانیا لە کاتێکدا کە ئەریستۆکراسی بێئەوەی ناحەزترین خەسڵەت و ئیمتیازەکانی لەدەست بدات خەریک بوو لەناو دەچوو، شارۆچکەکان دەسەڵاتی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆیان دەدۆڕاند بێئەوەی گرنگییەکی مۆدێرن بە دست بهێنن.

هەر لە سەردەمی دامەزراندنی مۆنارشیی ڕەهاوە، ئەوان لە بارودۆخێکی پڕ لە گەندەڵیدا سەریان هەڵداوە. لێرەدا نامانهەوێت باس لەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییە بکەین کە دارایی و پیشەسازی و سیستمی هاتوچوو و کشتوکاڵی ئیسپانیای ڕووخاند. بۆ مەبەستی ئێستاکەمان تەنیا وەبیرهێنانەوەی یەک واقیعیەت بەسە. کاتێک ژیانی شارۆچکەکان لە ڕووی دارایی و پیشەسازییەوە ڕووی لە خراپبوون نا، مامەڵە و ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکان بەدەگمەن ڕووی دەدا، تێکەڵبوونی دانیشتوانی پارێزگا جیاوازەکان کەمی کرد، بایەخێک بە ئامرازەکانی پێوەندی و

---

1. Iberians
2. Eldorados
3. auto-da-fe ڕێوڕەسمێک بوو لە ئیسپانیا کە لەژێر تیشکی چراخانێکی گەورەدا سزای تاوانبارەکانیان جێبەجێ دەکرد. (وەرگێڕ)
4. Habsburg
5. Bourbon
6. municipal liberties

هـاتوچوو نەدرا و ڕێگـا و جادەکـان هێـدی هێـدی بـوون بە بیابـان. کەواتە، ژیـانی نـاوچەیی ئیسپانیا، واتە سـەبەرەخۆیی پارێزگا و کۆمۆنەکان و دۆخـی هەمەڕەنگی کۆمەڵگەکەی هەر لە بنەڕەتـــدا لەســـەر بـــیچم و ڕوخســـاری جوغرافیـــایی ئەو وڵاتەدا دانرابـــوون، وە لە ڕووی مێـژووییەوە بە شـێوازێک گەشـەی کردبـوو کە لەودا چەنـدین پارێزگـا خۆیـان لە دەسـەڵاتی عەرەبەکانی باکووری ئەفریقا ڕزگار کردبوو و دەوڵـەتگەلێکی خـەڵکیی سـەربەخۆی بچووکیـان پێـک هێنـابوو – دەوڵەتگـەلێک کە لە کۆتاییدا ئەمـڕۆکە بەهـۆی شۆڕشـی ئـابوررییەوە بەهێـز کراوەنتەوە و دیانیان پێدا نراوە، [[ئەو شۆڕشەی]] کە سەرچاوەکانی چالاکی نەتەوەیی وشک کردبـــوو. وە کاتێـــک مۆنارشـــیی ڕەهـــا لە سیســـتمی مـــاددی ئیســـپانیادا ئەو سروشـــتە دژەسـانتڕالیزمەی دۆزییەوە، هەمـوو توانـای خـۆی خسـتە گەڕ بـۆ ئەوەی ڕێگـە لە زۆربـوونی قازانجی هاوبەش و هەموانی، لە ڕێگەی دابەشـکردنی نەتەوەیی کار و فراوانبـوونی ئـاڵوگۆڕی نـاوخۆ، بگرێـت– واتە هــەمان ئـەو بنەمایـەی کە لە سـەری تەنیـا یەک سیسـتمی یەکدەسـتی بەڕێوبەرایەتی و دەسـەڵاتداری گشـتیی یاسـاکان دادەمەزرێت. کەوابـوو، مۆنارشـیی ڕەهـا لە ئیسـپانیا تەنیـا هاوشـێوەییەکی ڕووکەشـیانەی لەگەڵ مۆنارشـەکانی ئەورووپـا بەگشـتی هەیە، بەڵام جیاوازییەکی زۆری لە شێوازە ئاسیاییەکانی دەوڵەت نییە. هەر وەک تورکیـا، ئیسـپانیایش کۆمەڵێک کۆماری خراپبەڕێوەچووی لێ بەجێ ماوە کە دەسـەڵاتدار یان حاکمێک بە سـەریەوە ڕاوەستاوە کە تەنیا ناوی هەیە. ئیستبداد خەسڵەتەکانی خۆی لە پارێزگا جیاوازەکاندا دەگۆڕی، ئەویـش لە ڕێـگەی تەفسـیری دڵخـوازانەی یاسـا گشـتییەکان لەلایەن قـایم مـەقامی پادشـا و شارەوانەکانیەوەیە؛ بەڵام، ئیستبداد بەهۆی ئەوەی کە خۆی بۆ خۆی حکوومەتێک بوو ڕێگەی لەوە نەگرت کە پارێزگاکان بە یاسا و ڕەسمی جیاواز و پارەی جیاواز و ئاڵای سـەربازیی بە ڕەنگـی جیـاواز و سیســـتمی تـــایبەتیی خۆیـــان لە بـــاج وەرگرتنـــدا، ژیـــان بەســـەر بـــبەن. ئیسـتیبدادگەریی ڕۆژهەڵاتی تەنیـا ئەو کـاتە هێرشـی کردە سـەر خۆبەڕێوەریی میرنشـینی، کە دژایەتـی لەگەڵ بەرژەوەنـدییەکانی کـرد؛ بەڵام، گەلێـک دڵخـۆش بـوو بەوەی کە ڕێـگە بەو دامەزراوانە بدات تا ئەو کاتەی کە دەتوانن و شانیان دەیکێشێت ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و بەڕێوبەرایەتیی یاسایی نەشێوێنن.

بەم جۆرە، بەهـۆی ئەمـانەوە بـوو کە ناپیلئۆن، وەک هەمـوو دەسـەڵاتدارە هاوچەرخەکـانی خـۆی، وڵاتـی ئیسـپانیای وەک جەسـتەیەکی بێگیـان دەبینـی، بـەڵام کاتێـک کـە زانـی دەوڵەتـی ئیسپانیا مردووە ئەمەیشی بینی کە کۆمەڵگەی ئیسپانیا لێوانلێوە لە ژیان و هەمـوو بەشـەکانی سەرڕێژە لە هێزی بەرخۆدان. بە بەستنی پەیمانی فۆنتانێبلۆ[1]، هێزەکانی خـۆی گەیانـدە مادرید؛

1. Fontainebleau

به بەتەماحخستنی خێزانی پاشایەتی بۆ دانووستان لە بایۆنی[1]، کارلۆسی شەشەمی ناچار کرد داخوازیی لەکارکشانەوەکەی خۆی وەربگرێتەوە و پاشان بە سەریدا حکوومەت بکات؛ ئەو فێردیناندی حەوتەمیشی هەر بە بەیاننامەیەک لەو شێوەیە ترساندبوو. کارلۆسی شەشەم لەگەڵ شاژنەکەی و شازادەی ئاشتی، خۆیان گەیاندە کۆمپییێگنی[2]؛ فێردیناندی حەوتەم و براکانی لە قەڵای ڤالێسای لە بەندیخانە کران، بوناپارت تاج و تەختی ئیسپانیای پێشکەش بە براکەی خۆی واتە ژۆزێف کرد و دەستەیەکی ئیسپانیایی لە بایۆنی کۆ کردەوە و دەستوورێکی بنەڕەتیی ئامادەی خستە بەر دەستیان. ئەو بە بینینی ئەوەی کە هیچ شتێک لە مۆنارشیی ئیسپانیایی زیندو نەماوە جگە لە خاندانێکی پاشایەتی داماو کە بەبێ کێشە هەموویانی دەستبەسەر کردبوو، بەتەواوی دڵنیا بوو کە دەستی بەسەر ئیسپانیادا گرتووە. بەڵام، تەنیا چەند ڕۆژ لەپاش هێرشە لەناکاوەکەی، هەواڵگەلێکی لە ڕاپەڕینی مادرید پێ گەیشت. ڕاستە کە مورات[3] ئەو ئاژاوەیەی بە کوشتنی ١٠٠٠ کەس لە خەڵک سەرکوت کرد؛ بەڵام کاتێک بە کۆمەڵکوژییەکەیان زانی، ڕاپەڕینێک لە ئاستۆریاس[4] ڕووی دا کە خێرا سەرانسەری ئەو پاشایەتییەی گرتەوە. دەبێت ئاماژە بەوەیش بدرێت کە ئەم یەکەم ڕاسانە هاوکاتانە ڕیشەی لە خەڵکی ئاسایی وەردەگرت، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە چینە "باشترەکان" بەتەواوەتی چووبوونە ژێر ئاوگی هێزە بیانییەکانەوە.

بەم شێوەیە ئیسپانیا خۆی بۆ ئەرکی شۆڕشگێڕانەی ئەم دواییەی تەیار کرد و پێی خستە ناو کێشە و ململانێیەکەوە کە لەم سەدەیەدا بوو بە هێمای گەشە و پێشکەوتن. ئەم واقیعیەتانە و ئەو کارتێکەرییانەی کە بەکورتی لەسەری دواوین هێشتا توانای ئەوەیان هەیە کە لە پێکهێنانی چارەنووسەکان و هیدایەتی وزە و پاڵنەرەکانی خەڵکدا دەور بگێڕن. ئێمە ئەمانەمان وەک شتێکی پێویست نەک هەر بۆ ڕێزنان لە قەیرانەکەی ئێستاکە بەڵکوو بۆ ڕێزنان لە هەموو ئەو کارانە و ئەو ئازارانە کرد کە لە سەردەمی داگیرکردنی ناپلێئۆنەوە هەتاکوو ئێستاکە ئەم وڵاتە کردوویەتی و چێشتوویەتی – قۆناغێک کە تاکوو ئێستە ٥٠ ساڵی ڕەبەقی بڕیوە. سەردەمێک کە هەرگیز ڕووداوی تراژیک و هەوڵی قارەمانانەی لێ نەبڕاوە – لە ڕاستیدا ئەم سەردەمە یەکێک لە بەرهەستترین و ڕێنوێنترین ڕووپەڕەکانی هەموو مێژووی مۆدێرنە.

---

1. Bayonne
2. Compiègne
3. Murat
4. Asturias

## ٢

## [دەرکردنی بوناپارتەکان و وەرگرتنەوەی پاشایەتیی ئیسپانیا]

ئێمە تا ئێرە ڕووپێوێکمان لە مێژووی شۆڕشگێڕیی ئیسپانیا هەتاکوو ئەمڕۆکە خستە بەری دەستی خوێنەر، ئەمەیشمان وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن و ڕێزنان لەو ڕووداوانە ئەنجام دا کە ئەم نەتەوەیە ئەمڕۆکە پێشکەشی بینەرانی ئەم جیهانەی دەکات. سەرنجڕاکێشتر لەوە و، ڕەنگە بە هەمان ڕێژە پڕبایەختر بۆ ڕێنوێنمیان، ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە گەورەیە بێت کە دەرکرانی بوناپارتییەکانی لێ کەوتەوە و، پاشایەتیی ئیسپانیای بۆ بنەماڵەیەک هێشتەوە کە داراییەکانیان هێشتا ماوەتەوە. بەڵام، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە، بەو ڕووداوە قارامانانە و بەو خۆپیشاندانە هەرمانانەی کە بۆ زیندوومانی ئەو خەڵکە ئەنجامیان دا کە بەرەو ئاویلکە دەڕۆیشتن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای هێرش و دەستدرێژییەکانی بوناپارت بۆ سەر ئەو نەتەوە. ڕەنگە هۆکاری تەواو بۆ سەرجەم ئەم ڕووداوانە سەرەتا لە پەیماننامەی تیلیستدا[1] گوترابێت کە لە ٧ی ژووڵای ١٨٠٧دا بەستراوە و، وەک دەگوترێت بە ڕێکەوتنێکی شاراوەی تەواوکەر کە پرینس کۆراکین و تالایران[2] واژۆیان کرد، توندوتۆڵتر کراوەتەوە. ئەم پەیمانە لە گۆڤاری *گاسێتای* مادرید[3] لە ٢٥ی ئەگۆستی ١٨١٢دا چاپ کرا و لەنێو هەموو ماددەکانیدا ئەمانە بەرچاوترن:

*مادەی یەک*: ڕووسیا ببێتە خاوەنی تورکیای ئەورووپا، هەروەها پەرە بە داراییەکانی لە ئاسیایش، ئەوەندەی ڕازیی بکات، بدات.

*مادەی دوو*: خانەدانی پاشایەتی بۆربۆن[4] لە ئیسپانیا و بنەماڵەی براگانزا[5] لە پۆرتەغاڵ دەست لە حوکمڕانی دەکێشنەوە. شازادەکانی بنەماڵەی بوناپارت دەست بەسەر هەر دوو پاشایەتییەکەدا دەگرن.

گریمان ئەم پەیمانە ڕاست بێت، کە دیارە کەس لەسەر ڕاستییەکەی گومانی نەکردووە، تەنانەت لەو بیرەوەری و یادداشتانەی پادشا ژۆزێڤ بوناپارتدا کە لەم دواییانەدا بڵاو

1. Tilsit
2. Prince Kurakin and Talleyrand
3. Madrid *Gaceta*
4. Bourbon
5. Braganza

کراوەتەوە؛ ئەم پەیمانە هۆکارێکی ڕاستەقینە بۆ دەستدرێژیی ساڵی ١٨٠٨ی فەڕەنسا بۆ سەر ئیسپانیا بووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بزووتنەوەکانی ئیسپانیا لەو سەردەمەدا بە گوریسێکی شاراوەوە بە چارەنووسەکانی تورکیاوە گرێ درابوون.

کاتێک، دوابەدوای کۆمەڵکوژییەکەی مادرید و دانووستان و مامەڵەکانی بایۆنێ، ڕاپەڕینە هاوکاتەکانی ئاستۆریاس، گالیسیا، ئەندۆلۆسیاو ڤالێنسیا پەرەی سەند و سوپای فەڕەنسا دەستی بەسەر مادریددا گرت، چوار قەڵای باکوور بە نێوی پامپلۆنا، سەن سێبەستیەن، فیگۆراس و بارسێلۆنا کەوتە دەستی بوناپارت و بە هەندێک بیانووی درۆیینەوە داگیری کردن؛ بەشێک لە سوپای ئیسپانیا دوور خرایەوە بۆ دورگەی فوونین[1]، واتە ئەو شوێنەی کە بۆ هێرشکردنە سەر سوێد دیاری کرابوو؛ لە کۆتاییدا، هەموو دەسەڵاتدارە دانراوەکان، سوپا، کەلیسا، کاربەدەستانی ماف و بەڕێوبەرایەتییەکان لەگەڵ ئەریستۆکراسی، تێکڕا پێکەوە خەڵکیان ئامۆژگاری دەکرد کە تەسلیمی هێزە بیانییەکان بن. بەڵام، ڕووداوێک هاتە پێش بۆ ئەوەی هەموو ئەو چەرمەسەرییانەی ئەو دۆخە قەرەبوو بکاتەوە. سپاس بۆ ناپێلئۆن؛ ئەم هەرێمە لە دەستی پادشا و بنەماڵەی پاشاییەتیی و دەوڵەتەکەی ڕزگار بوو. بەم جۆرە، ئەو لەمپەرە لاچوو کە وێدەچوو بەبێ ئەمە [[واتە هاتنی بوناپارت]]، ڕێگەی لە دەرکەوتنی وزەی خۆماڵیی خەڵکی ئیسپانیا دەگرت. ئەوان لەژێر دەسەڵاتی پادشاکانی خۆیاندا و لە بارودۆخە ئاساییەکاندا نەیاندەتوانی بەرخۆدانێکی ئەوتۆ بەرانبەر بە فەڕەنسەییەکان بکەن، ئەمە پێشتر لە جەنگە سەرشۆڕانەکانی ١٧٩٤ و ١٧٩٥دا سەلمێنرابوو.

ناپێلئۆن کەسانێکی هەرە پایەبەرزی لە ئیسپانیا بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لە بایۆنی دیداریان لەگەڵی ببێت و، پادشا و دەستوورێکی بنەڕەتی لە دەستی وەربگرن. جگە لە چەند کەسی دەگمەن نەبێت هەمووان چوونە خزمەتی بوناپارت. لە ٧ی جوونی ١٨٠٨دا شا ژۆزێڤ نوێنەرایەتیی نەجیبزادەکانی ئیسپانیای گرتە ئەستۆ، کە بە ناوی ئەوەوە دووکی ئینفانتادۆ[2]، واتە نزیکترین دۆستی فێردیناندی حەوتەم، بەم شێوەیە قسەکانی پێشکەش کرد:

"گەورەم، نەجیبزادەکانی ئیسپانیا هەمیشە بۆ ئەو وەفادارییەی کە بۆ سەرۆک و دەسەڵاتدارەکانی خۆیان هەیانبووە، بەناوبانگ بوون؛ ئێستەیش بەڕێزتان جەنابی خاوەنشکۆیش هەر لەو ڕاستی و پشتیوانییە سوودمەند دەبن."

ئەنجومەنی شاهانەی کاستیل ژۆزێفی بەستزمانی دڵنیا کردەوە کە "ئەو لقی سەرەکیی بنەماڵەیەک بووە کە خوداوەند بۆ دەسەڵاتداری دیاری کردوون." سووکتر لەو پیرۆزباییەی

1. Fünen
2. Duke of Infantado

کە دوک دێل پارکۆ[1]، سەرۆکی وەفدی نوێنەرایەتی سوپا کردی هەتاکوو ئێستا هەر نەبووە. لە ڕۆژی دوای ئەوە، هەر ئەو کەسانە ڕاگەیاندنێکیان بڵاو کردەوە کە لەوێدا باسی تەسلیمبوونی گشتی بە پاشایەتی بوناپارتیان ڕاگەیاندبوو. لە ٧ی ژووڵای ١٨٠٨دا یاسایەکی بنەڕەتیی نوێ لەلایەن ٩١ کەس لە پایەبەرزترین کەسایەتییەکانی ئیسپانیاوە واژۆ کرا؛ لەنێو ئەواندا دووکەکان، کۆنتسەکان و مارکۆسەکان و هەروەها چەندین سەرۆکی ڕێکخراوە ئایینییەکان ئامادە بوون. لە کاتی مشتومڕ لەسەر دەستوور، هەر هەموویان گازندەیان لەوە دەکرد کە مافە تایبەتە دێرینەکانیان و هەروەها پێبەخشراوەکانیان بەبۆنەی ئەم دەستوورە نوێیەوە دەفەوتێت. یەکەم وەزیر و یەکەم بنەماڵەی پاشایەتیی ژۆزێف هەر ئەو کەسانە بوون کە وەزیر و بنەماڵەی پاشایەتیی فێردیناندی حەوتەمیان پێک هێنابوو. هەندێک لە ئەندامانی چینی باڵادەست ناپێلئۆنیان وەک بووژێنەرەوەی داهاتووبینی ئیسپانیا دەبینی؛ کەسانێکی تر ئەویان وەک تاقە دیوارێک لە بەرانبەر شۆڕشدا دەبینی؛ کەس بڕوای بەوە نەدەکرد کە ئەو شانسێک بێت بۆ بەرخۆدانی نەتەوەیی.

کەواتە، هەر لە سەرەتای دەسپێکی جەنگی سەربەخۆیی ئیسپانیاوە نەجیبزادە پایەبەرزەکان و بەڕێوبەرایەتییە کۆنەکان هەموو داراییەکانیان بە خەڵک و چینە مامناوەندییەکان دۆڕاند، چونکە هەر لە سەرەتا و دەسپێکی ململانێکانەوە ئەوانیان جێ هێشتبوو. لە بەرەیەکدا *ئافرانسێسادۆس*[2] (ئەوانەی خووی فەڕەنسییان گرتبوو) ڕاوەستابوون و لە بەرەیەکدا نەتەوە. لە والادۆلید، کارتاجێنا، گرانادا، جین، سان لۆکار، کارۆلینا، سوداد ردریگۆ، کادیز و ڤالێنسیا، پایەبەرزترین ئەندامەکانی دەوڵەتی کۆن - واتە شارەوانەکان و ژەنەڕاڵەکان و هەموو کەسایەتییە پایەبەرزەکان کە وەک ڕاسپاردەی فەڕەنسا و بەربەستێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی دەبینران- بوون بە قوربانییەکانی خەڵکی تووڕە. لە هەموو شوێنێکدا دەسەڵاتدارەکان لەسەر کار لا بران. چەند مانگ بەر لە سەرهەڵدانەکە، لە ١٩ی مارسی ١٨٠٨دا، بشێوییەکی گشتی لە مادرید ڕووی دا؛ دەیانویست *ئێل کۆریسێرۆ*[3] (بەرهەمهێنەری سوسیس، نازناوی گۆدۆی) و دەوروبەرە نەگبەتەکانی لە پۆستەکانیان لابەرن. ئەمە بوو بە بابەتێک لە ئاستی نەتەوەییدا و، لەگەڵیدا شۆڕشی ناوخۆ ئەنجام درا تا ئەو شوێنەی کە کۆمەڵانی گشتیی خەڵک سەریان لێی سووڕ مابوو و ئیتر پێوەندی بە بەرخۆدان لەبەرانبەر هێزە هێرشبەرە بیانییەکانەوە نەمابوو. بەگشتی، وا دەردەکەت کە ئەم بزووتنەوەیە نەک دژ بە شۆڕش بەڵکوو *لەبۆ* شۆڕش بێت. ڕاگەیاندنی سەربەخۆبوونی ئیسپانیا لە فەڕەنسا بوو بە

1. Duke del Parque
2. *Afrancesados*
3. *El Choricero*

بابەتێکی نەتەوەیی؛ لە هەمان کاتدا بە دانانی فێردیناندی حەوتەمی "خۆشەویست" لەبەرانبەر ژۆزێف بوناپارتدا، بوو بە بابەتێکی خانەدانی؛ بە دانانی دامەزراوە و داب و نەریت و یاسا کۆنەکان لەبەرانبەر داهێنانە عەقڵانییەکانی ناپێلئۆندا، بوو بە جۆرێک لە کۆنەپەرستی؛ بە دانانی "ئایین پیرۆز" لەبەرانبەر ئەو شتەدا کە ئیلحادی فەڕەنسەییان پێ دەگوت، یاخود ڕووخاندنی مافە تایبەتەکانی کەلیسای ڕۆما، بوو بە بابەتێکی خوڕافی و موتەعەسیبانە. قەشەکان کە لەو چارەنووسەی کە برادەرەکانیان لە فەڕەنسا تووشی بووبوون ترسابوون، هاوسۆزیی گشتیی خۆیان بۆ خەڵک زۆرتر و زۆرتر کردبوو، بەو مەبەستەی کە خۆیان بپارێزن.

ســــووتێی[1] دەڵێــــت "بەو ڕۆنە پیــــرۆزەی خوڕافــــات، بڵێســــەی ئــــاگری نیشتمانپەروەری بەرزتر دەبێتەوە."

هەموو ئەو جەنگانەی سەبەخۆیی کە دژ بە فەڕەنسا دەستی پێ کردبوو بەگشتی جێ پەنجەی ژیانەوەیان پێوە بوو و، لە هەمان کاتدا تێکەڵ بە کۆنەپەرستیش بووبوون؛ بەڵام ئەمانە لە هیچ شوێنێکدا بەقەد ئیسپانیا نەبوو. پادشا لە خەیاڵی خەڵکدا وەک پرەنسێکی ڕۆمانتیک بوو کە بە توندی ئازار درابوو و لەلایەن دز و جەردە گەورەکانەوە دەستبەسەر کرابوو. خۆشترین و پەسندکراوترین سەردەمی ڕابردووی ئەوان بە هەندێک نەریتی پیرۆز و پڕ لە موعجیزەی جەنگی خاج دژ بە هیلالی مانگەوە دەوری گیرابوو؛ وە بەشێکی گەورە لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەوە ڕاهاتبوون کە جلوبەرگی سواڵکەری لەبەر بکەن و لەژێر میراتی پیرۆزکراوی کەلیسادا بژین. نووسەرێکی ئیسپانی بەنێوی *دۆن ژوسێ کلێمانت کارنیسێرۆ*[2] لە ساڵی ١٨١٤دا تاکوو ١٨١٦ زنجیرە نووسراوەیەکی لەژێر ناوەکانی *ناپێلئۆن؛ دۆنکیشۆتی ڕاستەقینەی ئەورووپا*؛ *ڕووداوە گەورەکانی شۆڕشی شکۆمەندی ئیسپانیا*؛ وە *دادگای پشکنینی باوەڕەکان بەحەق دامەزرایەوە*، بڵاو کردەوە. هەر ئەوەندە بەستە کە سەرنج بدەینە ناوی ئەم کتێبانە بۆ ئەوەی لەم ڕەهەندە لە شۆڕشی ئیسپانیا تێبگەین کە ئێمە لە ڕێگەی کۆمەڵێک مانیفیستۆی ئەنجومەنە دەسەڵاتدارەکانی پارێزگاکان زانیاریمان لێی بەدەست هێناوە، هەموویان پاشایەتییان ڕاگەیاند، ئایینی پیرۆزی خۆیان و وڵاتی خۆیان ڕاگەیاند و تەنانەت هەندێکیان بە خەڵکیان دەگوت:

"هیواکانیان بۆ جیهانێکی باشتر لە مەترسیدایە، مەترسییەکی نزیک."

1. Southey
2. *Don José Clemente Carnicero*

بەمحاڵە، ئەگەر خێڵی جووتیارەکان، دانیشتووانی شارە بچووکەکانی ناوخۆ و، سوپایەکی گەورە لە سواڵکەرەکان، عابادار و بێ عابا، هەموویان لەژێر کاریگەریی قووڵی لایەنگریی سیاسی و ئایینیدا بوون، لە هەمان کاتدا پێکهێنەری بەشێکی گەورە لە پارتی نەتەوەییش بوون؛ لە لایەکی ترەوە، کەمینەیەکی چالاک و بەدەسەڵاتیان تێدا بوو کە هەستانەوەی گشتی دژ بە دەستدرێژییەکانی فەڕەنسەیان وەک نیشانەیەک بۆ ژیانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئیسپانیا دەبینی. ئەم کەمینەیە بریتی بوون لە دانیشتووانی بەندەرەکان، شارۆچکە بازرگانییەکان و بەشێک لەو پایەتەختانەی کە لەژێر دەسەڵاتی چارڵزی پێنجەم و لەژێر کارتێکەریی بارودۆخی ماددی کۆمەڵگەی مۆدێرندا تا ڕادەیەک گەشەیان بە خۆیان دابوو. ئەمان بەهۆی بوونی هەندێک لە کەسانی ڕاهێنراو و پەروەردەکراوی چینەکانی باڵا و مامناوەند، وەک نووسەرەکان، پزیشکەکان، پارێزەرەکان و تەنانەت قەشەکان، بەهێز بووبوونەوە، کە بۆ ئەوان چیاکانی پیرنێ[1] سنوورێکی باش نەبوو بۆ ئەوەی ڕێگە لە دزەکردنی فەلسەفەی سەدەی هەژدە بگرێت. ڕەنگە یەکێک لە مانیفیستۆ بەناوبانگەکانی ئەو تاقمە ئەو یادداشتە بێت کە ژۆڤێلانۆس[2] سەبارەت بە چاکسازیی یاسای کشتوکاڵ و وەرزێری نووسیویەتی، کە لە ١٧٩٥دا بڵاو کرایەوە و بە فەرمانی ئەنجومەنی کاستیلی پاشایەتی، چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لە کۆتاییدا گەنجانی چینەکانی مامناوەند، بۆ وێنە خوێندکارانی زانکۆ، کە بەوپەڕی حەزەوە بە شوێن بنەما و ئامانجەکانی شۆڕشی فەڕەنسا کەوتبوون، ڕاوەستابوون؛ ئەوان کەسانێک بوون کە بۆ ماوەیەک چاوەڕێی ئەوە بوون کە وڵاتەکەیان بە یارمەتیی فەڕەنسا ببووژێتەوە.

تا ئەو کاتەی کە بەرگریکردنی هەمووانی لە وڵات وەک ئامانجێک لە گۆڕێدا بوو، ئەم دوو بەشە گەورەیەی پارتی نەتەوەیی، بە یەکگرتووییەکی بێوێنەوە لەگەڵ یەکتر مانەوە. دژایەتییان لەگەڵ یەکتر هەتاکوو ئەو کاتەی کە لە کۆرتێزدا بە یەک گەیشتنەوە، واتە لە گۆڕەپانی جەنگی دەستووری نوێدا، بەدیار نەکەوت. کەمینەی شۆڕشگێر، بە مەبەستی وروژاندنی هەستی نیشتمانپەرورانەی خەڵک، هیچ دڕدۆنگ نەبوون لەوەی کە دەستەودامێنی تەعەسوبە نەتەوەییەکانی باوەڕی کۆنی خەڵک بێت. وا دەردەکەت کە ئەم تاکتیکانە بۆ ئامانجە بەپەلە و کورتخایەنەکانی بەرخۆدانی نەتەوەیی باش بن، بەڵام کە کاتی ئەوە گەیشت کە بەرژەوەندییە کانزێرڤاتیڤەکانی کۆمەڵگە خۆیان لە پشتی ئەو تەعەسوبانە و ئەو هەستە خێڵەکیانەدا، بە نیگای بەرگریکردن لە خۆیان لەبەرانبەر پلانە ئاشکرا و شاراوەکانی شۆڕشگێڕەکان، بشارنەوە، ئەوا بەباشی کوشەندەیی ئەو تاکتیکانە بۆ ئەو کەمینەیە دەسەلمێندرا.

1. Pyrenees
2. Jovellanos

کاتێک فێردیناند لەسەر داوای بوناپارت مادریدی جێ هێشت، ئەو ئەنجومەنی باڵای دەوڵەتی لەژێر چاوەدێری ئینفانتێ دۆن ئانتۆنیۆ[1] دامەزراند. بەڵام لە مانگی مەیدا ئەم ئەنجومەنە لە گۆڕێدا نەما. دەوڵەتێکی ناوەندی نەمابوو و شارە ڕاپەڕیوەکان هەر یەک ئەنجومەنی تایبەت بە خۆیان دامەزراندبوو، ئەم ئەنجومەنانە لەلایەن ئەو کەسانەوە سەرپەرشتی دەکران کە لە ناوەندی پارێزگاکاندا بوون. ئەم ئەنجومەنە پارێزگاییانە، هەر وەک باو بوو، چەندین دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند کە هەر یەک لەوان هێزی سەربازیی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەنجومەنی نوێنەرانی ئۆڤیدۆ[2] ڕایگەیاند کە دەسەڵاتی باڵادەست بەو سپێردراوە و بەم شێوەیە جەنگی دژ بە بوناپارتی دەست پێ کرد و نوێنەرانی خۆی بۆ ئینگلاند نارد کە شەڕ ڕابگرن. دوابەدوای ئەمە، ئەنجومەنی سیڤیلیش[3] هەر هەمان کاری کرد. لێرەدا واقیعیەتێکی سەیر هەیە ئەویش ئەمەیە کە تەنیا بەهۆی هێزی بارودۆخەکانەوە ئەم کاتۆلیکە پایەبەرزانە بە هاوپەیمانیی لەگەڵ ئینگلاند هەستانەوە، دەسەڵاتێک کە ئیسپانیاییەکان هەمیشە وەک دەرکەوتەی نەفرەتیترین کافر و مولحیدەکان چاویان لێ کردووە و، کەمێک لە تورکە گەورەکانی خۆیان چاکتر بوون. بەهۆی هێرشێک کە لەلایەن ئاتێئیستی فەرەنسەوە کرابووە سەریان، خۆیان خستبووە ئامێزی پرۆتێستانتیسمی بریتانیاوە. سەیر نییە کە فێردیناندی حەوتەم لە گەڕانەوەیدا بۆ ئیسپانیا لە فەرمانێکدا جارێکی تر دادگای پیرۆزی پشکنینی بیروبڕوای دامەزراندەوە و گوتی کە یەکێک لەو هۆکارانەی

> "کە پاکی و بێخەوشیی ئایینی لە ئیسپانیا تووشی مەترسی کردووە ئەوە بووە کە ئەم وڵاتە مۆڵگەی هێزە بیانییەکانی فیرقە جۆراوجۆرەکان بووە و، هەموویان بە قەد یەکتر دوژمنایەتییان لەگەڵ کەلیسای پیرۆزی ڕۆمادا هەیە."

ئەنجومەنە پارێزگاییەکان کە لەناکاو لەدایک بووبوون، پێکەوە و سەربەخۆ لەیەکتر، هەریەک تا ڕادەیەک سەروەریی ئەنجومەنی باڵای سیڤیلیان پەسند کرد و دیانیان بە بوونیدا نا؛ سیڤیل ئەو شارە بوو کە کاتێک مادرید لە دەستی بیانییەکاندا بوو وەک پایتەخت دەناسرا. بەم شێوەیە جۆرێکی زۆر ئانارشیک لە دەوڵەتی فیدراڵ دامەزرا کە شۆکی بەرژەوەندییە دژبەرەکان و ئیرەیی ناوچەیی و کارتێکەرییە هەڤرکەکان بیانوویەکی خراپی دا بە دەستەوە کە ئەمانە یەک بگرن و بێنە ژێر فەرمانێکی سەربازییەوە و ئۆپەراسیۆنەکانیان یەک بخەن.

1. Infante Don Antonio
2. Oviedo
3. Seville

ئەو مۆعیزانـــەی کـــە ئـــەم ئەنجومەنـــانە بـــۆ خەڵکیـــان دەکـــرد، لـــە کاتێکـــدا کە لەناکـــاو لە خەوەمەرگ هەستابوونەوە و بە شۆکی ئەلەکتریکی لە خەو ڕاچەنیبوون و تووشی دۆخێکی پڕ لە تاوی چالاکی بووبوونەوە و هەموو هێز و وزەیەکی قارەمانانەیان لە خۆیان نیشان دابوو، بێگومان جۆرێک گەورەنواندن و پێداهەڵگوتنی شکۆمەندانە تێدایە، شێوازێک کە لەگەڵ گاڵتە و قسـەی هەڵەیشـدا تـێکەڵ بـوو پێداهەڵگوتن و قسـەی زلـزل و بەرزەفـڕانە؛ ئەمە بـوو بە هـۆی ئەوەی سیسمۆندی بە ئەدەبیاتی ئیسپانیا نازناوی ڕۆژهەڵاتی بدات. ئەوان جگە لە خۆپەسندیی منـداڵانە، کە خەسـڵەتی ئیسـپانییەکان بـوو، چـی تریـان لە خـۆ نیشـان نەدا؛ بـۆ وێـنە ئەنـدامانی ئەنجومەنەکان هاوەڵناوی خاوەنشکۆ و پایەبەرزیان بۆ خۆیان دادەنا و خۆیان لە یونیفۆڕمە پڕ لە زریقە و بریسکەکاندا دەڕازاندەوە.

دوو دۆخـی جیـاواز هەبـوون کە پێوەنـدییان بەم ئەنجومەنـانە بـوو– یەکیـان ئەوەی کە ستانداردی [[ژیانی]] خەڵک لە کاتی ڕاپەڕینیاندا گەلێک لاواز بـوو، ئەوی دیکەیـان ئەوە بـوو کە بـۆ پێشـکەوتنی شـۆڕش زیانیـان هەبـوو. ئەنجومەنەکـان بە ڕواڵەت لەسـەر مـافی دەنگـدان دامەزرابوون؛ بەڵام "غیرەت و پیاوەتی چینە خواروەکان خۆی لە ئیتاعەتدا نیشان دا." ئەوان بەگشـتی کەسـە پـایەبەرزە سروشـتییەکانی خۆیـان هەڵـدەبژاردەوە، نـەجیبزادەکانی پارێزگـا و ویلایەتەکان بە دەستی پیاوە ئایینییەکان و ژمارەیەکی کەم لە چینی مامناوەند گەڕانەوە سـەر ئیش و کاری خۆیان. خەڵک بەباشی لە بێدەسەڵاتی خۆیان ئاگادار بوون، چونکە لە پێشەواکانی خۆیان تەنیا داوای ئەوەیـان کردبوو کە چینە باڵاکان ناچار بکەن لە بەرانبەر هێرشبەرەکاندا خۆڕاگر بن، بەبێ ئەوەی نیشانی دەن چۆن لە ئاراستەی بەرخۆدانەکەدا بەشدارییان هەبێت. بۆ وێنە، لە سیڤیل، "یەکەم دالغەی خەڵک ئەوە بوو کە پیاوە ئایینیەکانی هەرێمەکان و سـەرۆکی دێر و سەومەعەکان دەبێت کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی ئەندامەکانی ئەنجومەن هەڵبژێرن." کەوابـوو، ئەنجومەنەکان پڕ بووبوون لەو کەسـانە کە بەپێی پێگە پێشـووەکانیان هەڵبژێردرابوون و زۆر لەوە دوور بوون کە سەرۆکێکی شۆڕشگێڕ بن. لە لایەکی ترەوە، کاتێک کە خەڵک ڕوویـان لە دەسـەڵاتدارەکان دەکرد بیریـان لەوە نەدەکردەوە کە دەسـەڵاتەکەیان سـنووردار بکەن یـاخود مـاوەی دەسـەڵاتدارییان بـۆ دیـاری بکەن. هەڵبەت، ئەنجومەنەکـان تەنیـا بیریـان لە پەرەدان بە یەکێک و هەرمانکردنی ئەوی دیکە دەکردەوە. کەوابوو، ئـەم یەکەم مەخلووقانـەی دنەی گشـتیی خەڵک، لە دەسپێکی شۆڕشدا لە سـەرانسـەری خولەکەیدا دەمانەوە، چونکـە وەک کۆمەڵێک سـەد بوون لە بەردەم ڕەوەندی شۆڕشگێڕانەدا ئەو کاتەی کە هەڕەشـەی سەرڕێژبوونی هەبوو.

لە ٢٠ی ژوولای ١٨٠٨دا کاتێک کە ژۆزێف بوناپارت هاتە ناو مادرید، ١٤٠٠٠ فەرەنسەیی لەژێر فەرمانی ژەنەراڵ دۆپۆنت و ژەنەراڵ ڤێدێل[1]، لەلایەن کاستانۆسەوە[2] ناچار کران چەکەکانیان لە بایلێن[3] دابنێن و، ژۆزێف چەند ڕۆژ لەدوای ئەمە مادرید جێ دەهێڵێت و بەرەو بۆرگوس[4] دەڕوات و بەم شێوەیە لە کار لا برا. دوو ڕووداو لە تەنیشت یەکتر بەتوندی ئیسپانییەکانی هان دا؛ یەکیان وەدەرنانی لیفێڤر[5] لە ساراگۆسا[6] لەلایەن ژەنەراڵ پالافۆکسەوە[7]، ئەوی دیکەیان گەیشتنی سوپای مارکۆز دێ لا رۆمانا[8]، لە کۆرۆنا[9]، بە ٧٠٠٠ پیاوەوە بوو کە لە دورگەی فۆنێنەوە بە پێچەوانەی نارەزایەتی فەرەنسا بەرێ کەوتبوون بۆ ئەوەی یارمەتی وڵاتەکەیان بدەن.

لەپاش جەنگی بایلێن بوو کە شۆڕش گەیشتە ترۆپکی خۆی و، ئەو تاقمە لە نەجیبزادە پایەبەرزەکان کە پاشایەتیی بوناپارتیان قبووڵ کردبوو یان ژیرانە خۆیان دوور ڕاگرتبوو، خۆبەخشانە پەیوەست بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی گشتی خەڵک بوون – کە قازانجەکەی بۆ ئەو ئامانجانە جێی گومانە.

1. Dupont and Vedel
2. Castaños
3. Bailén
4. Burgos
5. Lefebvre
6. Saragossa
7. Palafox
8. Marquis de la Romana
9. Coruña

**٣**

## [ململانێکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان]

دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ئەنجومەنە پارێزگاییەکاندا ئیسپانیای لە شۆکی یەکەمی هێرشی فەڕەنسەی بوناپارتی پاراست، ئەمەیش نەک هەر لە ڕێگەی زۆرکردنی سەرچاوەکانی وڵاتەوە بوو بەڵکوو بەهۆی ئەو زیانانەوە بوو کە گەیاندی بە لایەنی بەرانبەر، واتە لەو خاڵانەدا کە دەیویست هێرشیان بکاتە سەر؛ فەڕەنسا بەتەواوەتی لە دۆزینەوەی ناوەندی بەرخۆدانی ئیسپانیادا سەری لێ شێوابوو، چونکە ئەم بەرخۆدانە لە هیچ شوێنێکدا نەبوو بەڵام لە هەموو شوێنێکیشدا هەبوو. سەرەڕای ئەمانە، ماوەیەکی کورت لەدوای خۆبەدەستەوەدانی بایلێن و جێهێشتنی مادرید لەلایەن ژۆزێفەوە، هەمووان هەستیان بەوە دەکرد کە دەبێت دەوڵەتێکی ناوەندی دابمەزرێت. لەدوای یەکەم سەرکەوتنەکان، ناکۆکی نێوان ئەنجومەنە پارێزگاییەکان بەرە و توندوتیژی دەچوو، تا وای لێ هات کە بۆ وێنە لە سیڤیل ژەنەڕاڵ کاستانۆس ڕێگەی نەدا هێزەکانی بەرەو گرانادا بچن. سوپای فەڕەنسا، جگە لەو هێزانەی کە لەژێر فەرمانی ژەنەڕاڵ باسیرێسدا[1] بوون، هەموو بەرەو هێڵی ئێبرۆ[2] لەو پەڕی سەرلێشێواویدا گەڕانەوە، بەچەشنێک کە ئەگەر زۆر زۆر وەڕەز بووبوونایە بە ئاسانی بڵاوەیان دەکرد یاخود ناچار دەبوون جەبهەکان تێپەڕێنن و بەم شێوەیە هەڵوێست و شوێنێکی بەهێزتر بگرنە دەست. بەڵام، لە هەموو زۆرتر ئەو سەرکوتکردنە خوێناوییەی ڕاپەڕینی بیلبائۆ[3] بوو کە ژەنەڕال مێرلین[4] کردی و بوو بە هۆی ئەوەی کە دەنگی ناڕەزایەتی گشتی دژ بە ئیرەیی و ڕکابەرییەکانی ئەنجومەنەکان بەرز ببێتەوە و بەئاسانی ڕێگە لە دەستێوەردانی فەرماندە سەربازییەکان بگرن. زەروورەتی تێکەڵکردنی بزووتنەوە سەربازییەکان؛ متمانە بەوەی کە ناپیلئۆن بەزوویی وەک سەرۆک سوپایەکی سەرکەوتوو دەردەکەوێت و لە کەنارەکانی نێیمەن[5]، ئۆدێر[6] و کانارەوەکانی بالتیک سوپایەک کۆ دەکاتەوە؛ زەروورەتی

---

1. Bessières
2. Ebro
3. Bilbao
4. General Merlin
5. Niemen
6. Oder

هەبوونی دەسەڵاتێکی گشتی بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنگەلێک بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ بریتانیای گەورە یاخود لەگەڵ دەسەڵاتە بیانییەکانی تر، وە بۆ ئەوەی پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکای ئیسپانیا ڕابگرێت و باجی لێ وەربگرێت؛ هەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی فەرەنسەیی لە بۆروگۆس[1] و زەڕووڕەتی دانانی قوربانگە لەبەرانبەر قوربانگە – هەموو ئەم بارودۆخانە دەستیان بە دەستی یەکەوە دا بۆ ئەوەی ئەنجومەنی سیڤیل ناچار بکات، هەرچەند بە بێمەیلییەوە، دەست لە کار بکێشێتەوە، واتە لە سەروەریی خراپ و تەنانەت دەسەڵاتداریی زارەکیی خۆی پاشەکشە بکات، وە هەروەها بوو بە هۆی ئەوەی کە بە ئەنجومەنە پارێزگاییە جیاوازەکان پێشنیاری ئەوە بدرێت کە هەر کام لە ناوخۆدا دوو نوێنەر هەڵبژێرن، دواتر بە کۆبوونەوەیان *ئەنجومەنی ناوەندی*[2] دابمەزرێت، لە هەمان کاتدا ئەنجومەنە پارێزگاییەکان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان وەک خۆیان بمێننەوە، "بەڵام لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتیی گشتیدا." کەوابوو، *ئەنجومەنی ناوەندی*، پێک هاتوو لە ٣٥ نوێنەر لە ئەنجومەنە پارێزگاییەکان (٣٤ بۆ ئەنجومەنەکانی ئیسپانیا و یەکیش بۆ دوورگەکانی کاناری[3])، لە ٢٦ی سێپتەمبەری ١٨٠٨دا لە ئارانجۆز[4] کۆ بوونەوە، تەنیا یەک ڕۆژ بەر لەوەی پادشاکانی ڕووسیا و ئەڵمانیا لە ئێرفۆرت[5] چۆک بۆ ناپێلئۆن دابدەن.

لە کەشی شۆڕشدا، کاتێک بارودۆخەکە ئاسایی نەبووبووەوە، چارەنووسی سوپاکان ئاوێنەی سروشتیی دەوڵەتی ناوخۆ بوون. ئەنجومەنی ناوەندی کە بۆ وەدەرنانی هێرشبەران لە خاکی ئیسپانیا ڕاسپێردرابوو، لەگەڵ سەرکەوتنی سوپای دوژمن، لە مادریدەوە بۆ سیڤیل و لەو سیڤیلەوە بۆ کادیز[6] وەدەر نرا و سەرشۆڕانە کۆتایی بە کارەکەی هێنرا. دەسەڵاتداریی ئەم ئەنجومەنە پڕ بوو لە شکستی سەرشۆڕانەی یەک لە دوای یەک، هەروەها هاوڕێ بوو لەگەڵ لەناوبردنی سوپاکانی ئیسپانیا و دواجار لە ناوچوونی جەنگی بەنەزم و گۆڕینی بۆ جەنگی گریلایی. هەر وەک لە ٣ی ئاپریلی ١٨٠٨دا ئۆرکیۆجۆ[7] گەورەپیاوێکی ئیسپانیایی، بە کاپتەن – ژەنەڕاڵی کاستیل بە ناوی کوێستای[8] گوتووە:

> "ئیسپانیای ئێمە عەمارت و بینایەکی گووتیکە، لە بەشگەلێکی جیاواز پێک هاتووە، بە ڕێژەی ئەو پارێزگایانە کە هەیەتی کۆمەڵێک هێز، تایبەتمەندیی گرنگ، یاسا و ڕێسا و داب و نەریتیشی هەیە. تێیدا هیچ شتێک هاوشێوەی ئەو

1. Burgos
2. *Central Junta*
3. Canary Islands
4. Aranjuez
5. Erfurt
6. Cadiz
7. Urquijo
8. Cuesta

شتەی کە لە ئەورووپا پێی دەگوترێت ڕۆحی گشتی[1]، بەدی ناکرێت. هەموو ئەم هۆکارانە ناهێڵن دەسەڵاتێکی ناوەندی لەم وڵاتەدا دابمەزرێت کە پێکهاتەیەکی وەها سەختی هەبێت کە بتوانێت هێزە نەتەوەییەکانی ئێمە لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە."

ئەگەر ئەوە کاتە، واتە لە سەردەمی هێرشی فەرەنسا، دەوڵەتی ڕاستەقینەی ئیسپانیا بیتوانیبایەت گەورەترین کێشە و دژوارییەکانی لە ڕێگەی بنیادنانی ناوەندێکی شۆڕشەوە تێپەڕێنێت، ئەوجار هەر ئەم پێکهاتەیەی ئەنجومەنی ناوەندی ئەو دەوڵەتەی ئەوەندە بێهێز دەکردەوە کە نەیدەتوانی بیسەلمێنێت دەرەقەتی ئەو قەیرانە ترسناکانە دێت کە وڵاتی تەنیوەتەوە. ئەم پێکهاتانە ئەوەندە هەمەڕەنگ و ئەوەندە بەختەکیانە پێکەوە تێکەڵ بووبوون کە دەوڵەتێکی جێبەجێکاری لێهاتووی لێ نەدەکەوتەوە، بەڵام ئەوەندەیش کەم بوون کە بۆ ئەوە نەدەبوون بڵێن دەسەڵاتێکی هاوپەیمانیی نەتەوەییان پێک هێناوە. تاقە واقیعیەتی دەسەڵاتی ئەوان ئەوە بوو کە لەلایەن ئەنجومەنە پارێزگاییەکانەوە ڕاسپێردرابوون بۆ ئەوەی پێیان نیشان دەن چەندە بۆ سەرکەوتن بەسەر مەیلە بەرزەفڕانەکانیاندا ناشیاون، چەندە بێ ئیرادەن و چەندە خۆپەسەندی لە جەستەیاندایە. ئەم ئەنجومەنانە – ئەندامەکانیان هەر وەک لە بڕگەی پێشوودا باسمان کرد بەپێی ئەو پێگە و مەقامەی کە پێشتر لە کۆمەڵگەی کۆندا بوویان هەڵبژێردرابوون نەک بەپێی تواناییەکانیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ – لەجیاتی ئەوەی هێزە شۆڕشگێڕە تازە پێگەیشتووەکان ڕەوانەی ئەنجومەنی ناوەندی بکەن، نەجیبە ئیسپانییەکان و ئۆسقۆفەکان، ناودارانی کاستیل و وەزیرە دێرینەکان، مەقاماتی مەدەنی و سەربازییان نارد بۆ ئەنجومەنی ناوەندی. ئەم ئەنجومەنە لە دەستپێکی شۆڕشی ئیسپانیادا نەیتوانی لە ڕێگەی هەوڵەکانییەوە مەشرووعیەت و ڕێزی خۆی ڕابگرێت.

دوو کەس لە ئەندامە گەورەکانی ئەنجومەنی ناوەندی بریتی بوون لە فلۆریدا بلانکا و ژۆڤێلانۆس، کە لەژێر ئاڵای ئەماندا دوو پارتی گەورە خۆیان لەسەر پێ ڕاگرتبوو. ئەمانە هەردووکیان قوربانیی ئەشکەنجەکانی گۆدۆی[2] بوون، واتە ئەو کەسەی کە پێشتر وەزیر بوو، نەخۆش بوو، وە لەسەر هەندێک خووی خۆپەسەندانە و یاسایی هەڵسوکەوتی دەکرد و بەرانبەر بە ڕێژیمی ئیسپانیا کاتی بە فیڕۆ دەدا؛ هەر ئەو کاوەخۆیی و ڕەسمیبوونەی بوو کە

1. public spirit
2. Godoy

تەنانەت لە سەردەمی باکۆندا[1] بووبوو بە قسەی نەستەق و سەر زاری خەڵک؛ جارێکی گوتبووی: "مەگەر مردن من لە ئیسپانیا بکات: ئەویش لە دوایین کاتژمێردا دەگات."

فلۆریدابلانکا و ژۆڤێلانوس نوێنەرایەتیی جۆرێک دژایەتییان دەکرد، بەڵام دژایەتییەک کە هێین ئەو بەشە لە سەدەی هەژدە بوو کە پێش لە شۆڕشی فەڕەنسا بوونی هەبوو؛ فلۆریدابلانکا بوروکراتێکی پلە سێیەم بوو، ژۆڤیلانوس خێرخوازێکی نەجیبزادە بوو؛ فلۆریدابلانکا پاریتزان و بکەرێکی دیکتاتۆرخوازی ڕۆشنبیر بوو کە نوێنەری پومبال[2] و فێرێدریکی دووەم و ژۆزێفی دووەم بوو؛ ژۆڤێلانوس "دۆست و هەڤاڵی خەڵک" بوو و بەهیوا بوو بە دانانی زنجیرە یاسایەکی ئابووری و هەروەها لە ڕێگەی بیروبڕواکانی بەخشندەیی[3] بە ئازادییان بگەیێنێت؛ هەر دووکیان دژ بە نەریتەکانی فیۆدالیسم بوون؛ یەکیان لە ڕێگەی ئازادکردنی دەسەڵاتی مۆنارشییەوە [[دژایەتی ئەو نەریتانەی دەکرد]] و ئەوی دیکەیان لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە لەمپەر و بەربەستەکان. هەر کامیان لە مێژووی وڵاتەکەیاندا بەپێی بیرۆکە جیاوازەکانی خۆیان ئیشیان کردووە. فلۆریدابلانکا وەک سەرۆک وەزیری چارڵزی سێیەم حکوومەتی کردووە و دەسەڵاتدارییەکەی بەپێی ئەو پێوەرانە بوو کە لە ڕێگەی بەرخۆدانەوە پێی گەیشتبوو و گەشەی بە ئیستیبداد دەدا. ژۆڤێلانۆس، کە ئەرکی وەزیرییەکەی لە سەردەمی چارڵزی چوارەم کورت بوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئیسپانیا دانا، ئەویش نەک وەک وەزیرێک بەڵکوو وەک توێژەر و ڕۆشنبیرێک، نەک لە ڕێگەی فەرمانەوە بەڵکوو لە ڕێگەی نووسینی وتارەوە. فلۆریدابلاکا، کاتێک کە گەردەلوولی زەمەن گەیاندییە سەرۆکایەتیی دەوڵەتی شۆڕشگێر، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بوو و، لە بڕوای خۆی بە ئیستیبداد و بێ متمانەیی بە جۆش و خرۆشی گشتی خەڵک پاشەکشەی نەکردبوو. کاتێک وەک نوێنەرێک چووە مادرید، ناڕەزاییەکی سیرپی بۆ میرنشینی مۆرسیا[4] بەجێ هێشت، نیشانی دا تەسلیمی زۆر و ترس لە تیرۆر و کوشتنی کۆمەڵی خەڵک بووە، ئەو ئەم پرۆتۆکۆلەی بەم بیر و بڕوایەوە واژۆ کردووە کە نەهێڵێت شا ژۆزێف بڵێت ئەو بووە بە قەییومی خەڵک. لە پێداچوونەوە بەسەر نەریتەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆیدا زۆر ڕازی نەبوو، هەروەها لە هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی سەردەمی وەزیرایەتیی خۆی وای هەست دەکرد کە زۆر بەپەلە بووە. ئەو کە کاتی خۆی عیساییەکانی لە ئیسپانیا وەدەر نابوو، کاتێک "بە نهێنی" ویستی پارەیەک بۆ گەڕاندنەوەیان تەرخان بدات، تازە لە ئەنجومەنی ناوەندی دامەزرابوو. لە کاتی گەڕانەوەیەوە، ئەگەر بەس سیاسی تاقە یەک گۆڕانکاری کردبێت ئەو گۆڕانە ئەمە بوو: کە

1. Bacon
2. Pombal
3. generous doctrines
4. Murcia

گۆدۆی، که ئەوی له دەسـەڵاتی حکوومەتی کۆنتی گەورەی فلۆریـدابلانکا دوور خسـتبوەوە و بێبەشی کردبوو، ئێستە شوێنی خۆی دەدات بە هەمان کۆنتی فلۆریدابلانکا؛ واتە ئێستە سەرەی ئەو بوو لا بچێت. ئەمە هەر ئەو پیاوە بوو کە ئەنجومەنی ناوەندی وەک سـەرۆک هەڵی بژارد و زۆرینەی ئەو ئەنجومەنە ئەویان وەک ڕێبەرێکی پاک و مەعسووم دەناسی.

ژۆڤێلانوس کە فەرمانی بەسەر کەمینەیەکی دەستڕۆیشتوو لە ئەنجومەنی ناوەندیدا دەکرد پیـر بووبـوو و، زۆربەی وزە و توانـای خـۆی لەو مـاوە زۆرەی کە لە بەنـدیخانە ترسـناکەکاندا بوو لەدەست دابوو، ئەمە سزایەک بوو کە بە فەرمـانی گۆدۆی بە سـەریدا سـەپێندرابوو. بەڵام، ئەو لە درەوشـاوەترین سـەردەم و قۆناغەکـانی چالاکییەکانیشـیدا پیـاوێکی شۆڕشـگێڕ نەبـوو، بەڵام ڕیفۆرمیسـتێکی نییەتپـاک بـوو، کەسـێک بـوو کە لە ڕووی پیاوچـاکی زۆریەوە هــەرگیز نەیوێرابوو ئامانجێک بگەیێنێتە ئەنجام. ئەگەر لە فەڕەنسا بووبوایە ڕەنگە بووبایـەت بـە مـۆنێر[1] یان لالی تۆلێندال[2]، بەڵام هەنگاوێک لەوە زۆرتر نەدەڕۆیشت. ئەگەر لە ئینگلاند بووبوایە دەبوو بە ئەندامێکی ناسراو لە ئەنجومەنی لۆردەکان. لە ئیسپانیای ڕاپەڕیو، زۆر گونجـاو بـوو بیـرۆکە و ئەندێشــە ئاڕاســتەی گەنــجە بەرزەفڕەکــان بکــات، بەڵام لە کــردەوەدا نەیــدەتوانی هاوتــای سەرســەختی و داکـۆکییە زمانلووسـانەکانی فلۆریـدابلانکا بکـات. بەتەواوەتــی لە تەعەسـوبی ئاریسـتۆکراتیک ڕزگـار نەبـوو و، کەوابـوو، بەو مەیـلە زۆرەیـەوە بـۆ ئینگلـیس خۆشەویسـتیی مۆنتێســکیو، پێــدەچوو ئەم کەســایەتییە باشــە بیســەلمێنێت کە ئەگەر ئیســپانیا بە تــایبەتی بیویسـتبایەت بیرێکی گشـتگیر بەرهەم بهێنێت، ئەوا بـەس بـە یارمـەتیی وزەی تاکەکەسـی ئـەو کارەی دەتوانی بکات، ئەویش تەنیا لەسەر ئاستی کاروبارییی ناوچەییدا ئەو توانایییەی هەبوو.

ڕاســتە کە ئەنجــومەنی ناوەنــدی ژمــارەی ئەنــدامەکانی کەم بــوون – ســەرۆکەکەی دۆن لۆرێنزۆ کالڤۆ دێ ڕۆزاس[3]، نوێنەری ساراگۆسا بوو – بەڵام ئەمـانە پیاوانێک بـوون کە کاتێک ڕێبازەکـانی ڕیفـۆرمی ژۆڤێلانوسـیان دەگـرتە بەر، هاوکـات هەڵیـان دەکوتـایە سـەر کـرداری شۆڕشـگێرانەیش. بەڵام ژمارەیان ئەوەندە کەم بـوو و ئەوەندە کەسـانێکی نەناسـراو بـوون کە نەیاندەتوانی پاڵ لەو واگۆن –دەوڵەتە[4] خاوەی ئەنجومەنەوە بنێن کە لە هێڵی ڕەسـم و نەریتی ئیسپانیا لای دابوو.

ئەم دەسـەڵاتە لەگەڵ ئەوەی زۆر نەزانـانە پێک هـاتبوو، زۆر بە هێزەوە دروسـت کرابـوو؛ بەم هەمـوو یـادەوەرییە هەرمانـانەی کە لە سـەریدا هەبـوو دەبـوا شۆڕشـێکی هەڵگرسـاندبایەت تــاکوو بتوانێــت گورزێــک لە نــاپێلئۆن بــدات. ئەگەر بەپــێچەوانەی کــردارە لاوازەکــانیەوە

1 . Mounier
2 . Lally-Tollendal
3. Don Lorenzo Calvo de Rosas
4. State-coach

بەیاننامەکانی تا ئەو ڕادەیە بەهێز بوون، بە هۆی دۆن مانۆئێل کۆوینتانا[1] شاعیری ئیسپانیایی بوو کە ئەنجومەن، بەپێی زەوقی خۆی، کردبووی بە سکرتێر و لە نووسینی مانیفیستۆکانیاندا باوەڕیان پێی هەبوو.

بە وێنەی قارەمانە شکۆمەندەکانی کالدێرۆن[2]، کە بەڕاستی هێڵی جیاکەرەوەی باو لە مرۆڤە گەورە و ڕەسەنەکانیان شێواندبوو، ڕاهاتبوون خۆیان بە بژاردنی ناو و نازناوەکانیانەوە بنوێنن، ئەنجومەن بەر لە هەموو شت خۆی سەرقاڵی فەرمان بە بەخشینی نیشانەی شانازی و میدالیاکان کردبوو کە وەک ڕێزلێنان دەدرا بە پۆست و مەقامەکان. سەرۆکەکەیان وەک "نەجیبزادەی پایەبەرز" ناودێر کرا و، ئەندامەکانی تر وەک "بەڕێز"؛ ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە بە ئەنجومەن لە جەوهەردا وشەی "خاوەنشکۆ" دەدرا. ئەوان جۆرێک یونیفۆرمی ڕازاوەیان لەبەر دەکرد کە هاوشێوەی یونیفۆرمی ژەنەڕاڵەکان بوو، سەرسنگیان بەو نیشان و میدالیانەوە دەڕازاندەوە کە دوو جیهانیان وێنا دەکرد؛ هەروەها دەنگیان بە دانی مووچەی ١٢٠٠٠٠ ڕیێڵی بە خۆیان دەدا. ئەمە بوو بیرۆکەی ڕاستەقینەی قوتابخانەی ئیسپانیای کۆن، واتە بۆ ئەوەی لە مێژووی ئەورووپاودا هەنگاوێکی شکۆمەندانە بنێن، پێویستە ڕێبەرانی ئیسپانیای شۆڕشگێڕ جلوبەرگی داب و نەریتی شانۆکان لەبەر بکەن.

لێرەدا پێوستە لەم چوارچێوە تەسکەی ئەم باسە گشتییە تێپەڕین و بچینە ناو مێژووی ناوخۆی ئەم ئەنجومەنەوە و وردەکارییەکانی ئیدارەکەی شی بکەینەوە. بۆ ئەم ئامانجە هەر ئەوەندە بەستە کە وڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەیەنەوە. کارتێکەریی ئەم ئەنجومەنە لەسەر گەشەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئیسپانیا چی بوو؟ کارتێکەری لەسەر بەرگریکردن لە وڵات چی بوو؟ ئەگەر وڵامی ئەم دوو پرسیارە بدرێتەوە، ئەوا وڵامی زۆرێک لەو شتانە دەدرێتەوە کە هەتاکوو ئەمڕۆکە وەک ئەفسانە و نامۆ و شرۆڤەهەڵنەگر لە شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەی ئیسپانیادا ماونەتەوە وڵام.

لە سەرەتادا زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی وایان هەست دەکرد کە ئەرکی سەرەکیی ئەوان سەرکوتکردن و ڕاگرتنی یەکەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییەکانە. لەسەر ئەو بڕوایە، سەرلەنوێ سنوور و لەمپەرە کۆنەکانیان لەسەر چاپەمەنی بە هێزتر کردەوە، هەروەها کەسێکی نوێی بۆ پۆستی پشکنەری باڵای بیروبڕواکان دەستنیشان کرد، کە بە دڵخۆشییەوە پێشتر فەرەنسا بەری بە کارەکانی گرتبوو. ئەگەرچی بەشێکی گەورەتر لە داراییە ڕاستەقینەکانی ئیسپانیا لە حەڵقەی وەقفدا ڕاگیردرابوون – بۆ وێنە داراییە نەگۆڕەکانی ئەعیان و نەجیبزادەکان و داراییە نەگواستراوەکانی کەلیسا – بەڵام ئەنجومەن فەرمانی کرد بە

1. Don Manuel Quintana
2. Calderón

فرۆشتنی ئەو داراییيە وەقفکراوانە کە پێشتر دەستی پێ کردبوو، ئەمە تەنانەت هەڕەشە بوو لەسەر چاکسازیی گرێبەستە تایبەتەکان کە کاریگەری لەسەر ئەو داراییانەی کەلیساش دانابوو کە پێشتر فرۆشرابوون. ئەوان ڕوویان لە قەرزی نەتەوەیی کرد، بەڵام هیچ پێوەرێکی مالّی و داراییان نەبوو بۆ ئەوەی بوودجەی بنەماڵەی پاشایەتی لەو هەمووە بارەی کە خستبوویە سەر ئەستۆی ڕزگار بکات؛ بەم شێوەیە دەوڵەتگەلێکی گەندەڵ یەک لەدوای یەک ئەو بارەیان قورستر و قورستر کردبوو کە نەیدەتوانی سیستەمی مالّی و دارایی ناعادڵ و هیچ و پووچ و شێواو چاک بکاتەوە، یاخود لە ڕێگەی شکاندنی لەمپەرەکانی فیۆدالیزمەوە سەرچاوەگەلێکی بەرهەمداری نوێ بە ڕووی نەتەوەدا بکاتەوە.

## ٤

## [ئەنجومەنی پاشایەتیی و پشکنینی بیروبڕواکان]

پێشتر لە سەردەمی فیلیپی پێنجەمدا، فرانچێسکۆ بێنیتۆ لا سولیداد[1] گوتبوی: "هەموو چارەڕەشییەکانی ئیسپانیا لە ئابۆگادۆس[2]ەکانەوە (واتە پاریزەر یان یاسازانەکانەوە) سەرچاوەی گرتووە. لە سەرووی ئەو پلەمەندییە شەیتانی و دیکتاتۆریانەی ئیسپانیادا [[ئەنجومەن یان]] *کۆنسێجۆ ڕییالی*[3] کاستیل ڕاوەستاوە. ئەم ئەنجومەنە لە سەردەمانی سەرکێشیی دۆن جۆناس و ئێنریکۆ[4]دا سەری هەڵدا و، بە دەستی فیلیپی دووەم بەهێز کرایەوە کە لەم ئەنجومەنەدا جۆرێک خەسڵەتی تەواوکەری سانتۆئافیسۆ[5] [[واتە ئیدارەی پیرۆزی پشکنینی بیروبڕواکانی]] دۆزییەوە. ئەم ئەنجومەنە لە بەستێنی بەدبەختییەکانی زەمانە و بێهێزیی پادشاکانی دواتر لە داگیرکردن و گردکردنەوە هەمەڕەنگترین شانازییەکان لە دەستی خۆیاندا و، هەروەها ناتوانییان لە زیادکردنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی یاسادانان و بەڕێوبەرایەتیی هەموو پاشایەتییەکانی ئیسپانیا بە ئەرکەکانی دادگای باڵا[6]، پەرەی سەند. کەوابوو، لە ڕووی دەسەڵاتەوە وەپێش پەرلەمانی فەڕەنسەیش کەوت کە لە زۆر بوواردا لەو دەچوو، جگە لەوەی کە هەرگیز لە بەرە و لایەنی خەڵکدا نەدەبینرا. لەگەڵ ئەوەی کە لە ئیسپانیای کۆندا بەهێزترین دەسەڵات بوو، بێگومان کۆنسێجۆ ڕییال دڵڕەقترین دوژمنی ئیسپانیای نوێیش بووە، هەروەها دوژمنی دوایین دەسەڵاتدارە خەڵکییەکان بووە کە هەڕەشەی ئیفلیجکردنی کارتێکەرییە باڵاکانیان دەکرد. لەگەڵ ئەو شان و شکۆ گەورەیەی کە نەزم و نیزامی یاسازانان هەیبوو و، ئەوەی کە خۆی گەرەنتیی نموونەیی هەموو خراپکاری و مافە تایبەتەکانی بوو، تەبعەن *کۆنسێجۆ* لە هەموو ئەو بەرژەوەندییە گرنگ و جۆربەجۆرانە پێک هاتبوو کە درابوون بە سیستمی مافی ئیسپانیا. کەوابوو، دەسەڵاتێک بوو کە شۆڕش بەوەوە دەیتوانی نەچێتە هیچ ڕێکەوتن و سازانێکەوە، جگە لەوەی کە یان دەبێت ئەو دەسەڵاتە بەگشتی

---

1. Francisco Benito la Soledad
2. *abogados*
3. *Consejo Real*
4. Don Juans and the Enriques
5. *Santo Oficio*
6. Highest Tribunal

لەناو بچێت یان ڕێگە بدرێت شۆڕش بەگشتی لە کیس بچێت و نەمێنێت. هەروا کە لە بڕگەی پێشوودا بینیمان، *کۆنسێجۆ* خۆی بە ناپیلئۆن فرۆشت و بەم کارە خەیانتکارانە هەموو ئەو شتانەی دۆڕاند کە لای خەڵک هەیبوو. بەڵام، لە ڕۆژی وەرگرتنی بەرپرسیارییێتی ئۆفیسی ئەنجومەنی ناوەندیدا، [[ئەم ئەنجومەنە]] ئەوەندە گەمژە بوو کە ویستی دەستووری بنەڕەتی لەگەڵ *کۆنسێجۆ* بخاتە ڕاوێژەوە و داوای خواردنی سوێندی وەفاداریان لێ بکات؛ کاتێک ئەم سوێندەیان وەرگرتبایەت ئەوا ڕوونووسی هەر ئەو سوێند و پەیمانەی بۆ هەموو دەسەڵاتدارانی پاشایەتییەکە دەنێردرا. بەڵام، کاتێک ئەم هەنگاوە ناژیرانە لەلایەن هەموو ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕەوە ڕەت کرایەوە، *کۆنسێجۆ* بەو قەناعەتە گەیشت کە ئەنجومەنی ناوەندی پێویستی بە پشتیوانی ئەو هەیە؛ بەم شێوەیە خۆی لەو دڵگرانییە ڕزگار کرد و لەدوای چەند ڕۆژ دڕدۆنگیی کارتێکەر، پێشنیاری تەسلیمبوونێکی شەڕەنگێزانەی بە ئەنجومەن دا، واتە بە جۆرێک دوودڵیی کۆنەپەرەستانەوە لە گەڕانەوە بۆ پەیمان و سوێندەکەی، ئەم ئامۆژگارییەی بە ئەنجومەن کرد کە ئەندامەکانی خۆی بۆ سێ لە پێنجی ئەوەی ئێستاکە دابەزێنێت، واتە لیی[1] ٣ ئەندام، پارتیدا[2] ٢ ئەندام، تیتولو[3] ١٥ ئەندام؛ داوای کرد ئەنجومەنە پارێزگاییەکان بە شێوازێکی کارا لە ناو ببردرێن. دوای ئەوەی فەرەنسا گەڕابووە بۆ مادرید و *کۆنسێجۆ* ڕییێل هەڵوەشایەوە، ئەنجومەنی ناوەندی بە یەکەم هەڵەی خۆی قەناعەتی نەکرد و زۆر گەمژانە هەوڵی دا بە ڕێگەی دامەزراندنی کۆنسێجۆ جارێکی تر *کۆنسێجۆ ڕیۆنیدۆ*[4] بکاتەوە – واتە یەکخستنەوەی کۆنسێجۆ ڕییال لەگەڵ هەموو پارچە تێکشکاوەکانی ئەنجومەنە پاشایەتییە دێرینەکان. بەم جۆرە، ئەنجومەن زۆر بەخێرایی دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ دژە-شۆڕش بنیاد نا، کە دەبوو بە ڕکابەری دەسەڵاتی خۆیان، هەر بۆیە هەرگیز لە پیلانگێڕی و ئاژاوەنانەوە بۆیان ڕانەوەستان و هەوڵیان دەدا ئازاریان دەن و چالاکاییەکانیان پووچەڵ بکەنەوە، دنەیان دەن هەنگاوێکی خراپ و نەشیاو هەڵبێنن، پاشان تووڕەبوونێکی داوێنپاکانە لە خۆیان نیشان دەن و دواجار تف و نەحلەت لەوان بکەن بۆ ئەو سووکایەتییەی کە گوایە بە خەڵکیان کردووە. زۆر پێویستە ئاماژە بەمە بدرێت کە بۆ یەکەم جار دوای بەفەرمی ناسین و پاشان دامەزراندنەوەی *کۆنسیجۆ ڕییال*، ئەنجومەنی ناوەندی نەیتوانی چاکسازی هیچ شتێک بکات، چ لە ڕێکخراوەی دادگاکانی ئیسپانیادا چ لە گەندەڵترین یاساکانی مەدەنی و سزاییدا.

لە دوو ساڵی سەرەتاییدا، سەرەڕای ئەو زاڵییەتییە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توخمە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ئیسپانیا بەدەستیان دەهێنا، مەیل و بۆچوونێکی ئیرادی بۆ چاکسازیی سیاسی

1. Ley
2. Partida
3. Titulo
4. *Consejo Reunido*

و کۆمەڵایەتی لە ئارادا بوو کە لە هەموو بەیاننامەکانی ئەنجومەنە پارێزگاییەکاندا دەبینرێنەوە، ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە زۆرتر نووسراوەی چینە خاوەن مافە تایبەتەکان بن، بەڵام هەرگیز لە ناوزڕاندنی ڕێژیمی کۆن و باسکردن لە وادە و بەڵێنی چاکسازی ڕانەوەستان. ئەم واقیعیەتە لە هەموو زۆرتر لە بەیاننامەکانی ئەنجومەنی ناوەندیدا سەلمێندراوە. لە یەکەم وتاریاندا بۆ خەڵک، لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٨٠٨دا دەڵێن:

"ئیستیبدادێکی ٢٠ ساڵە، کە بە سووکترین دەستە و تاقمەکانیەوە بەسەر خەڵکدا حوکمی دەکرد، ئەوانی گەیاندبووە دوا ئاستەکانی لەناوچوون و ڕەنجی هەتاهەتایی؛ نەتەوە بەهۆی ڕق و شەڕەوە لە حکوومەتەکەی خۆی نامۆ بووبوو. ماوەیەکی زۆر لەو کاتە تێنەپەڕیوە کە سەرکوت کران و لە هێزەکانی خۆیان بێئاگا بوون و، لەبەرانبەر شەیتانییەکانی حکوومەتەکەیاندا، سا لە دامەزراوەکاندا سا لە یاساکاندا، هیچ قەڵغان و دەرەتانێکیان نەبوو؛ ئەوان تەنانەت پاشایەتییە بیانییەکانیان ئەوەندەی حکوومەتە ستەمگەرەکەی خۆیان بە نەفرەتی و خەراپ نەدەزانی. زاڵبوونی ئیرادەیەکی هەمیشە ناسەقامگیر و بەردەوام ناعادڵ ماوەیەکی زۆر زۆر درێژەی هەبوو؛ سەبری ئەوان و خۆشەویستیی ئەوان بەو نیزامە و وەفاداری بێبڕانەوەیان ساڵانێکی زۆر بە خراپە بە کار هێنرا؛ کاتی ئەوە بوو کە یاسا، لەسەر بنەمای قازانجی گشتی، حکوومەتکردن دەست پێ بکات. کەوابوو، چاکسازی لە هەموو لقەکاندا پێویستە. ئەنجومەن کۆمەڵێک کۆمیتەی جیاواز پێک دەهێنێت، هەر یەک لەمانە لە بەشێکی تایبەتدا دادەنرێن کە هەموو نووسراوەکان سەبارەت بە بابەتەکانی حکوومەت و بەڕێوبەرایەتیی دەوڵەت بۆ لای ئەوان دەچێتەوە."

لە وتارەکەیاندا لە سیڤیل، لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٨٠٩دا دەڵێن:

"دیکتاتۆریەتێکی گەمژە و ڕزاو ڕێگەی بۆ هاتنی حکوومەتی ستەمگەری فەڕەنسا خۆش کرد. ڕێگەدان بە نوقمبوونی دەوڵەت لە گێژاوی خراپەکارییە کۆنەکاندا تاوانێکە بە گەورەیی تاوانی دانی ئێوە بە دەستی بوناپارتەوە."

وا دیارە لە ئەنجومەنی ناوەندیدا دابەشکارییەکی زۆر بنەڕەتی لە کارەکاندا هەبووبێت. بەرەی ژوڤێلانووس ڕێگەی پێ درا ئاواتە شۆڕشگێڕانەکانی نەتەوە ڕابگەیێنێت و ڕەشنووسەکەی ئامادە بکات، وە بەرەی فلۆریدابلانکا ڕێگەیان بە خۆیان دا کە بە ئاقارێکی

هەڵەدا ببیەن و لەبەرانبەر خەونەکانی شۆڕشدا واقیعیەتی دژەشۆڕش دابنێن. بەڵام، بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە بتوانین لە ڕووی دانپێدانانەکانی ئەنجومەنە پارێزگاییەکانەوە، کە لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندییەوە دامەزرابوون، ئەو واقیعیەتە نکۆلیلێکراوە بسەلمێنن کە ئاواتە شۆڕشگێڕانەکان هەر لە سەردەمی یەکەم سەرهەڵدانی ئیسپانیاوەهەبووە.

ئەو شێوازەی کە ئەنجومەنی ناوەندی بۆ کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان لەبۆ چاکسازی بەکاری دەهێنا بەرهەمی ئیرادەی باشی نەتەوە، گوشاری ڕووداوەکان و هەبوونی مەترسییەکی نزیک بوو، وە ئەمەیش دەکرێت لە ڕووی ئەو کارتێکردنەی کە کۆمیساریا نێردراوەکان لە پارێزگا جیاوازەکاندا هەیانبوو دەرک بکرێت. نووسەرێکی ئیسپانیایی، زۆر ڕاشکاوانە بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەنجومەنی ناوەندی، کە خۆی لە خۆیدا خاوەن توانایییەکی ئەوتۆ نەبوو، لە یەک شتدا بەباشی دەجووڵایەوە ئەویش ئەوە بوو کە کەسایەتییە پایەبەرزەکان لە ناوەند ڕابگرێت و ئەوانی تر کە بە کەڵکی هیچ نەدەهاتن بۆ دەوروبەر بنێرێت. ئەم کۆمیسارانە دەسەڵاتی ئەوەیان پێ درابوو کە بەسەر ئەنجومەنە پارێزگاییەکاندا سەرۆکایەتی بکەن و وەک نوێنەری ئەنجومەنی ناوەندی، شانازی و ناوبانگەکانی ئەو ئەنجومەنە جار بدەن. لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە کارەکانیان دەدەین: ژەنەڕاڵ ڕۆمانا[1]، کە سەربازە ئیسپانییەکان بە مارکۆ دێ لاس ڕۆمێریاس[2] بانگی بکەن، بەهۆی ڕێپێوان و دژەڕێپێوانە بەردەوامەکانییەوە هەرگیز شەڕ هەڵنەدەگرسا مەگەر ئەو کاتەی لە گۆڕێدا نەبوایەت؛ ئەم ڕۆمانا کاتێک کە لەلایەن سۆلت[3]ەوە لە ڕێگەی گالیسیا هێرش کرایە سەری، وەک کۆمیساریای ئەنجومەنی ناوەندی چووە ناو ئاستۆریاس[4]. یەکەم کاری ئەوە بوو کە جەنگێک لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگایی ئۆڤیدۆ[5] هەڵگرسێنێت، کە بەم شێوەیە ڕێڕەوە بەهێز و شۆڕشگێڕانەکانیان دابەزیبووە سەر ئاستی ڕق و قین لە چینە خاوەن ئیمتیازەکان. ئەو دەستی دایە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجومەنە و دانانی کەسانێکی هەڵبژاردەی خۆی لەوێ. ژەنەڕاڵ نێی[6] کە ئاگاداری ئەم ناکۆکییە بوو، لە پارێزگایەک کە بەرخۆدان لە دژی فەڕەنسا بابەتێکی گشتی و پەسندکراوی هەمووان بوو، خێرا هێزەکانی خۆی بەرەو ئاستۆریاس گواستەوە و مارکۆس دێ لا ڕۆمێریاسی لابرد و چووە ناو ئۆڤیدۆ و لە ماوەی سێ ڕۆژدا تالانی کرد. فەڕەنسا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٠٩دا گالیسیای جێ هێشت، مارکۆسەکەی ئێمە و

1. Romana
2. Marquis de las Romerias
3. Soult
4. Asturias
5. Oviedo
6. Ney

کۆمیسارياکەی ئەنجومەنی ناوەندی چوونە ناو کۆرۆننا[1] و لەسەر دەستی خۆی هەموو هێزە گشتییەکانی یەک خست، ئەنجومەنە هەرێمییەکانی سەرکوت کرد، واتە ئەو ئەنجومەنانەی کە بەهۆی ڕاپەڕینەوە بووبوون بە چەندین بەش و هەر یەک لە شوێنی خۆیان فەرماندەی سەربازی تایبەت بە خۆیان هەبوو؛ بەم شێوەیە، هەڕەشەی ئەشکەنجەیان لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە کرد و لە ڕاستیدا نیشتمانپەروەرەکانیان ئەشکەنجە دا، دڵڕەحمییەکی زۆریان بەرانبەر بەو کەسانە نیشان دا کە پێشوازییان لە هێرشبەرەکان کردبوو و، لە هەموو بووارەکانی دیکەدا جۆرە شەیتانی و ناتوانی و بێ مێشکییەکی هەوەسبازانەیان لە خۆیان نیشان دا. بەڵام، هەڵەی ئەم ئەنجومەنە پارێزگایی و هەرێمیانەی گالیسیا چی بوو؟ ئەوان فەرمانیان کردبوو بە سەربازگیریی گشتی بەبێ لێبوردن و دانانی جیاوازی بۆ هیچ چین و کەسێک؛ ئەوان هەندێک باجیان بەسەر سەرمایەدار و خاوەن مڵک و داراییەکانەوە بەستبوو؛ ئەوان مووچەکانی فەمانبەرە گشتییەکانیان کەم کردبووەوە؛ فەرمانیان بە ئەنجومەنە کلیسایییەکان کردبوو کە لە شوێنی خۆیاندا ئاگایان لەو داهاتە یاساییە بێت کە لە خەزێنەکانیاندا هەیە. بە واتایەکی تر، ڕێبازگەلێکی شۆڕشگێڕانەیان گرتبووە بەر. لە سەردەمی مارکۆس دێ لا ڕۆمیریاسی خاوەنشکۆوە، ئاستورياس و گالیسیا، ئەو دوو پارێزگایەی کە بە هۆی بەرخۆدانە بەناوبانگەکانیان لە بەرانبەر فەڕەنسەدا زۆر تایبەت دەرکەوتبوون، بەشداری جەنگی سەربەخۆیی نەبوون مەگەر ئەو کاتەی کە مەترسی زۆری هێرش لە سەریان بووبێت.

لە ڤالێنسیا، کاتێک لە خەڵک گەڕان کە بە کەیفی خۆیان بژین و سەرۆکایەتی بەسەر بژاردەکانی خۆیاندا بکەن، ئاسۆیەکی نوێ لە کرانەوەدا بوو؛ ڕۆحی شۆڕشگێڕانە لەژێر کاریگەریی حکوومەتی ناوەندیدا تێک شکێندرا. بەوە ڕازی نەبوون کە ئەو پارێزگایە بدەنە دەستی سەرۆک فەرماندە ژەنەڕاڵ دۆن ژۆس کارۆ[2]، هەر بۆیە ئەنجومەنی ناوەندی کۆمیسارياکەی "خۆیان"، واتە بارۆن لابازۆرای[3] بۆ ئەوێ نارد. ئەم بارۆنە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا پێک نەدەهات، چونکە لە بەرانبەر هەندێک فەرمانی تایبەتیی پلەباڵاکاندا ڕاوەستابوون و پێمل نەدەبوون؛ هەر بۆیە مۆڵەتی ئەوانی بەتاڵ کردەوە و بەپێی ئەو بەتاڵکردنەوەیە، دیاریکردنی کەسانێک بۆ شوێنی خاڵی دادگای شەرع، مەقامی کەلیسا و هەروەها سەرۆکی ناوچە بچووکەکان بەپێی یاسا ڕاگیرا و، سەرجەم قازانج و داهاتەکانیان تەرخان درا بۆ نەخۆشخانە سەربازییەکان.

1. Coruña
2. Don José Caro
3. Baron Labazora

لێرە بەدوا بوو کە شەڕێکی قورس لە نێوان ئەنجومەنی ناوەندی و ئەنجومەنی ڤالێنسیا هەڵگرسا؛ لێرە بەدوا بوو کە لە قۆناغێکدا ڤالێنسیا لەژێر بەڕێوبەرایەتیی لیبێراڵی مارشاڵ سوچێت[1]دا بەڕێوە دەچوو؛ لێرە بەدوا بوو کە مەیلی زۆری ئەو بۆ بەفەرمیناسین و ڕاگەیاندنی فێردیناندی حەوتەم دژ بە حکوومەتی شۆڕشگێڕ بەدیار کەوت.

لە کادیز، واتە شۆڕشگێڕترین شوێنی ئیسپانیا لەم قۆناغەدا، ئامادەبوونی کۆمیسارییای ئەنجومەنی ناوەندی، واتە مارکۆس دێ ڤێلیل[2]ی گەمژە و خۆپەسەند، بوو بە هۆی ڕاپەڕینێک لە ٢٢ و ٢٣ی فێبرییەری ١٨٠٩دا، کە ئەگەر ئەم ڕاپەڕینە نەقۆزرابایێتەوە بۆ جەنگی سەربەخۆیی، ئەوا دەرەنجامگەلێکی پڕ لە کارەساتی لێ دەکەوتەوە.

لە باسی هەناردنی کۆمیسارییاکان لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندییەوە هیچ نموونەیەک لەوە ژیرانەتر نەبوو کە بەڕێز لۆزانۆدێ ترویێس[3]ی وەک نوێنەرێک نارد بۆ ویلینگتۆن؛ ئەم پیاوە لە کاتێکدا کە بە زمانلووسییەکی بێوێنەوە خۆی لەبەرانبەر ژەنەراڵی ئینگلسیدا خاکینەوخۆڵینە نیشان دەدا، بە شاراوەیی ئەنجومەنی ئاگادار کردەوە کە سکاڵاکانی ژەنەراڵ لە ئەو سەبارەت بە نییەت و نیازەکانی، هەموو بێبنەما بوون. سەرۆکی ویلینگتۆن کە زانی بێویژدانێکی دوو ڕوو لە بەرانبەریدا ڕاوەستاوە، ڕیسواکەرانە هەر لە کەمپەکەیەوە بە شوێنی کەوت.

ئەنجومەنی ناوەندی لە خۆشترین بارودۆخدا بوو بۆ ئەوەی ئەو شتە بەدی بێنێت کە لە یەکێک لە وتارەکانیدا بە نەتەوەی ئیسپانیای ڕاگەیاندبوو.

> "وا داپارە ڕەزای خوداوەند لەسەر ئەوەیە کە لەم بارودۆخە قەیرانـاوییە ناخۆشەدا ئێمە نەتوانین هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی بنێین بەبێ ئەوەی هەنگاوێکی هاوشێوە بەرەو ئازادی[4] بنێین."

لە دەسپێکی دەسەڵاتداریی ئەواندا فەڕەنسا یەک لە سێی داهاتی ئیسپانیایشی نەبوو. دەسەڵاتدارە دێرینەکانی ئیسپانیا بە هاودەستی لەگەڵ هێزە هێرشکردووەکان یان زۆر لاواز بووبوونەوە یاخود وەک نەبوون وابوون، یان بە فەرمانی ئەوان بڵاوەیان کردبوو. هیچ ڕێڕەوێک بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی، واتە گواستنەوەی دارایی و کارتێکەرییەکان لە کەلیسا و ئەریستۆکراتەوە بۆ چینی مامناوەند و وەرزێرەکان نەبوو، واتە بەهۆی بەرگریکردن لە وڵات توانای جێبەجێکردنیانی نەبوو. ئەوان هەر ئەو بەختە باشەی کۆمیتەی *دۆ سالۆ پابلیکی*[5]

---

1. Marshal Suchet
2. Marquis de Viliel
3. Wellington, Senor Lozano de Torres
4. Luberty
5. *Comité du salut public*

فەڕەنسەیان هەبوو – کە نائارامییە ناوخۆییەکانی بەپێی زەروورەتی بەرگریکردن لەبەرانبەر دەستدرێژییەکانی دەرەوەدا بێدەنگ کردبوو؛ جگە لەمە ئەوان لە بەردەم خۆیاندا نموونەی پێشڕەوێکی بەرجەستەیان هەبوو، واتە هەندێک لە پارێزگاکان پێشتر لەژێر گوشاری بارودۆخەکاندا ناچار بووبوون کۆڵ بدەن. بەڵام، ئەوان کە ڕازی نەبوون وەک جەستەیەکی مردوو خۆیان بە شۆڕشی ئیسپانیاوە هەڵواسن، لە واقیعدا وەک هێزێکی دژەشۆڕش ئیشیان دەکرد، ئەم ئیشەیشیان بە سەر لەنوێ دانانەوەی دەسەڵاتدارە دێرینەکان جێبەجێ دەکرد، واتە هەوڵێک بوو بۆ لکاندنەوەی ئەو زنجیرانەی کە لە یەکتر پچڕابوون، بە کوژاندنەوەی ئاگری شۆڕش لە هەر کوێیەک کە بڵێسەی دابێت، بەوەی کە خۆیان هیچ نەکەن و نەیشهێڵن کەسێک کارێک بکات. لە ماوەی مانەوەیاندا لە سیڤیل، لە ٢٠ی ژووڵای ١٨٠٩دا، تەنانەت دەوڵەتی تۆری ئینگلیس[1] هەستی بەو زەرووڕەتە کردبوو کە یادداشتێکیان بۆ بنێرێت و بەتوندی ناڕەزایی خۆی بەرانبەر بەو بەزمە دژەشۆڕشەی کە دەیگێڕن دەرببڕێت، ئەوان لەوە تێدەگەن کە دەیانەوێت وزەی لایەنگریی گشتیی خەڵک لەناو ببەن. لە شوێنێکدا نیشان دراوە کە ئیسپانیا لەبەرانبەر هەموو ڕەهەندە نگریسەکانی شۆڕشدا خۆی ڕاگرت بەبێ ئەوەی هێزێکی شۆڕشگێرانە بەدەست بهێنێت. ئەگەر بێتوو حەقیقەتێک لەمەدا بێت، ئەوا ئیدانەکردنێکی بەربڵاوە کە لە ئەنجومەنی ناوەندیدا پەسند کرا.

پێمان وایە گەلێک پێویستە لەسەر ئەم خاڵە ڕابووەستین، چونکە هەرگیز لەلایەن هیچ مێژووزانێکی ئەورووپاییەوە گرنگییە بێهاوتاکەی دەرک نەکراوە. لە سێبەری دەسەڵاتی ئەنجومەنی ناوەندیدا، بە چەشنێکی زۆر تایبەتی دەکرا واقیعیەت و زەروورەتەکانی بەرگریی نەتەوەیی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی ئیسپانیا و ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆماڵی تێکەڵ بکرێن، کە بەبێ ئەمانە هەر چەشنە دەستوورێکی سیاسی وەک خەون و خەیاڵێک دەچوون کە لە شەڕێکی چکۆلەی ژیانی ڕاستەقینەدا بە با دەدرا. کۆرتێزەکان کەوتنە دۆخێک دژ بەوەی تێیدا بوون –بۆ شوێنێکی دوور لە پێنینسوڵا[2] گەڕانەوە؛ لە ماوەی دوو ساڵدا بەهۆی گەمارۆی سوپای فەڕەنسەوە لە جەستەی سەرەکیی مونارشی دابڕان و بەم شێوەیە ئیسپانیای ئایدیالیان نوێنەرایەتی دەکرد و ئیسپانیای ڕاستەقینەیش یان شکستی هێنابوو یاخود لە شەڕدا نوقم بووبوو. لە هەمان کاتدا، کۆرتێزی ئیسپانیا کرابوو بە دوو بەشەوە. لە ئیسلا دێ لیۆن[3]، بیرۆکەی بێکردەوە هەبوو – لە سەرجەم بەشەکانی تری ئیسپانیادا کردەوەی بێ بیرۆکە هەبوو. لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی ناوەندی، بەپێچەوانەوە، لە کەشێکی پڕ لە لاوازیی بێوێنەدا،

1. English Tory Government
2. Peninsula
3. Isla de Leon

بـەبێ توانـایی و بە ئیرادەیەکـی نەخۆشـەوە لەلایەن دەوەڵەتـی بـاڵاوە ناچـار کـرا هێڵێکـی جیاکەرەوە لە نێوان جەنگی ئیسپانیا و شۆڕشی ئیسپانیادا بکێشێت. کەوابوو، بەپێچەوانەی ئەو شتەی نووسەرانی فەڕەنسەیی و ئینگلیسی گوتوویانە، کۆرتێز شکستی هێنا بەڵام نەک بەهۆی ئەوەوە کە شۆڕشگێڕ بوو بەڵکوو بەهۆی ئەوەوە کە باو و باپیرەکانیان کۆنەپەرست بوون و وەرزی شیاوی کرداری شۆڕشگێڕانەیان لە کیس چووبوو. نووسەرە مۆدێرنەکانی ئیسپانیا کەوتوونەتە بەر ڕەخنەی ڕەخنەگرانی ئانگلۆ –فەڕەنسەییەوە، بەڵام بەمحاڵەیش نەیانتوانیوە ڕەخنەکانی ئەوان ڕەت بکەنەوە و هێشتا لەژێر گاڵتەکانی ئابێ دی پرادت[1]دا پەلەقاژە دەکەن کە گوتوویەتی: "خەڵکی ئیسپانیا لە ژنەکەی سگانارێلا[2] دەچن کە حەزی دەکرد لێی دەن."

1. Abbé de Pradt
2. Sganarelle

## ٥

# [جەنگی گەریلایی]

ئەنجومەنی ناوەندی نەیتوانی بەرگری لە وڵاتەکەیان بکات چونکە لە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو. ئەوان دەیانزانی کە هێز و وزەیەکی ئەوتۆیان نەماوە، مەیلێکی ناساقامگیریان بۆ دەسەڵات تێدایە و لەنێو خەڵکیشدا هۆگریان نەماوە؛ کەوابوو چۆن دەیانتوانی وڵامی ژەنەڕاڵە هەڤڕک و ئیرەیی‌بەر و لەخۆباییەکان بدەنەوە کە لە هەموو سەردەمێکی شۆڕشگێڕیدا ئامادە بوون؟ جگە لە فێڵ و پیلان چ ڕێگەیەکیان لە بەردەمدا مابوو؟ لەو ترس و دوودڵییە هەمیشەییەیانەدا مانەوە کە سەرۆکە سەربازییەکانیان هەیانبوو، لەوانەیە حەق بدەین بە ویلینگتۆن کاتێک کە لە ١ی سێپتەمبەری ١٨٠٩دا بۆ براکەی خۆی واتە وارکۆس وێلسلی[1] نووسی کە:

> "من زۆر دەترسم لەو کارانەی کە تاکوو ئێستا ئەنجومەنی ناوەندی کردوویەتی، مەبەستم ئەو کارانەیە لە بواری دابەشکردنی هێزەکانیدا کردوویەتی؛ ئەوان ئەوەندەی کە بە پیلانی سیاسی و گەیشتن بە ئامانجی سیاسیی هیچ و پووچ بایەخ دەدەن ئەوەندە بایەخ بە بەرگریی سەربازی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان نادەن."

لە سەردەمانی شۆڕشگێڕیدا، کاتێک هەموو پێوەندییەکانی ئیتاعەت و گوێڕایەڵی دەپچڕێت، تاقە ڕێگەی پاراستنی بەندوبەستی سەربازی بریتییە لە هەبوونی بەندوبەستی مەدەنی و ناوخۆیی سەختگیرانە بەسەر ژەنەڕاڵەکاندا. کاتێک ئەنجومەنی ناوەندی لە ڕەنگ و ڕواڵەتی ئاڵۆزی خۆیدا هەرگیز نەیتوانیت ژەنەڕاڵەکان کۆنترۆڵ بکات، ژەنەڕاڵەکانیش هەرگیز ناتوانن سەربازەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن؛ بەم شێوەیە سوپای ئیسپانیا تا کۆتایی جەنگ هەرگیز نەگەیشتە ڕادەیەکی مامناوەند لە نەزم و ئیتاعەت. بەهۆی پێویستبوونی خۆراک، جلوبەرگ و هەموو پێداویستییە مادییەکانی سوپایەک، ئەم نافەرمانییە بەردەوام دەمێنێتەوە- هەر وەک ناپیلئۆن دەیگوت، ویژدانی سوپایەک بە بارودۆخە مادییەکانەوە گرێ دراوە. ئەنجومەنی ناوەندی بەباشی نەیدەتوانی پێداویستییەکان بۆ سوپا دابین بکات، چونکە بەیاننامەکانی شاعیرە

1. Marquis of Wellesley

هەژارەکەی کوانتان[1] لەم بارەیەدا هیچی پێ نەدەکرا و، بۆ ئەوەی جەبر و گوشارێک بخاتە پاڵ فەرماندەکانیان دەبوا بگەڕێنەوە بۆ ئەو پێوەرە شۆڕشگێڕانەی خۆیان کە لە کاتی خۆیدا لە پارێزگاکاندا مەحکوومیان کردبوو. تەنانەت سەربازگیریی گشتی، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ مافێکی تایبەت، ئەو ئیمکانەی بە ئیسپانییەکان دەدا بۆ هەر پلە و پایەیەکی سەربازی کە بیانهەوێت سەر بکەون؛ ئەمانە هەموو کاری ئەنجومەنە پارێزگاییەکان بوو نەک ئەنجومەنی ناوەندیی. ئەگەر شکستەکانی سوپای ئیسپانیا بەرهەمی ناتوانییە دژە شۆڕشەکانی ئەنجومەنی ناوەندی بوو، هەر ئەم کارەساتانە لە جێگەی خۆیدا ئەو دەوڵەتەیان داڕماند؛ هەروەها بەئامانجکردنی دەوڵەت بۆ هەموو سووکایەتی و گومانێکی هەمووانی، بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆرتر پشت بە سەرۆک و فەرماندە سەربازییە خۆبەزلزان بەڵام بێ تواناکان ببەستن.

سوپای هەمیشەیی و جێگیری ئیسپانیا، گەر لە هەموو شوێنێک شکستی دەهێنا دیسان لە هەموو شوێنێک خۆی نیشان دەدایەوە. زۆرتر لە بیست جار بڵاوەیان پێ کراوە، بەڵام هەمیشە ئامادە بوون بۆ ئەوەی سەرلەنوێ جەبهەیەکی نوێ نیشان دوژمن بدەن و زۆر جار سەرلەنوێ بە هێزێکی نوێوە لەدوای شکستێک دەردەکەوتنەوە. لێدانی ئەوان هیچ قازانجێکی تێدا نەبوو چونکە خێرا هەڵدەهاتن، هەر بۆیە خەسارە مرۆییەکانیان بەگشتی دابەزیبوو؛ ئەوان زۆر گرنگییان بەوە نەدەدا گۆڕەپانەکە بدۆڕێنن. بە ناڕێکوپێکی پاشەکشەیان دەکرد بۆ ناوچە شاخاوییەکان، بەڵام [[فەڕەنسەییەکان]] دڵنیا بوون لە شوێنێکی دیکەدا کە کەس چاوەڕوانی نەدەکردن سەرلەنوێ ساخ دەبنەوە و هەڵدەقوڵێنەوە، بە هێز و وزەیەکی نوێوە دێنەوە و تەنانەت ئەگەر نەتوانن لەبەرانبەر سوپاکانی فەڕەنسەدا بەرخۆدان بکەن لانی کەم دەتوانن بەردەوام بیانهێنن و بیانبەن و ناچاریان بکەن هێزەکانیان پەرتەوازە بکەن. لە ڕووسەکان خۆشبەختتر بوون، چونکە تەنانەت پێویستی بەوە نەدەکرد کە بمرن بۆ ئەوەی لە مردووەکانیان هێزێکی نوێ سەر هەڵ بداتەوە.

جەنگی پڕکارەساتی ئۆکانا[2] لە ١٩ی نۆڤەمبەری ١٨٠٩دا دوایین جەنگێکی بەنەزم بوو کە سوپای ئیسپانیا کردی؛ لەو کاتەوە ئەوان خۆیان دابەزاندە سەر شەڕی گریلایی. واقیعیەتی جێهێشتنی جەنگی بەنەزم سەلمێنەری لەناوچوونی ناوەندی نەتەوەیی دەوڵەت لەبەرانبەر ناوەندە ناوچەییەکاندا بوو. کاتێک کە کارەسات و بەڵاکانی سوپای هەمیشەیی بوو بە شتێکی ئاسایی، سەرهەڵدانی گریلاکان بوو بە ڕووداوێکی گشتی؛ خەڵک بەدەگمەن بیریان لە شکستە نەتەوەییەکان دەکردەوە، دڵخۆش بوون بەو سەرکەوتنە ناوچەییانەی کە قارەمانەکانیان وەدەستیان دەهێنا و گۆڤەندیان بۆ دەگێڕان. لەم کاتەدا، لانیکەم ئەنجومەنی ناوەندی لەم فریو

1. Quintana’s manifestoes
2. Ocaña

و هەڵخلەتاندنەی خەڵکدا سەرپشک بوو. لە گاسێتا[1]دا شرۆڤەیەکی چڕوپڕتر لە کاروباری گریلاکان نووسراوە، وردتر لەو شتەی کە سەبارەت بە جەنگی ئۆکانا هەیە.

کاتێک دۆن کیشۆت[2] بە نێزەکانییەوە بەرانبەر بە بارووت وەستایەوە، گریلاکانیش دژ بە ناپیلئۆن هەستانەوە، بەس ڕێژەی سەرکەوتنیان جیاواز بوو.

هەروەک گۆڤاری سەربازیی نەمسا[3] (بەرگی ١ی ١٨٢١) دەڵیت: "ئەم گریلایانە وەک شێوازێکی باو، کەلوپەلە سەرەکییەکانیان بە کۆڵیانەوە هەڵدەگرت و هەموو ئۆپەراسیۆنێک دژ بەوان دواجار بە ونبوون و نەمانی ئامانجەکانیان کۆتایی پێ دەهات."

لە مێژووی جەنگی گریلاییدا سێ قۆناغ دەکرێت لە یەکتر جیا بکرێنەوە. لە قۆناغی یەکەمدا، دانیشتووانی هەموو پارێزگاکان چەکیان هەڵگرت و جەنگێکی پارتیزانییان هەڵگرساند، وەک گالیسیا و ئاستووریاس[4]. لە قۆناغی دووەمدا، دەستەکانی گریلایی بەشێکیان لە سوپای ئیسپانیا پێک هێنا، کە پێکهاتبوون لە هەڵاتووەکانی سوپاکانی فەڕەنسا و قاچاخچییەکان و کەسانی هاوشێوە کە هەر کام لەسەر هۆ و ئامانجی تایبەت بە خۆیان دەجەنگان؛ ئەوان لە هەموو کارتێکەرییەکی دەرەکی سەربەخۆ بوون و، لەسەر بەرژەوەندییە نزیکەکانیان ڕێک کەوتبوون. ڕووداو و بارودۆخە خۆشەکان هەر یەک لە هەرێمەکانی هێنایە ژێر چەتری ڕەنگەکانی خۆیانەوە. تا ئەو کاتەی کە گریلاکان بەم شێوەیە دامەزرابوون وەک هێزێکی ترسناک دەردەکەوتن. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لە پێش چاوی فەڕەنسەدا گەلێک ترسناک بوون؛ ئەوان بنەمای چەکدارکردنی ڕاستەقینەی خەڵک بوون. هەر کە دەرفەتێک هەڵدەکەوت بۆ داگیرکردن، یاخود کارێکی پڕمەترسی دەهاتە گۆڕێ، چالاکترین و بوێرترین کەسەکان لەنێو خەڵک دەهاتنە دەر و پەیوەست بە گریلاکان دەبوون. ئەوان بە خێراترین شێوە هێرشیان دەکردە سەر دەستکەوتەکان، یان بەپێی ئامانجی کارەکەیان خۆیان دەخستە ناو جەنگەی شەڕەکەوە. زۆر جار بۆ ئەوەی ڕێگە لە جێبەجێبوونی ئەرکەکانیان بگرن یاخود دەست بەسەر شمەکە هاوردەکانیاندا بگرن لە سەرانسەری ڕۆژدا لەپێش چاوی دوژمنی وریادا لە هاتووچوودا بوون. بەم شێوە بوو کە مینا[5]ی گەنج ڤیسێرۆی ناڤارا[6]ی دەستبەسەر کرد کە لەلایەن ژۆزێف بوناپارتەوە دەستنیشان کرابوو، وە ژوولیان[7] بوو بە زیندانی فەرماندە سیوداد رۆدریگۆ[8]. هەر کە ئەم ئەرکە بوێرانە جێبەجێ دەکرا و کۆتایی پێ دەهات، هەر کەس و بە

1. *Gaceta*
2. Don Quixote
3. Austrian Military journal
4. Asturias
5. Mina
6. Viceroy of Navarra
7. Julian
8. Ciudad Rodrigo

ڕێگەی خۆیدا دەگەڕایەوە، چەکدارەکانیش بە هەموو شوێنێکدا بڵاوەیان دەکرد؛ بێجگە لە جووتیارەکان کە بەگشتی دەگەڕانەوە سەر ئیشەکەیان بەبێ ئەوەی "نەبوونیان سەرنجی کەسێکی ڕاکێشابێت." بەم شێوەیە هەموو هاتووچووەکان لە جادەکاندا دادەخران. سەدان دوژمن خۆیان حەشار دەدا، هەر بۆیە هیچیان نەدەدۆزرانەوە. هەر هەواڵبەرێک تێدەپەڕی دەگیرا؛ هیچ پیداویستییەک نەبوو کە بنێردرێت و ڕێگەی لێ نەگیرێت؛ بەکورتی، هیچ جووڵەیەک نەبوو کە سەدان چاو چاوەدێری بەسەردا نەکات. لە هەمان کاتدا، لە تێکەڵەی هەموو ئەمانەدا مانایەکی بەرچاو بەدی نەدەکرا. فەڕەنسا ناچار بوو بەردەوام دژ بە دوژمنێک تەیار بێت کە بەردەوام لە هەڵاتندا بوو و هەمیشەیش دەردەکەوتەوە، لە هەموو شوێنێک هەبوو بەبێ ئەوەی بە ڕاستی لە شوێنێکدا ببینرێت، شاخەکان کۆمەڵێک پەردە بوون کە ئەوانیان حەشار دەدا.

ئابێ دێ پرادت[1] دەڵێت: "ئەوەی هێزە فەڕەنسییەکانی ماندوو دەکرد نە جەنگ بوو نە ڕووبەڕووبوونەوەکان، بەڵکوو دەستدرێژییە نەبڕاوەکانی دوژمنێکی نادیار بوو، دوژمنێک کە ئەگەر بەدوای دەکەوتیت لەنێو خەڵکدا ون دەبوو و سەرلەنوێ بەخێرایی بە هێزێکی بووژاوەوە دەردەکەوتەوە. وێنەی ڕاستەقینەی سوپای فەڕەنسا، وێنەی ئەو شێرەیە کە بە دەستی دەعبایەکی وردەوە ئازار دەچێژێت."

لە سێهەمین قۆناغدا، گریلاکان لاسایی سوپایەکی سەقامگیر و بەنەزم دەکەنەوە، دەستە و گرووپەکانی خۆیان گەیاندەبووە ٣ بۆ ٦ هەزار پیاو، وازیان لەوە هێنابوو کە خۆیان لە کاروباری هەموو هەرێمەکاندا هەڵقورتێنن؛ لەژێر دەسەڵاتی تاقە چەند فەرماندەدا مابوونەوە کە بە باشترین شێوە ئەوانیان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بەکار دەهێنا. ئەم گۆڕانکارییە لە سیستمی گریلاکاندا قازانجی زۆری بۆ فەڕەنسا لەو شەڕانەدا کە لەگەڵیان دەکرد، هەبوو. چیدی بەم ژمارە زۆرەوە کە هەیانبوو نەیاندەتوانی هەروا خۆیان حەشار بدەن، نەیاندەتوانی خێرا بێئەوەی ناچار بە شەڕ بن خۆیان بشارنەوە؛ واتە ئەو کارەی کە پێشتر دەیانکرد. ئێستە گریلاکان زۆر جار دەکەونە بۆسەوە، شکست دەهێنن، پەرتەوازە دەکرێن و ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانن هێرشێکی نوێ بکەنەوە سەر دوژمن.

بە بەراوردکردنی ئەم سێ قۆناغەی شەڕی گریلایی لەگەڵ مێژووی سیاسی ئیسپانیا، دەردەکەوێت کە دەرەجاتێکی جیاواز لە هەر یەک لەم قۆناغانەدا هەبوو کە لەواندا ڕۆحی دژە شۆڕشگێڕی دەوڵەت توانیویەتی ئاوری ڕۆحی شۆڕشگێڕیی خەڵک سارد بکاتەوە. ئەمە بە هەستانی سەرجەم هەموو جەماوەرەکانەوە دەستی پێ کرد، دواتر لەوێدا شەڕی پارتیزانی بوو

1. Abbé de Pradt

بە دەستە و گرووپی گریلایی، کە هەموو هەرێمێک بەش خۆی هێزی زەخیرەی هەبوو؛ لە کۆتاییدا بوون بە دەستەگەلێکی تایبەت و، ئەمە درێژەی هەبوو تاکوو دەگەیشتە خاڵێک کە بوون بە تاقمێکی بچووکی چەتە یا خود ئاستێک کە وەک دەستەیەکی سەربازیی سەقامگیر و بەنەزم ئیشیان دەکرد.

بێگانەیی و نامۆبوون لە دەوڵەتی باڵا[1]، دیسیپلینی نەرم و بگۆڕ، کارەساتی بەردەوام، پێکهاتن و هەڵوەشانەوەی بەردەوام و دیسان پێکهاتنەوە، لە درێژایی شەشساڵی *کادرێز*[2]دا، بەناچار بوو بە هۆی ئەوەی کە لەسەر جەستەی سوپای ئیسپانیا مۆرکی پریتۆریانیسم[3] بدرێت، ئەمە وای لێ کردن کە ببن بە ئامرازێک یان نەقیزەیەک لە دەستی سەرۆکەکانیاندا. ژەنەراڵەکان خۆیان بەپێویست لە دەوڵەتی ناوەندیدا بەشدارییان کردبوو، شەڕیان لەگەڵ کردبوو و پیلانیشیان دژی گێڕابوو، وە هەمیشەیش قورسایی شمشێرەکانی خۆیان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی بەکار دەهێنا. کەوابوو، کۆستا[4]، کە وا دیاربوو لەوە بەدوا بە هەمان ڕێژە کە جەنگەکانی دەدۆڕاند دەیتوانی بڕوا و متمانەی ئەنجومەنی ناوەندیش بەدەست بهێنێت، دەستی دایە پیلانگێڕی لەگەڵ *کۆنسیجۆی ڕییال* و، نوێنەرانی لیۆنێس[5]ی لە ئەنجومەنی ناوەندی دەستبەسەر کرد. خودی ژەنەراڵ مۆرلا[6] کە ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەندی بوو، لە دوای ئەوەی مادریدی دا بە دەستی فەرەنسەوە، بە کەمپی بوناپارتیستەکاندا تێپەڕی. مارکۆز دێ لاس ڕۆمێریاسی خۆنوێن و لەخۆبایی، کە ئەویش ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەندی بوو، لەگەڵ فرانچێسکۆ پالافۆکس[7]ی خۆبەزلزان و مۆنتیجۆ[8]ی بێوڵەت و ئەنجومەنی سەرکێشی سیڤیل، دەستیان دا بەدەستی یەکترەوە و دژ بە ئەنجومەنی ناوەندی وەستانەوە. ژەنەراڵەکان کاستانۆس، بلێکو لابیسبال[9] (کە لە بنەماڵەی ئۆدۆنێل[10] بوو) لە سەردەمی کۆرتێزەکاندا هەستانە سەر پێ و، بە فێڵ و تەڵەکە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و بوون بە قایم مەقامی پادشا و کەپتان – ژەنەراڵی ڤالێنسیا، دۆن جاڤێر ئێلیۆ[11]؛ وە لە کۆتاییدا ئیسپانیایان تەسلیمی کەرەم و گەورەیی فێردیناندی حەوتەم کرد. بەدەڵنیاییەوە، توخمی پریتۆریانی بە هۆی ژەنەراڵەکانەوە پەرەی سەند نەک بە هۆی هێزەکانیانەوە.

---

1. Supreme Government
2. cadrez
3. praetorianism : کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بە زەبر و زەنگ لەلایەن کەمینەیەکی پردەسەلات. (وەرگێڕ)
4. Cuesta
5. Leonese
6. Morla
7. Francisco Palafox
8. Montijo
9. Castaños, Blake, La Bisbal
10. O'Donnell
11. Don Javier Elío

له لایه‌کی دیکه‌وه، سوپا و گریلاکان – که له ماوه‌ی جه‌نگدا به‌شێک له فه‌رمانده‌کانی خۆیان، بۆ وێنه که‌سانێک وه‌ک پورلییێر، لاسی، ئیرۆلێس و ڤیلاکامپا[1]، له ڕیزی ئه‌فسه‌ره پایه‌به‌رزه‌کانی پێشه‌وه وه‌رگرتبوو و له هه‌مان کاتدا جه‌به‌هه‌ی پێشه‌وه‌یش له کاتی خۆیدا کۆمه‌ڵێک له فه‌رمانده گریلاکانی وه‌ک مینا، ئیمپێسینادۆی[2] و... له‌وان وه‌رگرتبوو – شۆڕشگێڕترین به‌شی کۆمه‌ڵگه‌ی ئیسپانیا بوون؛ ئه‌مانه هێزێکی نوێ بوون که پێک هاتبوون له هه‌موو ڕیزه‌کان به تایبه‌ت له گه‌نجه به‌گوڕ و نیشتمانپارێزه‌کان که ده‌ستی کاریگه‌ر و خه‌واڵووی ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندی به‌وان نه‌ده‌گه‌یشت؛ له هه‌موو ئه‌و به‌ندوبارانه‌ی ڕێژیمی کۆن و دێرین ئازاد و سه‌ربه‌ست بوون؛ به‌شێک له‌وان وه‌ک ریگۆ[3] له‌پاش چه‌ند ساڵان یه‌خسیری، له فه‌ڕه‌نسا گه‌ڕایه‌وه. که‌واته، ئێمه نابێت له‌و کارتێکه‌رییه سه‌رسووڕ بین که سوپای ئیسپانیا له‌سه‌ر ئه‌م بزووتنه‌وه گشتییانه هه‌یبووه؛ چ له‌و کاته‌دا که ده‌بێته پێشڕه‌وی شۆڕشگێڕ، چ له‌و کاته‌یشدا که به پریتۆریانیسم شۆڕش له‌ناو ده‌بات.

دیاره کاتێک گریلاکان بۆ ماوه‌ی چه‌ندین ساڵ له‌سه‌ر شانۆی جه‌نگێکی خوێناویدا ده‌رده‌که‌ون، خوو و خه‌سڵه‌تی چه‌ته به خۆوه ده‌گرن. ئازادانه هه‌ستی ڕق و قین، تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه و عه‌شقی تالانکردن له خۆیان نیشان ده‌ده‌ن. هه‌ر بۆیه ده‌بێت له سه‌رده‌می ئاشتی و ئارامیدا جه‌ماعه‌تێکی زۆر ترسناک و مه‌ترسیدار بن. چونکه هه‌میشه ئاماده‌ی ئاماژه‌یه‌کن بۆ ئه‌وه‌ی هه‌نگاو بۆ که‌سێک هه‌ڵبگرن که ده‌توانێت پاره‌یه‌کی باشتریان بداتێ یاخود بیانوویه‌کیان به ده‌سته‌وه بدات بۆ ئه‌وه‌ی گه‌شتێکی تالانکه‌رانه بکه‌ن؛ جا لێره‌دا گرنگ نییه به ناوی حیزبه‌وه بێت یان به ناوی پڕنسیپێک.

1. Porlier, Lacy, Eroles & Villacampa
2. Mina, Empecinado
3. Riego

## ٦

## [کۆرتێزی تایبەت دەستووری ژاکۆبێنی بەکار دەهێنێت]

لە ٢٤ سـێپتەمبەری ١٨١٠دا کـۆرتێزی تـایبەت لە ئایسـلەندی لیـۆن کـۆ بـووەوە؛ لە ٢٠ی فێبریی‌ەری ١٨١١ بەو لاوە شوێنی کۆبوونەوەکانی خۆیان بۆ کادیز گواستەوە؛ لە ١٩ی مارسـی ١٨١٢دا دەستووری بنەڕەتیی نوێیان ڕاگەیاند؛ لە ٢٠ی سێپتەمبەری ١٨١٣دا، سێ سـاڵ لەپاش قۆناغی دانیشتنە کراوەکانیان، دانیشتنەکانی ئەنجومەنیان داخست.

ئەو کەشەی کە ئەم کۆنگریسە تێیدا بەڕێوەچوو لە مێژوودا وێنەی نییە. لە کاتێکدا کە هیچ دامودەزگایەکی یاسادانەر هەتاکوو ئەو کاتە ئەندامانی خۆی لە ئاوەها بەشـگەلێکی زۆر جیاواز و جۆربەجـۆر لە جیهـان کـۆ نەکردبـووەوە، یـان نەیتوانیبـوو وای نیشـان بـدات کە ئاوەهـا سـەرزەوییەکی پـان و بەریـن لە ئەورووپـا و ئەمریکـا و ئاسـیا، بەم جـۆرە فـرەڕەگەزی و بەم جـۆرە ئـاڵۆزیی بەرژەوەنـدییانەوە کۆنتـڕۆڵ دەکـات– جێـی ئامـاژەیە کە نـزیکەی هەمـوو خـاکی ئیسـپانیا لەو کـاتەدا لە دەسـتی فەڕەنسـەدا بـوو- خـودی کـۆنگریس، کە لە ڕاسـتیدا بەهـۆی دوژمنانی نەسازەوە لە ئیسپانیا دابڕابوو و سپێردرابوو بە بەشێکی بچووکی وڵات، ناچـار بـوو لەژێـر سـێبەری گەمـارۆی سـوپای دوژمنـدا یاسـا دابڕێژێـت. لە سـووچێکی دوور لە ئیسـلا گادیتانا[1]، دەستیان دایە دامەزراندنی ئیسپانیایەکی نوێ، هەروەهـا کە باپیرانیـان ئەم کارەیـان لە چیاکانی کۆڤادونگا و سوبرارب[2] کردبوو. کەوابوو، چۆن دەتوانین وەها دیاردەیەکی نـامۆ، واتە دەسـتووری بنەڕەتیـی ١٨١٢ شـرۆڤە بکەیـن؟ دیـاردەیەک کە لەپـاش خـۆی تاجبەسـەرەکانی ئەورووپا، کە لە ڤێرۆنا[3] کۆ بووبوونەوە، وەک داهێنـانێکی ئـاگرینی ژاکۆبێنیسـم ناویـان دەهێنـا، واتە ئەو دیـاردەیەی کە لە مێشـکی ئیسـپانیای ڕوهبـانی و ڕەهـاخوازەوە دەسـتی پـێ کردبـوو؛ واتە لە هەمان سەردەمدا کە وا دەردەکەوت ئیسـپانیا بەگشـتی لە شـەپۆلەکانی جەنگی پیرۆزی دژ بە شۆڕشدا نوقم بووبێت. لە لایەکی ترەوە، چۆن دەتوانین شـرۆڤەی نەمـانی لەناکاوی هەر ئەم دەسـتوورە بنەڕەتییە بکەیـن کە وەک سـێبەرێک ون بـوو – وەک مێژووزانە ئیسـپانیاییەکە

---

1. *Isla Gaditana*
2. Covadonga and Sobrarbe
3. Verona

دەڵێت هەر وەک "سێیەری خەونێک" بوو – ئەو کاتەی کە لە بۆربۆن[1] نزیک بووبووەوە؟ ئەگەر لەدایکبوونی ئەو دەستووورە خۆی لە خۆیدا وەک مەتەڵێک وایە، مەرگەکەیشی کەمتر لە مەتەڵ نییە. بۆ هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە پێشنیارمان ئەوەیە کە بەکورتی بەسەر دەستووری ١٨١٢دا بچینەوە کە ئیسپانیاییەکان لە دوو قۆناغی یەک لەدوای یەکدا ویستیان کردەکی بکەن، یەکەم لە ساڵانی١٨٢٠ تاکوو ١٨٢٣دا و دووەم لە ساڵی ١٨٣٦دا.

دەستووری ساڵی ١٨١٢، ٣٨٤ مادە لەخۆ دەگرێت و بریتییە لەم ١٠ بەشەی خوارەوە: ١) سەبارەت بە نەتەوەی ئیسپانیا و ئیسپانیاییەکان؛ ٢) خاک و نیشتمانی ئیسپانیا، ئایینەکەی، دەوڵەتەکەی و هاووڵاتیانی ئیسپانیا؛ ٣) سەبارەت بە کۆرتێزەکان؛ ٤) سەبارەت بە پادشا؛ ٥) سەبارەت بە دادگاکان و بەڕێوبەرایەتیی داد لە باسەکانی مەدەنی و سزادا؛ ٦) سەبارەت بە دەوڵەتی ناوخۆ لە پارێزگا و ناحیەکاندا؛ ٧) سەبارەت بە باج؛ ٨) سەبارەت بە هێزی سەربازیی نەتەوەیی؛ ٩) سەبارەت بە سیستەمی فێرکاری؛ ١٠) سەبارەت بە چاودێری بەسەر دەستوور و شێوازی گۆڕانکاری لەودا.

دەستوور بەم پرنسیپەوە دەچێتە پێش کە دەڵێت:

"سەروەری و حوکمرانی لە جەوهەردا لەنێو نەتەوەدا سەقامگیرە، کەواتە مافی دانانی یاسا بنەڕەتییەکان تەنیا هیی ئەوانە."

بەڵام بەمحاڵە، ئەم دەستووورە جۆرێک دابەشکاریی دەسەڵاتەکانیش ڕادەگەیێنێت، لێرەدا دەڵێت:

"دەسەڵاتی یاسادانان هەین کۆرتێز و پادشایە،" "جێبەجێکردنی یاساکان بە پادشا دەسپێردرێت،" "بەکارهێنانی یاسا لە کاروباری مەدەنی و سزادا لە قۆرغی دادگاکاندایە؛ نە کۆرتێز و نە پادشا لە هیچ بوارێکدا ڕێگەیان پێ نادرێت دەست لە دەسەڵاتداریی دادوەری وەربدەن، یان پشتیوانی لە حاڵەتێکی ڕاگیردراو بکەن یاخود فەرمان بە پێداچوونەوە بەسەر دادوەری و حوکمە دراوەکاندا بکەن."

بنەمای نوێنەرایەتیی نەتەوەیی تەنیا و تەنیا ژمارەی دانیشتووانە، یەک نوێنەر بۆ هەر٧٠٠٠٠ کەس. کۆرتێز بریتییە لە یەک ماڵ، بەکورتی: خەڵکی ئاسایی[2]، هەڵبژاردنی نوێنەرەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەموانییەوە. مافی هەڵبژاردن بۆ سەرجەم هەموو ئیسپانیاییەکانە، جگە لە خزمەتکارە پەستەکان، ماڵوێرانبووەکان و تاوانبارەکان. پاش ساڵی ١٨٣٠ هیچ هاووڵاتییەک ئەگەر نەیتوانیبا بخوێنێت و بنووسێت، نەیدەتوانی لەم مافە بەهرەمەند

---

1. Bourbon: بنەماڵەی پاشایەتی ئیسپانیا. (وەرگێڕ)

2. commons

بێت. بەڵام، ئەم هەڵبژاردنە ناڕاستەوخۆیە دەبێت بە سێ پلەی هەڵبژرادنی ناحیەیی و هەرێمی و پارێزگاییدا تێپەڕێت. هیچ تایبەتمەندییەک بۆ نوێنەر دەستنیشان نەکراوە. بەپێی مادە ٩٢، ئەمە ڕاستە کە تاک "بۆ ئەوەی شیاوی نوێنەرایەتیی کۆرتێز بێت پێویستە داهاتێکی گونجاوی ساڵانەی هەبێت کە لە دارایی کەسیی ڕاستەقینەی خۆی زۆرتر بێت،" بەڵام مادەی ٩٣ مادەکەی پێشووی خۆی هەڵپەسارد تا ئەو کاتەی کە کۆرتێز لە کۆبوونەوەکانی داهاتوویدا قۆناغی گونجاو بۆ بەکردەییکردنی ئەم مادەیە ڕاگەیێنێت. پادشا نە مافی ڕاگرتنی کۆرتێزی هەیە نە هەڵوەشاندنەوەی؛ ئەو هەموو ساڵێک لە ڕۆژی یەکی مارسدا لە پایتەخت دەبێت. دەچێتە کۆرتێز بەبێ ئەوەی بانگهێشت بکرێت و بۆ ماوەی لانیکەم سێ مانگ یەک لەدوای یەک لە کۆبوونەوەکانی ئەوێدا بەشدار دەبێت.

دوو ساڵ جارێک کۆرتێزێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت و هیچ نوێنەرێک بۆی نییە لە دوو کۆرتێزی بەدوای یەکدا ببێتە نوێنەر؛ واتە یەک کەس تەنیا دەتوانێت لە کۆتێزێکی دیکەدا بەشدار بێت ئەگەر بەسەر نوێنەرایەتیی کۆرتێزی یەکەمیدا دوو ساڵ تێپەڕیبێت. هیچ نوێنەرێک بۆی نییە داوای خەڵات، مووچەی خانەنشینی یان مافێکی تایبەتی لە پادشا بکات. سکرتێرەکانی دەوڵەت ڕاوێژکارانی حکوومەتن و، ئۆفیسە تەواوکەرەکانی بنەماڵەی پاشایەتی ناتوانن ببن بە نوێنەری کۆرتێز. هیچ ئەفسەرێکی گشتیی دامەزراو لەلایەن حکوومەتەوە نابێت بۆ نوێنەرایەتیی کۆرتێزی پارێزگایەک هەڵبژێردرێت کە لەوێ لابراوە و متمانە پێی نەماوە. بۆ قەرەبووکردنەوەی خەرجی نوێنەرەکان، پارێزگاکانیان دەبێت لە دابینکردنی خەرجی هاتوچووەکانیاندا یارمەتییان بدەن؛ واتە ئەو کاتەی کە کۆرتێز لە دووەمین ساڵی هەموو نوێنەرایەتییەکدا وەبیری لێژنەی نوێنەرایەتی دەهێنێتەوە کە دەبێت شوێنی خۆیان بە کەسێکی دیکە بدەن، پارێزگاکان دەبێت لە بیری دابینکردنی ئەو برە پارەیەدا بن. کۆرتێز ناتوانێت کاتێک پادشا لەوێ ئامادەیە ڕاوێژ لەسەر بابەتەکان بکات. لەو کەیسانەدا کە وەزیرەکان دەیانەوێت بە ناوی پادشاوە پێوەندی لەگەڵ کۆرتێز بکەن، ئەوا کۆرتێز کاتێکی گونجاو دیاری دەکات و ڕێگەیان پێ دەدات بێنە ناو کۆرتێز و لە باسەکاندا بەشدار بن؛ بەم شێوەیە کۆرتێز قسە لەسەر کەیسەکانیان دەکات بەڵام ناتوانن بەشداری دەنگدان ببن. پادشا، پرەنسی ئاستۆریاس[1] و قایم مەقامی پادشا دەبێت لە بەردەم کۆرتێزدا سوێند بە دەستووری بنەڕەتی بخۆن؛ ئەمە کۆرتێزە کە لێپرسینەوە لە هەموو واقیعیەت و مافێک دەکات کە بۆ تاجبەخشین بۆ جێنیشینی و، ئەگەریش پێویست بوو بۆ هەڵبژاردنی قایم مەقام پێویستن. لەپێش دەرچوونی فەرمانی هەموو جۆرە پەیمانێکی هاوپەیمانێتی، هێرشکردن یاخود یارمەتیی خەرج و دارایی،

1. Asturias

پەسندکردن یا ڕەتکردنەوەی هاتنی هێزی بیانی بۆ ناو پانتایی دەسەڵاتی پاشایەتی، فەرمانی دامەزراندن یان داخستنی ئۆفیسەکانی مەحکەمەکان کە بەپێی دەستوور دامەزراون وە هەروەها دانان و هەڵوەشاندنەوەی ئۆفیسە گشتییەکان، کۆرتێز دەبێت پەسندیان بکات. لەسەر داوای کۆرتێز، دەشێت هەموو ساڵێک لە کاتی ئاشتی و جەنگدا، هێزەکانی زەوی و دەریا لەسەر پێشنیاری پادشا، فەرمانگەلێک بۆ سوپا و کەشتییە جەنگییەکان و شەڕوانە نەتەوەییەکان دەربکەن؛ خەرجەکانی ئیدارەی گشتی دابین بکات؛ ساڵانە باجەکان دیاری بکات، داراییەکان بە قەرز بهێنێت و ئەگەر پێویست بوو لەسەر قەرزی سندووقە گشتییەکان بیهێنێت؛ بڕیار لەسەر هەمو ئەو شتانە بدات کە پێوەندی بە پارە و سەنگی کێشان و پێوەرەکانەوە هەیە؛ دانانی پلانی گشتی بۆ فێرکاری گشتی، بۆ پشتگیری لە ئازادی سیاسیی ڕۆژنامەکان، بۆ ڕاستی و کارامەیی بەرپرسیارەتی وەزیرەکان و هتد. پادشا تەنیا خاوەنی یەک دەنگی ڤیتۆیە کە ئەویش دەتوانێت لە دوو کۆبوونەوەی بەدوای یەکدا بە کاری بهێنێت، بەڵام ئەگەر پێویست بکات هەمان پڕۆژە یاسای نوێ بۆ جارێکی سێیەمیش پێشنیار بدرێتەوە و لەلایەن کۆرتێزی ساڵی دواترەوە پەسند بکرێت، ئەوا شا تێدەگات کە دەبێت پەسندی بکات و ناچارە ئەو کارە بکات. لەپێش ئەوەی کە کۆرتێز کۆتایی بە خولێکی خۆی بهێنێت کۆمیتەیەکی هەمیشەیی دەستنیشان دەکەن کە لە حەوت ئەندامی کۆرتێز پێک هاتوون؛ ئەوان لە پایتەخت دەمێننەوە هەتاکوو کۆبوونەوەی خولی نوێی کۆرتێز دەست پێ دەکاتەوە؛ دەسەڵاتی ئەوەیان پێ دەدرێت کە چاوەدێرییەکی زۆر ورد بەسەر دەستوور و بەڕێوەبردنی یاساکاندا بکەن؛ هەر چەشنە لادان و کارێکی لادەرانە لەوان بگەیێننە گوێی کۆرتێزی دواتر، وە دەسەڵاتی ئەوەی پێ دەدرێت کە لە کاتی هەستیاردا کۆرتێزێکی تایبەتی ڕابگەیێنێت و داوای کۆبوونەوەی بەپەلە بکات. پادشا ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی کۆرتێز پاشایەتی جێ بهێڵێت. ئەو بۆ هاوسەرگری پێویستی بە ڕەزامەندیی کۆرتێز هەیە. کۆرتێز ساڵانە بڕە پارەیەک بۆ بنەماڵەی پاشایەتی دەبڕێتەوە.

ئەنجومەنی پاشایەتی هەر هەمان ئەنجومەنی حکوومەتە کە لەوێدا وەزیرەکان هیچ کورسییەکیان نییە و پێک هاتووە لە چل کەس: چوار پیاوی کەلیسایی، چوار کەس لە نەجیبزادەکانی ئیسپانیا و، ئەوانی تر لە دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە دێن. هەموویان لەلایەن پادشاوە لە ڕووی لیستێکی سەد و بیست کەسی کە کۆرتێز پێی داوە هەڵدەبژێردرێن. بەڵام، هیچ نوێنەرێکی واقیعی ناتوانێت ببێتە ڕاوێژکار و هیچ ڕاوایژکارێکیش ناتوانێت ئۆفیسێک، مافێکی تایبەتی یان کار و پیشەیەک لە پادشا وەربگرێت. ڕاوێژکارانی دەوڵەت بەبێ دەلیل و بەڵگەی پێویست لە کار لانابردرێن، مەگەر پێشتر لەلایەن دادگای باڵای دادوەرییەوە حوکمی

لابردنەکەیان پەسند کرابێت. کۆرتێز مەعاش و موووچەی ئەم ڕاوێژکارانە دابین دەکات کە بیروبۆچوونیان سەبارەت بە بابەتە گرنگەکان لەلایەن پادشاوە دەبیسترێت؛ هەر ئەمان لیستی بەربژێرەکان بۆ شوێنە ئایینی و دادوەرییەکان ئاڕاستە پادشا دەکەن. لەو بەشانەدا کە پێوەندی بە لیژنەی دادوەرانەوە هەیە هەموو *کۆنسێجو* کۆنەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە و ڕێکخراوەیەکی نوێی دادوەری دەهێنرێتە ناو کایەوە. کاتێک کە وەزیرەکان بە کارێک تۆمەتبار دەکرێن ، یاخود بۆ ئەوەی زانیاری سەبارەت بە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە وەلا نراون یاخود لەلایەن ئۆفیسی ڕاوێژکارانی حکوومەتەوە جێی گومانن بە دەست بهێنرێت، ئەوا دادگایەکی باڵا بۆ لێپرسینەوەی وەزیرەکان دادەمەزرێت. بەبێ بەڵگەیەک سەبارەت بەوەی کە هەوڵ بۆ سازان دراوە، بەدواداچوون بۆ هیچ سکاڵایەک ناکرێت. ئەشکەنجە، زەبروزەنگ و زۆر و دەستگرتن بەسەر داراییەکاندا ناڕەوایە. هەموو دادگا تایبەت و جیاوازەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە جگە لە دادگای سەربازی و کەلیسایی، ئەمەیش دژ بەو بڕیارانەیە کە لەواندا سکاڵانووسین بۆ دادگای باڵای تێدا ڕێگەپێدراوە.

بۆ ئیدارەی ناوخۆی شارۆچکە و کۆمۆنەکان (هەڵبەت کۆمۆن لەو کاتەدا بوونی نەبوو و پێک دەهاتن لە دانیشتووانێکی ١٠٠٠ کەسی) دەبێت ئایۆنتامینتۆس دامەزرێت کە بریتین لە یەک یان چەند سەرۆکی دادگا، ئەندامانی ئەنجومەنی شار و ڕاوێژکارانی گشتی، کە لەلایەن سەرۆکێکی سیاسییەوە (کۆرێگیدۆر[1]) سەرۆکایەتی دەکرێت و دەبێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە هەڵبژێردرێن. هیچ ئەفسەرێکی گشتی، کە لەلایەن پادشاوە بەکار گیرابێت یاخود دەستنیشان کرابێت، بۆی نییە ببێت بە سەرۆکی دادگا و ئەندامی ئەنجومەنی شار و ڕاوێژکاری گشتی. فەرمانبەرانی شارەوانی دەبێت خەریکی ئەرکی گشتی بن و کەس بۆی نییە بەبێ دەلیل و هۆکارێکی یاسایی لەو ئەرکەی خۆی لا بدات. شەریکە شارەوانییەکان دەبێت هەموو ئەرکەکانیان لەژێر چاوەردەێری لیژنەی نوێنەرایەتی پارێزگاییدا جێبەجێ بکات.

دەبێت بەڕێوەبردنی سیاسیی پارێزگاکان لەلایەن سەرۆک شارەوانییەوە جێبەجێ بکرێت کە ئەویش لەلایەن پادشاوە دەستنیشان کراوە. سەرۆک شارەوانی لەگەڵ لیژنەیەکی نوێنەرایەتیدا پێوەندی هەیە کە ئەو خۆی سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن ناحییەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، واتە لەو کاتەدا هەڵدەبژێردرێن کە بۆ هەڵبژاردنێکی گشتیی ئەندامانی کۆرتێزێکی نوێ لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە. لیژنەکانی نوێنەرایەتیی پارێزگایی پێک هاتوون لە حەوت ئەندام کە لەلایەن سکرتێرێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە مووچەکەی کۆرتێز دەیدات. ئەم لیژنانە دەبێت لە ساڵدا بەلانی زۆرەوە ٩٠ ڕۆژ کۆبوونەوە و دانیشتنیان هەبێت. لە ڕووی

1. *corregidor*

ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە و ئەو ئەرکانەی بۆیان دیاری کراوە دەبێت وەک کۆمیتەیەکی هەمیشەیی کۆرتێز ڕەچاو بکرێن، هەموو ئەندامانی ئایۆنتامینتۆس و لیژنەکانی نوێنەرایەتی لە کاتی هاتنە ناو ئۆفیسەکەیان و دەستبەکاربوونیان دەشێت سوێندی وەفاداربوون بە دەستوور بخۆن. سەبارەت بە باجەکان، هەموو ئیسپانیاییەکان بەبێ جیاوازی ناچارن بەپێی ئەو شتەی هەیانە یارمەتی خەرجەکانی دەوڵەت بدەن. هەموو گومریکخانەیەک دەبێت ڕابگیردرێت جگە لەوانەی کە لە ڕۆخی دەریا یان سنوورەکاندان. هەموو ئیسپانیاییەکان چونیەک دەبێت خزمەتی سەربازی بکەن. لەپاڵ سوپای سەقامگیردا دەبێت دەستەگەلێک لە میلیشیای نەتەوەیی لە هەموو پارێزگایەکدا پێک بهێنرێت کە پێک هاتبوون لە خەڵکی هەر ئەو هەرێمە بەپێی ژمارەی دانیشتووانیان و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین. لە کۆتاییدا، دەستووری ١٨١٢ ناتوانێت لە هیچ وردەکارییەکیدا بگۆڕدرێت، لێی زیاد بکرێت یا خود ساخ بکرێتەوە تا ئەو کاتەی کە ٨ ساڵ بە سەر جێبەجێکردن و کارپێکردنیدا تێنەپەڕێت.

کاتێک کە کۆرتێز ئەم پلانەی پێشکەشی حکوومەتی ئیسپانیا کرد باش دەیزانی کە وەها دەستوورێکی سیاسیی مۆدێرن بەگشتی لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆندا ناکۆک دەبێت، هەر بۆیە زنجیرە فەرمانێکی دەرکرد بەو مەبەستەی کە گۆڕانکارییەکی ئۆرگانیک لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا پێک بهێنێت. لەوە بەدوا سیستمی پشکنینی بیروبڕوای هەڵوەشاندەوە. بازنەی دەسەڵاتی ئەربابی بەگشتی کورت کردەوە و لە ناوی برد؛ هەموو مافە تایبەتەکانی فیۆدالی لا برد کە قۆرغکارانە و ڕێگرانە و بێبەشکەرانە بوون؛ بۆ وێنە مافە تایبەتەکانی ڕاوکردن، ماسیگرتن، دارستانەکان، ئاشەکان و هتد.، مەگەر ئەوانەی کە بەپێی خاوەندارێتییەکی قورس بەدەستیان هێنابێت کە ئەویش دەبوا بدرێنەوە. ئەوان یاسای یەک لە دەیان لە سەرانسەری پاشایەتیدا کۆ کردەوە، ناوی هەموو ئەو بەربژێرانەیان ڕاگرت کە بۆ مەوقووفاتی کەلیسا نووسرابوون بەڵام لە ڕاستیدا بۆ خزمەتگوزارییە ئایینیەکانیش پێویست نەبوون؛ هەروەها هەنگاویان هەڵهێنا بۆ دەستگرتن بەسەر سەومەعە و خانقاکان و داراییەکانیاندا.

ئەوان ویستیان هەموو زەوییە بوورە بەرفراوانەکان و ناوچە و کۆمۆنەکانی پاشایەتیی ئیسپانیا بگۆڕنە سەر ملک و دارایی کەرتی تایبەت. ئەمەیشیان بە فرۆشتنی نیوەی ئەوان بۆ دانەوەی قەرزە گشتییەکان و دابەشکردنی نیوەکەی دیکەی لەنێو ئەو سەربازانەدا کە لەدوای جەنگی سەربەخۆییدا پەرتەوازە بووبوون دەکرد، واتە وەک ئەوە وابوو کە بۆ پاداشتی نیشتمانپارێزی خەڵات بکرێن. بەشی سێیەمیشیان بە خۆڕایی بە وەرزێرە هەژارەکان بەخشی، واتە بەو کەسانە کە مەیلیان بۆ ئەو زەوییانە هەبوو بەڵام پارەی کڕینیان نەبوو. ئیزنی ئەوەیان دا کە لەوەڕگە و ملک و دارایییە ڕاستەقینەکانی دیکە بە پەرژین و حەسار لە یەکتر جیا

بکرێنەوە، کە ئەم کارە پێشتر قەدەغە بوو. ئەوان ئەو یاسا هیچ و پووچانەیان هەڵوەشاندەوە کە ڕێگەیان نەدەدا لەوەڕگە ببێت بە زەوی کێڵگە و کشتوکاڵ، یان زەویی کشتوکاڵ ببێت بە لەوەڕگە؛ بەگشتی وردە وردە کەرتی کشتوکاڵیان لە ڕێسا هەڕەمەکی و گەمژەییەکان ڕزگار کرد. ئەوان هەموو یاسا فیۆدالییەکانیان سەبارەت بە کۆنتراکت و گرێبەستە جووتیاری و کشتوکاڵییەکانیان لەناو برد؛ هەروەها ئەو یاسایەی لەناو برد کە دەڵێت خاوەنێکی جێنشینی مڵکێکی وەقفکراو ئیتر ناچار نییە پابەند بە گرێبەستی خاوەن زەوییە پێشووەکە بێت و، بە نەمانی خاوەنە پێشووەکە ئەو گرێبەستەیش کاتی بەسەر دەچێت. ئەوان ڤۆتۆدی سانتیاگۆ[1] [یان دەنگی سانتیاگۆ]یان بەتاڵ کردەوە کە بە واتای باجێکی کۆن و دێرین بوو کە بە پێوەرێکی دیاریکراو لە باشترین نان و باشترین شەرابەکان لەلایەن کرێکارانی هەندێک پارێزگای دیاریکراوەوە بە مەبەستی مانەوەیان دەدرا بە سەرۆک ئۆسقۆف و لقەکانی سانتیاگۆ. فەرمانیان کرد بە وەرگرتنی باجێکی زۆرتر و زۆرتر.

ڕاگرتنی وڵاتە کۆلۆنییەکانی ئەمریکا یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان بوو، واتە ئەو وڵاتانەی کە لەم دواییانەدا سەریان هەڵدابوو و شۆڕشیان کردبوو؛ جۆرێک مافی یەکسانیی سیاسییان لەگەڵ ئیسپانیاییە ئەوروپاییەکان پێ بەخشرا، هەورەها لێبوردنێکی گشتییان بەبێ هیچ مەرج و جیاوازییەک ڕاگەیاند و، دژ بە سەرکوتکردنی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا و ئاسیا فەرمانیان دەرکرد، هەروەها میتاس[2]، ریپارتیمێنیۆس[3] و هتد.،یەکانیان هەڵوەشاندەوە؛ پاوانی بازرگانیی جیوەیان لابرد و بوون بە سەرکردەی ئەوروپاییەکان لە لەناوبردنی بازرگانیی کۆیلەدا.

دەستووری بنەڕەتی ساڵی ١٨١٢ کەوتە بەر ڕەخنە و ئیدانەکردن، لە لایەکەوە – بۆ وێنە لەلایەن خودی فێردیناندی حەوتەمەوە (بڕواننە فەرمانی ٤ی مەی ١٨١٤) دەگوترا ئەم دەستوورە جۆرێک لاساییکردنەوەی تەواوە لە دەستووری ١٧٩١ی فەڕەنسا کە لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتیی خەیاڵاوییەوە بەبێ ڕەچاوکردنی نەریتە مێژووییەکانی ئیسپانیا لکێندراوە بە خاکی ئەم وڵاتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئیدیعا دەکرا کە – بۆ وێنە لەلایەن ئابی دی پرادت (لە شۆڕشی هەنووکەیی یەکەمی ئیسپانیاوە[4]) – کە کۆرتێز بەبێ هیچ دەلیل و هۆکارێک چەسپاوە بە فۆرموولە کۆن و کاتبەسەرچووەکان، کە لە فۆیرێس[5] [[واتە مافە تایبەتە]] دێرین و

1. *voto de Santiago*
2. *mitas*
3. *repartimientos*. سیستمێکی کاری زۆرەکی یان بێگاری بوو کە لە ئەمریکای ئیسپانیا بەسەر خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەدا دادەسەپێنرا. (وەرگێڕ)
4. *De la Révolution actuelle de 1'Espagne*
5. *fueros*

کۆنەکـان وەرگیـراوە و بەگشـتی هینـی سـەردەمی فیۆدالەکـانە، واتە ئەو کـاتەی کە دەسـەڵاتی پاشایەتی بە کۆمەڵێک ماف و ئیمتیازی تایبەتیی نەجیبزادەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرا.

ڕاسـتییەکە ئەمەیە کە دەسـتووری ١٨١٢ نـوێکردنەوەی فۆیرێسـە دیرین و کۆنەکانە، بەڵام لەژێر تیشکی شۆڕشی فەڕەنسەدا دەخوێندرێتەوە و لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن ڕێـک خـراوە. بـۆ وێـنە، مـافی نـاڕەزاییدەربـڕین و سـەرهەڵدان بەگشـتی وەک یەکێـک لە بەرچاوترین داهێنانەکانی دەستووری بنەڕەتیی ژاکۆبێن لە ساڵی ١٧٨٣دا دەبینرێت، بەڵام ئێوە هەر ئەم مـافە لە فۆیرێسـەکانی دێرینـی سـوبراربی[1]شـدا دەبیـنن کە پێـی دەگوترێـت ئیمتیـازی یەکیەتـی[2]. هەروەهـا، لە دەسـتووری بنەڕەتـی و دێرینـی کاسـتیلیشـدا ئەمە دەبینرێـت. بەپێـی فۆیرێسـی سـوبراربی، پادشـا ناتوانێـت فەرمـانی جەنـگ یـاخود ئاشـتی و تەنـانەت بەسـتنی پەیمانەکانیش بدات بەبێ ئەوەی پێشـتر ڕەزامەندیی کۆرتێزی وەرگرتبێت. دانانی کۆمیتەیەکی هەمیشـەیی بـۆ چـاوەدێری تونـد و وردبینـانە بەسـەر دەسـتووردا، لەو کاتـانەدا کە کـۆمەڵی یاسادانەر بڕیارە ببووژێتەوە، زۆر لەمێژ بوو کە لە ئاراگۆن[3] دامەزرابوو، ئەم کۆمیتەیە پێک هاتووە لە ٧ کەس لە ئەندامانی کۆرتێز؛ لەو کاتەدا کە کۆرتێزە سـەرەکییەکەی مۆنارشـی دەبوا لە یەک جەسـتەدا یەکـی بگرتبـاییتەوە خـرایە بەر دەسـتی کاسـتیلەوە. لە قۆنـاغی هێرشـی فەڕەنسـەدا هێشتا دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەمە لە پاشایەتیی ناڤاڕێ[4]دا مابوو. سـەبارەت بە دامەزرانـدنی ئەنجـومەنی حکـوومەتی، کە لە ١٢٠ کەس پێـک هـاتووە و ئەنـدامەکانی لەلایەن کۆرتێزەوە پێشنیار دراون بە پادشا و مووچەکەیان لەلایەن ئەوانەوە دەدرێت، دەبێت بڵێین کە ئەم مەخلـوقە سـەیرەی دەسـتووری ١٨١٢ بە یـادی ئەو کـاریگەرییە کوشـندەیەوە دامەزرابـوو کە ژووری ڕاوێژ و پیلان لە هەموو پاشـایەتییەکانی ئیسـپانیادا هەیـانبووە. ویسـتی ئەنجـومەنی حکوومەتی ئەوە بوو کە ئەمە جێنیشینی ئەو ژووری پیلانە بکات. لەپاڵ ئەمەدا، دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەمە لە ڕابردوویشدا هەبووە. بۆ وێنە لە سـەردەمی فێردیناندی شەشـەمدا، پادشـا هەمیشە لەنێو بازنەی دوازدە کەسی ئاساییدا بوو کە لەلایەن شارەکانی کاستیلەوە دەستنیشان کرابـوون بـۆ ئەوەی وەک ڕاوێژکـاری نزدیـک و تـایبەتی خزمەتـی بکەن؛ وە لە سـاڵی ١٤١٩دا نـوێنەرانی شـارەکان سـکاڵایەکیان نووسـی کە تێیـدا دەگـوترا کۆمیسـاریاکانیان ئیـدی بـۆ ئەنجومەنی پاشـایەتی وەرنـاگیردرێن. وەدەرنـانی پایەبەرزترین مەقـام و ئەندامەکانی بنەمـاڵەی کـۆرتێز و هەروەهـا ڕێگریکـردن لە نـوێنەران لە بـۆ ئەوەی خەڵاتێـک یـان ئۆفیسـێک لە پادشـا وەربگـرن، لە یەکەم نیگـادا وا دیـارە کە لە دەسـتووری ١٧٩١ی [[فەڕەنسـە]] وەرگیرابێت و بە

1. Sobrarbe
2. *Privilegio de la Union*
3. Aragon
4. Navarre

چەشنێکی سروشتی لە چاوگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانەوە سەرچاوەی وەرگرتبێت کە دەستووری ١٨١٢ پاڵپشتی لێ دەکات. بەڵام، لە واقیعدا ئێمە نەک هەر لە دەستووری دێرین و کۆنی کاستیلدا ئەمە وەک ئەولەویەتێک دەبینین بەڵکوو ئەوەیش دەزانین کە خەڵک لە سەردەمانی جۆربەجۆردا هەڵدەستان و ئەو نوێنەرانەیان تیرۆر دەکرد کە خەڵات یان ئۆفیسێکیان لە کۆشک و شالیار وەرگرتبوو. ئەگەر دیاریکردنی جێگرەکان بۆ کەمینە مافی کۆرتێز بێت، ئەوا بەردەوام ئەم کارە لەلایەن کۆرتێزی کۆنی کاستیلەوە بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە کەمینەکانی سەدەی چواردەیەم کرابوو.

ئەمە ڕاستە کە کۆرتێزی کادیز پادشای لەو دەسەڵاتە هەمیشەییەی بێبەش کرد کە بۆ کۆکردنەوە یاخود هەڵوەشاندنەوە یان ڕاگرتنی کۆرتێز هەیبوو؛ بەڵام، کۆرتێزەکانیش لەو ڕوانگەیەوە کە پادشاکان مافی تایبەتیان پێ دەبەخشین خۆیشیان لەو بێ بەشییەیان چێشت، هەر بۆیە هیچ شتێکیان بۆ نەمایەوە جگە لەوەی کە ئەو ڕەوتە هەڵوەشێننەوە. ڕەنگە ئەم واقیعیەتانە بەس بن بۆ ئەوەی نیشانی دەین کە ئەو بەرتەسککردنەوانەی دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆشک – کە یەکێک لە سەختگیرانەترین ڕەهەندەکانی دەستووری ١٨١٢ بوون- زۆر بەوردی و بە شێوازێکی دیکە لەلایەن یادگارییەکانی دیکتاتۆریەتی قیزەونی گۆدۆیەوە باس کراوە و ڕیشەی لە فۆیریێسی ئیسپانیای کۆندا هەیە. بەڵام، کۆرتێزی کادیز کۆنترۆڵی لە دەستی چینە خاوەنمافە تایبەتەکان گواستەوە بۆ نوێنەرایەتیی نەتەوە. ئەوەی کە پادشاکانی ئیسپانیا چەندە لە فۆیریێسە کۆن و دێرینەکان دەترسان دەکرێت لەم واقیعیەتەدا ببینرێت کە کاتێک کە کۆمەڵێک لە یاسا نوێیەکانی ئیسپانیا لە ١٨٠٥دا بوون بە بابەتێکی پێویست و زەرووری، حوکمی پاشایەتی لەسەر ئەوە بوو هەموو پاشماوەکانی فیودالیسم کە لە کۆمەڵە یاساکانی ئەم دواییانەدا هەیە و، هیی ئەو کاتەن کە لاوازی و بێدەسەڵاتیی پاشایەتی، پادشای ناچار کرد لەگەڵ ڕەعیەتەکانی ڕێک بکەوێت و پەستی و سەرشۆڕی بۆ دەسەڵاتی باڵا لەگەڵ خۆی بێنێت، سەرجەم لەم یاسا نوێیانەدا لاببردرێت.

ئەگەر هەڵبژاردنی نوێنەرەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە بابەتێکی داهێنەرانە بوو، نابێت لە بیری بکەین کە کۆرتێزی ساڵی ١٨١٢ خۆی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵبژێردرابوو، هەروەها هەموو ئەنجومەنەکان لەو ڕێگەیەوە هەڵبژێرردران؛ کەوابوو، سنووردارکردنی ئەو ڕەوتە خۆیَ دەبوو بە جۆرێک شکاندنی ئەو مافانەی کە پێشتر خەڵک بەدەستی هێنابوو؛ وە لە کۆتاییدا، مەرجی دارایی، لەو کاتەدا کە هەموو داراییە ڕاستەقینەکانی ئیسپانیا بەهۆی وەقفەوە چەقی بەستبوو، بەشێکی گەورەتر لە دانیشتووانی دەخستە دەرەوەی بازنەکە.

کۆبــوونەوەی نوێنەرەکــان لە یەک خــانوودا هەرگیــز کــۆپییەک لە دەســتووری ١٧٩١ی فەڕەنســا نەبــوو، وەک ئەوەی ئەنــدامانی ڕووگــرژی حیزبــی کرێکــاری ئینگلــیس هەیــانبوو. خــوێنەری ئــێمە دەزانێت کە لە ســەردەمی چــارڵزی یەکەمەوە (ئیمپراتــوور چــارڵزی پێنجەم) ئاریستۆکراســی و پیــاوە ئایینییەکــان کورســییەکانی خۆیــان لە کــۆرتێزی کاســتیل دۆڕانــدبوو. بەڵام، تەنــانەت لەو کــاتەدا کە کــۆرتێز بووبــوو بە بــرازۆس[1] (لقەکــان، باڵەکــان) کە ئەوانــیش نــوێنەرایەتیی چەنــدین چینیــان دەکــرد، لە یەک هــۆڵی گەورەدا کــۆ دەبــوونەوە کە تەنیــا بە کورسییەکانیان لە یەکتر جودا دەبوونەوە و هەمــوو بــە تێکڕا دەنگیــان دەدا. لە پارێزگاکانــدا، کە لە ســەردەمی هێرشــەکەی فەڕەنسەدا هێشتا کۆرتێزەکان دەسەڵاتی ڕاستەتەقینەیان بە دەســتەوە مــابوو، ناڤــاریێ درێــژەی بەو ڕەســمە کــۆنە دا کە لەودا *چینەکــان* دەیــانتوانی کــۆرتێز لە کــار ڕابگــرن؛ بەڵام لە پارێزگــای ڤاســکۆنگاداس[2] ئەنجــومەنە دیموکراتیکەکــان تەنــانەت لەگەڵ پیــاوە ئایینیەکان تێکڕا ئەمەیــان پەسند کرد. لەپاڵ ئەمەدا ئەگەر پیاوە ئایینییەکــان و ئاریستۆکراســی ئەو مــافە تــایبەتە قیزەونــانەی خۆیــان ڕاگرتبــایەت دیســان لەو ســەردەمە تێپەڕیبــوون کە دەیانتوانی جەستەیەکی سیاسیی سەربەخۆ پێک بهێنن کە بوونیان بنەمــایەک بــوو بــۆ پێکهــاتنی کۆرتێزە کۆنەکان.

جیــاکردنەوەی دەســەڵاتی داد لە دەســەڵاتی جێبەجێکــاری دەوڵەت، کە کــۆرتێزی کــادیز فەرمــانی پــێ کردبــوو، شــتێک بــوو کە لە ســەرتاکانی ســەدەی هەژدەدا لەلایەن ڕوونــاکبیرترین دەســەڵاتی ئیســپانیاوە داوای کرابــوو؛ وە ئەو ڕیســواییە گشــتییەی کە کۆنســێجۆ ڕییــال هەر لە دەستپێکی شۆڕشەوە خستبوویە سەر خــۆی، بــوو بە هــۆی ئەوەی کە هەست بکرێت پێویســتە دەسەڵاتی دادگا و دادوەرەکان دابەزێنرێتە سەر ئەو پانتاییە گونجــاوەی کە بەگشــتی وا هەســت دەکرێت پانتایی خۆیان بێت.

هەر وەک لە بڕگەی پێشووتردا باسم کرد ئەو بەشــەی کە ئاماژە بە دەوڵەتە میرنشــینەکانی کۆمۆنەکــان دەکــات، بە ڕەگەز بــابەتێکی ڕەســەنی ئیســپانیاییە. کــۆرتێز، بــەس سیســتەمی میرنشــینیی کــۆنی ســەرلەنوێ دامەزرانــدەوە، لە هەمــان کاتــدا هەمــوو کارەکتەرەکــانی چــاخی ســەدەکانی ناوەڕاســتی لەو سیســتەمە دامــاڵی. هەر وەک بــۆ نــوێنەرایەتییە پارێزگاییەکــان ئەم کارەی کرد هەمــان دەسەڵاتیشــی بە دەوڵەتە ناوخۆییەکانی پارێزگاکان بەخشــی، هەروا کە بــۆ بەڕێوەبردنی کۆمۆنەکان *ئایۆنتامێنتۆسی* پێ بەخشین؛ بەم شێوەیە کۆرتێز ئەمــانەی بە لاســایی لەو دامەزراوە هاوشــێوانە دامەزرانــد کە هێشــتا لە کــاتی هێرشــەکەدا لە ناڤــاریێ، بیســکای و ئاستۆریاســدا هەبــوون. بە لابردنــی جیاکارییەکــان لە خزمەتکردنــی ســەربازیدا، کــۆرتێز تەنیــا

1. *brazos*
2. Vascongadas

پشتیوانی لەو ئەرک و کارانە کرد کە لە سەردەمی جەنگی سەربەخۆییدا باو بوون. لابردنی دادگای پشکنینی بیروبڕواکان تەنیا بۆ پاڵپشای لە یەک واقیعیەت بوو، بەپێی ئەو واقیعیەتە ئۆفیسی پیرۆز ئەگەرچی لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندییەوە دامەزرابوو بەڵام ئیتر نەیدەوێرا ئەو کارانەی پێشووی دوپات بکاتەوە؛ تەنیا ئیشی ئەندامە پیرۆزەکانیان ئەوە بوو کە بە مووچەکەیان گیرافانیان بئاخنن و ژیرانە چاوەڕێی دەرفەتێکی باشتر بن. کۆرتێز لەبۆ بەرگریکردن لە زوڵم و خراپەکارییەکانی فیۆدالی، هەر لە درێژەی ئەو ڕیفۆرمانەدا چووە پێشەوە کە بە یادی ژۆڤێلانووسی بەناوبانگ، بە ناوی کۆمەڵەی ئابووریی مادریدەوە لە ساڵی ١٧٩٥دا پێشکەشی *کۆنسێجۆ ڕییال* کرابوو. وەزیرەکانی سەردەمی ئیستیبدادی ڕۆشنگەریی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم، واتە فلۆریدا بلانکا و کامپۆمانێس، پێشتر لەم پێناوەدا هەنگاویان هەڵهێنابوو و دەستیان بە کار کردبوو. لەپاڵ ئەوەدا نابێت لەبیری بکەین کە هاوکات لەگەڵ کۆرتێز، واتە ئەو کاتەی کە لە هەموو پارێزگاکاندا سوپاکانی ناپێلئۆن کەوتبوونە فەرتەنە و هاتوچوو، حکوومەتی فەڕەنسا لە مادرید دامەزرا؛ لە هەموو ئەو خاکەدا ئاسەواری دامەزراوە ڕەبەنی و فیۆدالییەکانیان سڕییەوە و سیستمێکی مۆدێرنی بەڕێوەبرایەتییان پێشکەش کرد. ڕۆژنامە بوناپارتیستیەکان ناوی هەموو سەرهەڵدان و ڕاپەینەکانیان وەک بابەتێک ناساند کە گوایە دەستکردی فێڵ و بەرتیلەکانی ئینگلاند و قەشەکان و دادگای لێکۆڵینەوەی بیروبڕواکانە. ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ڕکابەری لەگەڵ دەوڵەتی داسەپاودا کاریگەری سوودبەخشی لەسەر بڕیارەکانی کۆرتێز هەبووە دەکرێت لە ڕووی ئەم واقیعیەتەوە تێبگەین کە خودی ئەنجومەنی ناوەندی لە فەرمانەکەیدا لە سێپتەمبەری ١٨٠٩، کە لەوێدا کۆبوونەوەی کۆرتێز ڕاگەیێندرا، بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ ئیسپانیاییەکان کرد:

> ”نەیارەکانمان دەڵێن ئێمە بۆ بەرگریکردن لە داب و نەریتە کۆنەکانی خراپبەکارهێنان و هەروەها گەندەڵییە دێرینەکانی دەوڵەتە گەندەڵەکەمان ئیش دەکەین. با بزانن کە خەباتی ئێمە بۆ شادی و سەربەستی و سەربەخۆیی وڵاتەکەمانە؛ ئێوە ئیتر لەمە بەدوا بەند نین بە ئیرادەیەکی لەرزۆک و ناسەقامگیر یان تێکەڵەیەکی هەمەڕەنگ لە پیاوە تەنیاکان و هتد.“

لە لایەکی ترەوە دەتوانین لە دەستووری ١٨١٢دا نیشانەگەلێک بدۆزینەوە کە نابێت لەگەڵ سازانی نێوان ئایدیا لیبڕاڵەکانی سەدەی هەژدە و نەریتە تاریکەکانی قەشایەتی لێمان تێک بچێت. هەر ئەوەندە بەستە کە مادەی ١٢ بهێنینەوە کە دەڵێت:

”دین و ئایینی نەتەوەی ئیسپانیا کاتۆلیکی پاپی و ڕۆمی دەبێت و بۆ هەمیشـەیش هەر ئەمەیە، ئەمە تەنیـا ئـایینی ڕاسـتەقینەیە. نەتەوە بە یـارمەتیی هـزر و یاسـای دادوەرانە پشتگیری لێ دەکات و هەر جۆرە چـالاکییەکی تـر لەم بـوارەدا قەدەغە دەکات.“

یان لە مادەی ۱۷۳دا بە پادشا فەرمان دەکرێت کە سەبارەت بە گەیشتن بە تاج و تەخت، لە بەردەم کۆرتێزدا سوێند بخوات:

”من لەسەر ڕەحمەتی پەروەردگار و بە دەستووری پاشـایەتیی ئیسـپانیا، سـوێند بە خـودای گەورە و خـاوەنی ئینجیلـی پیـرۆز دەخـۆم کە بەرگـری لە ئـایینی کـاتۆلیکی ڕۆمـی و پـاپی بـکەم و بیپـارێزم، وە هـیچ شـتێک جـگە لەمە لەم پاشایەتییەدا قەبووڵ ناکەم.“

بە شـیکردنەوەی وردبینـانەتری دەسـتووری ۱۸۱۲، ئـێمە دەگەیـنە ئەو دەرەنجـامە کە ئەم دەسـتوورە زۆر دوورە لەوەی کە کـۆپییەکی پەسـت و هەڕەمەکـی لە دەسـتووری ۱۷۹۱ی فەڕەنسـا بێت، ئەمە دەسـپێکێکی ڕەسـەن و نـوێی ژیـانی هزریـی ئیسـپانیا بـوو، بووژانـدنەوەی دامەزراوە دێـرین و نەتەوەییەکـانە، ناسـاندنی ڕێـگە و شـوێنگەلێکە بـۆ چاکسـازی کە لەلایەن نووسـەر و دەسـەڵاتدارە بەناوبانگەکـانی سـەدەی هـەژدە بانگەشـەی بـۆ کرابـوو و، جۆرێـک بەپێویستکردنی دانی مافی تایبەت بە بیروڕای گشتی خەڵک بوو.

## ٧

## [بێهێوابوونی کۆمەڵانی خەڵک]

بارودۆخەکە گونجاو بوو بۆ ئەوەی گەورەترین پیاوەکانی ئیسپانیا لە کادیز کۆ ببنەوە. کاتێک هەڵبژاردن بەڕێوەچوو ئەم بزووتنەوە هێشتا گەشاوە بوو، وە ئەو تووڕەییەی کە ئەنجومەنی ناوەندی لەنێو خەڵکدا سازی کردبوو دژبەرەکانی خۆی خستبووە ڕوو؛ ئەمانەیش تا ڕادەیەکی زۆر هەر ئەو کەمینە شۆڕشگێڕانەی نەتەوە بوون. لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆرتێزدا، دیموکراتترین پارێزگاکان واتە کاتەلۆنیا و گالیسیا خاوەنی نوێنەر بوون و بەباشی و بەتەواوی نوێنەرایەتی دەکران؛ نوێنەرانی لیۆن، ڤالێنسیا، مورسیا و ئیسلاس بالارێرس[1] هەتاکوو سێ مانگ دواتر نەگەیشتنە کادیز. کۆنەپەرستترین پارێزگاکان واتە ئەوانەی نێوخۆ، جگە لە چەند ناوچە ڕێگەیان پێ نەدرا هەڵبژاردنیان بۆ کۆرتێز تێدا بکرێت. بۆ میرنشینەکان، شارەکان و شارۆچکە جیاوازەکانی ئیسپانیای کۆن کە لەوێدا سوپای فەڕەنسا ڕێگەی نەدابوو نوێنەرەکان هەڵبژێردرێن، وە هەروەها بۆ پارێزگاکانی ئەوپەڕی دەریای ئیسپانیای نوێ کە نوێنەرەکانیان لە کاتی خۆیدا نەیاندەتوانی بگەنە کادیز، نوێنەرانێکی تەواوکەر بۆ ئەوان هەڵبژێردرا؛ ئەم دەستە نوێنەرانە لەنێو کەسانێک بۆ ئەوان هەڵبژێردران کە کارەساتی جەنگ ئەوانی لە پارێزگاکانەوە ناردبووە کادیز، هەروەها لەو کەسانە بوون کە خەڵکی ئەمریکای باشوور بوون، یان بازرگان بوون یان خەڵکی ناوچەکە بوون یاخود کەسانێک بوون کە بەهۆی کونجکۆڵی خۆیانەوە یان بەهۆی کاروبارەوە لەو شوێنە کۆ بووبوونە. کەواتە، پێدەچێت کەسانێک بووبێتنە نوێنەری ئەم پارێزگایانە کە هۆگری داهێنان و تازەگەریی بووبێتن و بە بیرۆکەکانی سەدەی هەژدە ئاوس بووبێتن؛ بە واتایەکی تر، وێدەچێت کەسانێک بن باشتر لەوانەی کە ڕەنگە خەڵکی ئەو پارێزگایانە خۆیان هەڵیانبژاردبایەتن. لە کۆتاییدا، کەشی کۆبوونەوەکەی کۆرتێز لە کادیز کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. لەوە بەدوا ئەو شارە وەک ڕادیکاڵترین شاری پاشایەتی دەناسرا و زۆرتر هاوشێوەی شارۆچکە ئەمریکییەکان بوو تا شارۆچکە ئیسپانییەکان. دانیشتووانەکەی هەموو دالانەکانی هۆڵی کۆرتێزیان پڕ کردبوو و،

1. Murcia and the Islas Baleares

بەهۆی سیستمی ترساندن و گوشاری دەرەکییەوە زاڵ بووبوون بەسەر کۆنەپەرستەکاندا، واتە ئەو کاتەی کە دژایەتییەکەیان بە چەشنێکی زۆر زیانبخش زیادی کردبوو.

بەڵام بەمحاڵە، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا گریمان بکەن کە لایەنی زۆرینەی کۆرتێز بریتی بوون لە ڕیفۆرمیستەکان. کۆرتێز دابەش دەکرا بەسەر سێ باڵدا – پەستەکان[1]، لیبێڕاڵەکان (ناوبانگی ئەم باڵە لە ئیسپانیاوە بە هەموو ئەورووپادا گەڕابوو)، وە ئامێریکانۆسەکان[2] [واتە ئەمریکییەکان]؛ ئەم باڵەی دواییان هەر جارە و لەگەڵ یەکێک لە باڵەکانی تر دەکەوت و بەپێی بەرژەوەندییەکانی دەنگی دەدا. پەستەکان ژمارەیان گەلێک زۆر بوو، بەڵام بەهۆی چالاکی و غیرەت و بەجۆشی کەمیینەی لیبێڕاڵەوە وەلا نرابوون. نوێنەرە کەلیساییەکان کە خۆیان زۆرینەی باڵی پەستەکانیان پێک دەهێنا، بەردەوام ئامادە بوون کە مافە تایبەتەکانی بارەگای پاشایەتی قوربانی بکەن، بەشێکی بەهۆی ئەو دژایەتییەوە بوو کە کەلیسا لەگەڵ حکوومەت هەیبوو و بەشێکیشی لەبۆ وەرگرتنی پاڵپشتیی خەڵک بوو بۆ ئەوەی بەم شێوەیە مافە تایبەتەکان و خراپبەکارهێنانی چینەکەی خۆیان ڕابگرن. لە درێژەی ئەو باسانەدا کە سەبارەت بە مافی دەنگدانی گشتیی سیستەمی یەک تەلار و نەمانی مەرجی دارایی و ڤیتۆی ڕاگرتن و هەڵپەساردن کرا، باڵی کەلیسایی هەمیشە لەگەڵ لایەنی دیموکراتتری لیبڕاڵەکان دژ بە پارتیزانەکانی دەستووری ئینگلیسی دەوەستایەوە. یەکێک لەوانە قەشە کانێدۆ[3]بوو، کە لەدوای ئۆسقۆفی بۆرگۆس خاوەنی باڵاترین مەقام بوو، زۆر دلڕەقانە ئازاری لیبێڕاڵەکانی دەدا. ڕوو لە سێنیۆر مۆفیۆز تۆرێرۆ[4]، کە ئەویش قەشەیەک بوو بەڵام سەر بە لایەنی لیبێڕاڵ، دەڵێت:

> "ئێوە پادشا تەحەممول دەکەن بەس بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەتان بەردەوام بمێنێتەوە، بەڵام وەک قەشەیەک دەبێت لە ڕاستی و حەقیقەتی کەلیسا بەرگری بکەن نەک لە هین پادشا."

هەر وەک پێشتر لە مادەکانی دەستووری ١٨١٢دا بینمیان لیبێڕاڵەکان ناچار بوون لەگەڵ لایەنی کەلیسا ڕێک بکەون. کاتێک کە باس لە ئازادیی چاپەمەنی کرا، قەشەکان هەر وەک "دژایەتی لەگەڵ ئایین" ناوی ئەو ئازادییەیان زڕاند. لەپاش مشتومڕێکی زۆر و دوای ئەوەی ڕایانگەیاند کە هەموو قەشەکان ئازادن بیر و هەستی خۆیان بەبێ هیچ ئیجازەیەکی تایبەت بڵاو بکەنەوە، کۆرتێز بە تێکڕا دەنگی لەسەر ئەم پێداچوونەوە دا؛ بە هێنانی وشەی *سیاسی*، نیوەی

1. *Serviles* مەبەست ئەو تاقمەیە کە ڕەوشت و ئاکارێکی کۆیلەیی و پەستیان بووە. (وەرگێڕ)

2. *Americanos*
3. Canon Cañedo
4. Señor Mufioz Torrero

پانتاییەکەی خۆی لەم ئازادییە بێبەش کرد و بەپێی فەرمانەکانی ئەنجومەنی ترێنت[1] هەموو نووسراوە ئایینییەکان دەبردرانە ژێر دەسەڵاتی سانسۆڕی مەقامە کەلیساییەکانەوە. لە ١٨ی ئاگۆستی ١٨١٣دا، لەدوای ئەوەی فەرمانێک دژ بە هەموو جۆرە پیلانگێڕییەک بەرانبەر بە دەستوور پەسند کرا، فەرمانێکی تریش دەرکرا کە دەیگوت هەر کەسێک پیلان بگێڕێت بۆ ئەوەی نەتەوەی ئیسپانیا لە دیانپێدانان بە ئایینی ڕۆمیی کاتۆلیک بگەڕێنێتەوە دەبێت وەک خائینێک دەستبەسەر بکرێت و سزای مەرگی بدرێت. کاتێک *ڤۆتۆ دێ سانتیاگۆ* هەڵگیرا، ڕێگەچارەیەکی قەرەبووکەرەوە دانرا و سەنت ترێزا دێ جیسێس[2] وەک پشتیوانی مێینەی ئیسپانیا ڕاگەیێندرا. لیبێڕاڵەکانیش وریا بوون کە تا دوای ئەوەی دەستوور ڕادەگێنرێت هیچ پێشنیار و فەرمانێک سەبارەت بە لابردنی دادگای پشکنینی بیروبڕواکان و یاسای یەک لە دەیەکان و سەومەعەکان و هتد.، دەرنەکەن. بەڵام هەر لەو کاتە بەدوا، ئۆپۆزیسیۆنی پەستەکانی لەنێو کۆرتێزەوە و پیاوە ئایینییەکان لە دەرەوەی کۆرتێزەوە، بوون بە دوژمنێکی دڵڕەقی لیبێڕاڵەکان.

ئێستە کە باسمان لەو بارودۆخە کرد کە لەسەر ڕیشەکان و تایبەتمەندییەکانی دەستووری ١٨١٢ کاریگەری بووە، هێشتا کێشەیەک ماوە کە دەبێت چارەسەری بکەین ئەویش ونبوونی لەناکاو و بێبەرگری ئەو دەستوورە لە کاتی گەڕانەوەی فێردینانەی حەوتەمدایە. لێرەدا دیمەنێکی پڕ لە سووکایەتی و قیزەونانە لە ئارادایە کە بەدەگمەن جیهان بە خۆیەوە بینیویە. کاتێک فێردیناند لە ١٦ ئاپریلی ١٨١٤دا هاتە ناو ڤالێنسیا،

> "خەڵکی سەرخۆش و دڵخۆش خۆیان بە کەژاوەکەیەوە هەڵواسیبوو و بەوپەڕی هەست و سۆزەوە بە وشە و بە کردەوە نیشانیان دەدا کە چەندە حەز دەکەن دیسان بە هەوساری ئاوگە کۆنەکەی ئەوەوە ببەسترێنەوە؛ بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد: تەمەنی درێژ بۆ پادشای ڕەها، نەمان بۆ دەستوور!"

لە هەموو شارە گەورەکاندا، ناوی مەیدانی گەورەی شار نرابوو مەیدانی دەستوور[3] و، بەردێکی زەبەلاحیش لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا قیت دانرابوو و لە سەری ئەو وشانە هەڵکەندرابوون. لە ڤالێنسیا ئەم بەرەدیان هەڵکەند و پەیکەرێکی "کاتی"یان لە دار سازکردبوو و لە جێگەی ئەو هەڵیانسپارد کە لە سەری نووسرابوو: *مەیدانی ڕاستەقینەی فێردینانەی*

1. Council of Trent

2. Saint Teresa de Jesus : ژنێکی پیرۆزی ئیسپانی بوو کە لە کەلیسای کاتۆلیک وەک ڕاهیبە ژیاوە. (وەرگێڕ)

3. Plaza de la Constitucion

*حەوتەم*[1]. خەڵکی سیڤیل هەر هەموو دەسەڵاتدارەکانی ئەو کاتەیان لە کار دوور خستەوە، لەجیاتی ئەوان بۆ هەموو ئەو ئۆفیسانەی کە پێشتر لە ڕێژیمی کۆندا هەبوون کەسانی دیکەیان هەڵبژارد. پاشان دەسەڵاتدارەکانیان ناچار کرد سەرلەنوێ سیستمی پشکنینی بیروبڕواکان دابمەزرێننەوە. لە ئارانجوزەوە[2] هەتاکوو مادرید، خەڵک خۆیان پاڵیان لە گالیسکەکەی فێردیناندەوە ناوە. کاتێک پادشا دابەزی، خەڵک لەسەر شان هەڵیان گرت. سەرکەوتووانە نیشانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە زۆرەیان دەدا کە لە بەردەم کۆشکەکەدا کۆ بووبوونەوە، ئەویان لەسەر شانیان هەتاکوو بالاخانەکەی هەڵگرت. وشەی لیبێرتی (ئازادی) بە پیتی گەورەی برۆنز لەسەر دەرکەی چوونەژووری هۆڵی کۆرتێز لە مادرید داکوترابوو؛ ئاپۆرەی خەڵک بەپەلە هەوڵیان دا ئەو پیتانەی لێ بکەنەو؛ پەیژەیان دانا، چوونە سەر و یەک بە یەکی پیتەکانیان لەسەر ئەو بەردە لێ کردەوە و هەر هەموویان فڕێ درانە سەر شەقامەکە. ئەو خەڵکەیش کە لەوێ ئەمەیان دەبینی بەردەوام هاواری خۆشیی خۆیان سەرلەنوێ لەگەڵ ئەم هەڵدانی پیتانەدا دەردەبڕییەوە. ئەوان ئەوەندەی توانییان زۆربەی گۆڤارەکانی کۆرتێز و هەموو ڕۆژنامە و نامیلکەکانی سەر بە لیبراڵەکانیان کۆ کردەوە. ڕێپێوانێکی کۆییان ساز کرد کە لەودا برایانی ئایینی و پیاوە ئایینییەکان، ئاسایی یاخود سکولار، کەوتنە ڕێگە و هەموو ئەو ڕۆژنامانەیان لە مەیدانێکی گشتی کەڵەکە کردە سەریەک و، وەک بڵێیت حوکمی دادگای پشکنینی بیروبڕواکانی لەسەر بێت هەموویان قوربانی کرد. لەدوای ئەوەی بە کۆمەڵ ئەم کارە کرا، وەک شوکرانەبژێری ئەو سەرکەوتنە سروودی ئایینی خوێندرا. ڕەنگە زۆر گرنگتر لەوە – چونکە ئەم خۆپیشاندانە بێشەرمانەی خەڵکی شار، کە بەشێکی زۆری پارەیان پێ درابوو، وە وەک لازارۆنییە ناپلییەکان دەسەڵاتداری سەرکێشانەی پادشاکان و قەشەکانیان لە ڕێژیمی چینی مامناوەند پێ باشتر بوو – ئەم واقیعیەتە بێت کە دووەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو بە هۆی سەرکەوتنی یەکلایی پەستەکان؛ لەجیاتی کۆرتێزی بنیادنەر کۆرتێزێکی ئاسایی لە ٢٠ی سێپتەمبەری ١٨١٣ دامەزرا، کە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی لە ١٥ی ژانوییەری ١٨١٤دا لە کادیزەوە بەرەو مادرید گواستەوە.

ئێمە لە بڕگەکانی پێشووتردا باسمان کرد کە بەرەی شۆڕشگێر چلۆن بۆ خۆی لە گەورەبوون و بەهێزبوونی بیروبڕوا گشتییە کۆنەکاندا دەوری گێڕاوە، مەبەستیشی ئەمە بووە کە ئەو بیروبڕوایانە وەک چەکێک لە دژی ناپێلئۆن بەکار بهێنێت. پاشان بینیمان کە چۆن ئەنجومەنی ناوەندی، تەنیا لە یەک خولی کاری خۆیدا کە دەبوا لەوێدا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ شێوازەکانی بەرگری نەتەوەیی تێکەڵ بکات، هەموو دەسەڵاتی خۆی

1. *Real Plaza de Fernando VII*
2. Aranjuez

بەکار هێنا بۆ ئەوەی بەر بەم ڕووداوە بگرێت و ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئەم پارێزگایانە تێک بشکێنێت. کۆرتێزی کادیز، بەپێچەوانەوە، لە درێژایی ئەو ماوە زۆرەی کە دەژیا و هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسپانیا پچڕاندبوو نەیدەتوانی تەنانەت دەستوورەکەی خۆی و فەرمانە ئۆرگانیکەکانی خۆیان دەستنیشان بکات مەگەر ئەو کاتەی کە سوپاکانی فەڕەنسا لە کار لا بچن. هەروەک هەمیشە، کۆرتێز *دوای ڕووداوەکە* گەیشتە ئەوێ. ئەو بەرەوڕووی کۆمەڵگەیەکی ماندوو و لێبڕاو و زیانلێکەوتوو بووەوە؛ بەرهەمی ڕاستەوخۆی درێژەدان بە جەنگ، بەگشتی لەسەر خاکی ئیسپانیا بوو؛ لە جەنگێکدا کە سوپاکان هەمیشە لە هاتوچوودا بن دەوڵەتی سبحەینێ بەدەگمەن دەتوانێت هەمان دەوڵەتی ئەمڕۆکە بێت، لە کاتێکدا کە خوێنڕشتن بۆ ماوەی شەش ساڵ لە سەرانسەری خاکی ئیسپانیادا، هەر لە کادیزەوە هەتاکوو پامپلۆنا[1] و لە گراناداوە هەتاکوو سالمانکا[2]، تەنانەت یەک ڕۆژیش ڕاناوەستا. نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە وەها کۆمەڵگەیەک بەرانبەر بە جوانییە دەرهەستییەکانی هەر چەشنە دەستوورێکی سیاسی، لە هەر جۆرێکیدا، هەستیار بێت. سەرەڕای ئەمە، کاتێک دەستوور بۆ یەکەم جار لە مادرید ڕاگەیێندرا، وە لە پارێزگاکانی دیکەدا فەڕەنسییەکان نەمان، بە "خۆشی و هەڵپەڕکێی" ئاپۆرەکانی خەڵکەوە پێشوازی لێ کرا. خەڵک کە بەگشتی چاوەڕوانیی ئەوەیان دەکرد کە بە دەرکەوتنی دەوڵەت هەموو ئازار و ڕەنجە کۆمەڵایەتییەکانیان ئیتر لەناکاو لەناو دەچێت کاتێک زانییان کە دەستوور وەها وزە و دەسەڵاتێکی موعجیزەئاسای نییە، هەموو چاوەڕوانییەکانیان بوو بە نائومێدی؛ لای ئەم خەڵکە باشوورییە پڕهەست و بە جۆشانەیش هیچ شتێک نییە بە قەد نائومێدی ڕقیان لێی بێت.

هەندێک بارودۆخی تایبەت لە ئارادا بوون کە هەر لە بنەڕەتدا دەبوونە هۆی دڵساردیی ئاپۆرەی خەڵک لە ڕێژیمی دەستووری. کۆرتێز سەختگیرانەترین فەرمانەکانی دژ بە *ئافرانسێسادۆس* یان *ژۆزێفیتێس*[3] [[یاخود لایەنگرانی ژۆزێف]] دەرکرد. هۆکاری ئەوەی کە کۆرتێز بەرەو ئەم فەرمانانە هان درا، تا ڕادەیەک هات و هاوارە پڕ لە قین و تۆڵەکانی ئاپۆرەی خەڵک و هەروەها کۆنەپەرەستاکان بوو کە هەر لەگەڵ ئەوەی کە ئەو فەرمانەیان لێ دەرکێشان و خستیانە بوواری جێبەجێکردنەوە خێرا دژ بە کۆرتێز هەڵگەڕانەوە. بەم جۆرە، زۆرتر لە ١٠٠٠٠ خێزان دوور خرانەوە. بە ژمارەیەکی زۆری وردەدیکتاتۆرەکان ڕێگە درا چی حەز دەکەن بە سەر ئەو پارێزگایانەدا بێنن کە فەڕەنسا چۆڵی کردبوون، ڕێگەیان پێ درا دەسەڵاتێکی بەستراو بە خۆیانەوە دابمەزرێنن، دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی

1. Pamplona
2. Salamanca
3. *Josephites*

یاسایی، خەڵکیان لە زیندان کرد؛ فەرمانبەرەکانی دادگای پشکنینی بیروبڕوا سکاڵایان لەو کەسانە کرد کە وەفادارییی خۆیان بۆ فەڕەنسا نیشان دابوو؛ بە وەرگرتنەوەی ئۆفیسەکان لەوان هەموو داراییە نەتەوەییەکانیان لێ وەرگرتنەوە و هتد. ئەم جێگرانەی حکوومەت، لەجیاتی هەوڵدان بۆ یارمەتیی گواستنەوەی ئاشتیانە و لە سەرخۆ لە ڕێژیمی فەڕەنسەیی بۆ ڕێژیمی نەتەوەیی، هەموو دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا بو ئەوەی لایەنی شەڕ و خراپە خراپتر بکەن و بڵێسەی تووڕەیی خەڵک زیدەتر بکەن، کە هەموو ئەمانەیش لە گۆڕانکارییەکانی دەسەڵات و زاڵییەتی جودا نەبوون. بەڵام بۆچی وایان کرد؟ بۆ ئەوەی بتوانن داوا لە کۆرتێز بکەن دەستووری ١٨١٢ هەڵپەسێرێت، پێیان گوتن کە بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژانە هێرش بکەن. لە پەراوێزدا دەبێت ئاماژە بەم خاڵە بدەین کە لە هەموو حکوومەتە جێنشینە*کاندا* کۆرتێز ئەم دەسەڵاتدارە جێبەجێکارانەی بە ناوی [[حکوومەتە جێنیشیەکان]] بانگ دەکرد؛ ئەمانە لە سەرسەختترین دوژمنەکانی کۆرتێزەکان و دەستوورەکانیان پێک هاتبوون. ئەو واقیعیەتە سەیر و سەرنجڕاکێشە زۆر بە سانایی لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە شرۆڤە دەکرێت و هەمیشە لە دانانی دەسەڵاتی جێبەجێکاردا لەگەڵ پەستەکان تێکەڵ دەکران؛ چونکە لاوازکردنی ئەوان گەلێک بەپێویست دەزانرا بۆ ئەوەی ئەمریکاییەکان لە وڵاتی دایکی [[واتە ئیسپانیا]] سەربەخۆ ببن؛ هەربۆیە دڵنیا بوون لەوەی کە لیژنەی جێبەجێکاری ناکۆک لەگەڵ کۆرتێزی خاوەن دەسەڵات، بە تەنیا خۆی شتێکی بەس نییە. هاندانی کۆرتێز بۆ ناساندنی یاسایەکی نوێ بۆ وەرگرتنی ڕاستەوخۆی باج لەسەر کرێی زەوییەکان و هەروەها لەسەر بەرهەمە پیشەیی و بازرگانییەکان، ناڕەزاییەکی زۆری لەنێو خەڵکدا ساز کردووە، ئەم ناڕەزاییە بەو فەرمانە هیچ و پوچانە زۆرتر تەشەنەی دەکرد کە گەڕانی هەموو ئەو پارە کانزاییانەی قەدەغە دەکرد کە لەلایەن ژۆزێف بوناپارتەوە لێدرابوو؛ فەرمانیشی بە خاوەنی ئەو پارانە دەکرد کە بۆ ئاڵوگۆڕەکانیان لە پارەی کانزایی نەتەوەیی سوود وەربگرن. لە هەمان کاتدا گەڕانی پارەی فەڕەنسی [[لە بازاڕدا]] قەدەغە کرد و ئەو ڕێژە پێناسەیەی[1] ڕاگەیاند کە دەبێت لە ناوەندی پارەسازییە نەتەوەییەکاندا بگۆڕدرێتەوە. لەو ڕووەوە کە ئەم پێناسەیە لەگەڵ ئەو شتەی لە ١٨٠٨دا لەلایەن فەڕەنسەوە ڕاگەیێندرابوو زۆر جیاوازی هەبوو، ئەویش بەهۆی بەهای ڕێژەیی سکەی فەڕەنسەی لەبەرانبەر سکەی ئیسپانیاییدا بوو، کەسانێکی تایبەت تووشی زیانێکی گەورە بوون. ئەم فەرمانە هەڵەیەیش کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان هەبوو کە پێشتریش خۆیان لە سەرووی ڕێژەی مامناوەندیدا بوون.

1. tariff

ئەو چینـانە – واتە نەجیبزادەکـان، پیـاوە ئایینییەکـان، ڕەبەنەکـان و پارێزەرەکـان – کە لە لابردنی دەستووری ١٨١٢ و هێنانەوەی ڕێژیمی کۆن زۆرترین سوودیان دەبرد، لە زیادکردنی نـاڕەزایی خەڵکدا سـەرکەوتوو بـوون، ئەمەیـش بەرهەمـی ئەو بـارودۆخە ناخۆشـانە بـوو کە ڕێژیمی دەسـتووری بەم شـێوەیە بە خـاکی ئیسـپانیا ناسـاند. لێرە بەدوا بـوو کە پەسـتەکان لە هەڵبژاردنەکانی گشتی ١٨١٣دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

پادشـا بـەس لە هەسـتانەوەی سـوپا و بەرخـۆدانی جیـددی ئەوان دەترسـا، بەڵام ژەنەڕاڵ ئێلیـۆ[1] و ئەفسـەرەکانی، کە ئەو پەیمانەیـان شـکاندبوو کە کـاتی خـۆی بە سـوێندخواردن بە دەسـتوور بەسـتبوویان، بەبـێ ئامـاژەدان بە دەسـتوور پاشـایەتیی فێردینـادی حەوتەمیـان لە ڤالێنسیا ڕاگەیاند. خێرا فەرماندە سەربازییەکانی دیکەیش بە ڕێڕەوی ئێلیوودا ڕۆیشتن.

فێردنیاندی حەوتەم لە فەرمانەکەیدا لە ٤ی مەی ١٨١٤ کۆرتێزی مادریدی هەڵوەشاندەوە و دەسـتووری بنەڕەتیـی ١٨١٢ی بەتـاڵ کـردەوە، هاوکـات دژایەتـی و ڕقـی خـۆی بـۆ ئیسـتیبداد نیشـان دا. بەڵێنـی دا کە کـۆرتێز لەژێـر شـێوازە یاسـاییەکانی ڕابـردوودا دابمەزرێنێـتەوە و ئـازادیگەلێکی مەعقوول بۆ چاپەمەنییەکـان جێگیـر بکـات و هتد. ئەو بەڵێنەکەی خـۆی تەنیـا بە شێوازێک کە شیاوی خەڵکی ئیسـپانیا بـوو بەجـێ هێنـا – واتە بە هەڵوەشـاندنەوەی هەمـوو ئەو کردەوانەی کە لە کۆرتێزەوە سەرچاوەیان دەگرت، بە گەڕاندنەوەی هەموو شت بۆ سـەر بنەمـا دێرینەکانیـان، بە سـەرلەنوێ دامەزرانـدنەوەی دادگـای پیـرۆزی پشـکنینی بیروبـڕوا، بە گەڕانـدنەوەی لایەنگرانـی ئـایینی ژووسـویت[2] کە بـاپیری دووری خسـتبوونەوە، بە نـاردنی بەناوبـانگترین ئەندامەکانی ئەنجومەن و کۆرتێز و لایەنگرەکانیـان بـۆ نـاو گـالیی یـان کەشـتییە ئاڤژەنییەکان[3] و بۆ ناو زیندانەکانی ئەفریقا یاخود بۆ تاراوگە، وە لە کۆتاییدا بە فەرمـانکردن بە گوللەبـارانی سـەرۆکە گەورەکـانی گەریلاکـان، وەک پـۆرلییێر و دێ لاسـی[4].

1. Elío
2. Jesuit
3. galley: کەشتییەکی درێژی تەخت، بە ڕیزێک کورسییەوە بۆ کۆیلە و تاوانکاران کە خۆیان بە ئاڤژەن یان پاروو لێیان دەخوڕی. لە سەدەکانی ناویندا بەکار دەهێنرا. (وەرگێڕ)
4. Porlier & de Lacy

# ٨

## [شۆڕشی ١٨٢٠]

لە درێژایی ساڵی ١٨١٩دا سوپایەکی نێردراو لە دەورەی کادێز کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنە کۆلۆنیالانەی ئەمریکا کە ڕاپەڕیبوون سەرلەنوێ داگیر بکەنەوە. ئێنریکۆ ئۆدۆنێل[1]، کۆنتی بسیبال، کە دەبوو بە مامەی لیۆپۆلدۆ ئۆدۆنیل[2]، وەزیری ئیستاکەی ئیسپانیا، بۆ ئەم ئەرکە ڕاسپێردرابوو. ئەو هێزە نێردراوەی پێشوو بۆ ئەمریکای ئیسپانیا، لە ١٨١٤وە نزیکەی ١٤٠٠٠ پیاوی قووت دابوو و ئەم کارە بە شێوەیەکی زۆر نەترسانە و نەفرەتیانە کرابوو؛ ئەمە ڕق و قینێکی زۆرتری لای سوپا دروست کردبوو و بەگشتی وەک ئامرازێکی شۆفارانە بەکار هێنرا بۆ ئەوەی لە شەڕی هێزە ناڕازییەکان ڕزگار بن. چەندین ئەفسەر، لە نێویاندا کۆرۆگا، لۆپێز بانووس، سان میگۆل[3] (لا فاییێتی[4] ئێستاکەی ئیسپانیا)، ئۆدالی و ئارکۆ ئاگویسۆ[5]، دەستنیشان کران بۆ ئەوەی نارەزاییەتیی سەربازەکان هێور بکەنەوە و خۆیان لەو کێشەیە ڕزگار بکەن و دەستووری ١٨١٢ ڕابگەیێنن. لابیسبال، کاتێک دەستی کرد بە دارشتنی پیلانەکەی، بەڵێنی دا خۆی بکات بە سەرۆکی بزووتنەوەکە. سەرۆکەکانی پیلانەکە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەودا، ڕێک لە ٩ی ژووڵای ١٨١٩ کۆ بوونەوە، واتە لەو ڕۆژدا کە بڕیار بوو پێداچوونەوەیەکی گشتی بەسەر هێزە نێردراوەکاندا بکرێت، لە ناوەڕاستی کارەکەدا فەرمانی هێرش و وەشاندنی گورزەکە درا. لە کاتژمێری پێداچوونەوەکەدا لابیسبال دەرکەوت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی لەسەر بەڵێنەکەی خۆی بمێنێتەوە فەرمانی کرد کە بەگشتی چەک لەو سوپا نێردراوە داماڵرێت، کۆرۆگا[6] و سەرۆکەکانی دیکەی لە بەندیخانە کرد، ئەمجار هەواڵبەرێکی بە نامەیەکەوە بەرەو مادرید نارد. لەو نامەیەدا وەها بە خۆیدا هەڵگوتبوو کە گوایە ئەو بەری بە یەکێک لە ترسناکترین کارەساتەکان گرتووە. بەم بۆنەوە، بە بەرزکردنەوەی پلەکەی و پێدانی میداڵیا خەڵات کرا، بەڵام دواجار دادگا زانیاریی زۆر وردتری

1. Enrique O'Donnell
2. Leopoldo O'Donnell
3. Quiroga, López Baños, San Miguel
4. Marquis de La Fayette: ئەریستۆکراتێکی فەڕەنسەیی و ئەفسەرێکی سەربازی لێهاتووی جەنگی شۆڕشی ئەمریکا بوو. فەرماندەیی چەندین جەنگی کردووە. (وەرگێڕ)
5. O'Daly, and Arco Agüero
6. Quiroga

دەست کەوت و ئەوی لە فەرمانی بەرزکردنەوەی پۆستەکەی بێبەش کرد و فەرمانی کرد لە پایەتەخت دوور بخرێتەوە. ئەمە هەر ئەو لابیسباله بوو کە لە ١٨١٤دا لە کاتی گەڕانەوەی پادشا بۆ ئیسپانیا، ئەفسەرێکی بە دوو نامەوە نارد بۆ لای فێردیناند. لەو شوێنەوە کە ئەوی تێدابوو مەوداکە ئەوەندە زۆر بوو کە خۆی بۆی نەدەکرا چاوەدێری جووڵەکانی پادشا بکات، هەر بۆیە بۆ ئەوەی کردەوەکانی خۆی بەپێی کردەوەی پادشا ڕێک بخات لابیسباڵ لە یەکێک لە نامەکانیدا زۆر بە جۆشەوە ستایشی دەستووری ١٨١٢ی کردبوو، بەو گریمانەوە کە ئەگەری ئەوە ببێت پادشا سوێندی وەفاداربوون بە دەستووری ١٨١٢ بخوات. لە نامەکەی دیکەیدا، بەپێچەوانەوە، سیستمی دەستووری وەک ڕوخسارێکی ئانارشی و بشێو کێشابوو؛ هەر بۆیە پیرۆزبایی لەناوبردنی دەستووری لە فێردیناند کرد و خۆی وەک سوپاییەک پێشکەشی ئەو کرد کە ئامادەیە دژ بە یاخییەکان، ئاژاوەچییەکان و دوژمنانی تاج و تەخت و میحراب خزمەت بکات. ئەم ئەفەسەرە دووەمین هێزی خۆی هەناردە کرد و لەلایەن بۆربۆنەوە دۆستانە پێشوازی لێکرایەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە نیشانەکانی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین لەنێو سوپای نێردرودا خۆی نیشان دابوو، دەوڵەتی مادرید بە سەرۆکایەتی دوک سەن فێرناندۆ[1]، کە دواتر بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوە و سەرۆکی کابینە، جەختی لەسەر جۆرێک بێجووڵەیی و ناچالاکی و مانەوە لەو دۆخەدا دەکرد، هەر بۆیە بۆ بەڕێخستنی هێزەکەی یاخود بۆ بڵاوکردنەوەی سوپاکەی لە شارە بەندەرییەکاندا پەلەی نەکرد. لە هەمان حاڵدا، لەسەر جووڵەیەکی هاوکات ڕێکەوتنێک لە نێوان دۆن ڕافائێل دێ ڕیگۆ[2]، کۆرۆگا، سەن میگۆل و سەرۆکە سەربازییەکانی دیکەی ئیسلا دێ لێئۆن[3] پێک هات. دۆن ڕافائێل دێ ڕیگۆ فەرماندەی هێزی دووی ئاستۆریاس[4] بوو کە دواتر لە لاس کابێزاس دێ سان جوان[5] جێگیر بووبوو؛ ئیسلا دێ لێئۆنیش ئەو کەسە بوو کە پلان وابوو لە زندان ڕزگار بکرێت. پێگەی ڕیگۆ لە دژوارترین حاڵەتدا بوو. شارۆچکەی لاس کابێزاس[6] لە ناوەندی سێ فەرماندەیی سوپای نێردارودا بوو- هێزی سوارە لە یوترێرا[7]، لقی دووەمی هێزی پیادە لە لیبریجا[8]، وە هێزێکی پێشەنگ لە ئارکۆس، کە سەرۆک فەرماندە و ستافەکەی دایانمەزراندبوو. بەم حاڵەیش، ئەو لە 1ی ژانوییەری ١٨٢٠دا لە پێش چاوی سەرسووڕماوی ئەم فەرماندە و ستافەکەی، سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەگەرچی ئەو هێزەی

1. Duke of San Fernando
2. Don Rafael de Riego
3. Isla de Leon
4. Asturias
5. Cabezas de San Juan
6. Las Cabezas
7. Utrera
8. Lebrija

کە لە ئارکۆس دابەشی کردبوو دوو ئەوەندەی ئەو هێزە کە لە ئاستۆریاس جێگیر بوو بەهێزتر بوو. هەر لەو ڕۆژەدا دەستووری ١٨١٢ی ڕاگەیاند، *سەرۆک شارەوانی*[1] کاتیی هەڵبژارد، وە ئەگەرچی دڵخۆش نەبوو بەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو، هێزە پێشەنگەکەی وروژاند و هەڵەی کردن؛ سوپای ئاراگۆنی کە لە بۆرنۆس[2] مابوونەوە سەرسام کرد، لە بۆرنۆسەوە بۆ جێرێس[3]، وە لە جێرێسەوە بۆ پۆرت ماری[4] ڕێپێوانی سەربازی کرد، لە هەموو شوێنێک دەستووری ڕاگەیاند تا ئەوەی کە لە ٧ی ژانوییەریدا گەیشتە ئیسلادێ لیۆن، ئەو شوێنەی کە کاتی خۆی کۆمەڵێک زیندانیی سەربازی لێ دانابوو کە پێشتر لە قەڵای پێتری گرتبوویانی. بەپێچەوانەی ڕێکەوتنە پێشووەکەیان، کۆرۆگا و شوێنکەوتووەکانی خۆیان تێکەڵ بەو *هێرشە ناکاوە* نەکرد کە کرایە سەر پردی سۆوازۆ[5] و دواتر کرایە سەر ئیسلا دێ لیۆن، بەڵام هەتا ڕۆژی 2ی ژانوییەری بێجووڵە مانەوە، دوایی ئۆلترا[6]، کە پەیامنێری ڕییگۆ[7] بوو، هەواڵی فەرمیی سورپرایزی ئارکۆس و دەستبەسەرکردنی ستافەکەی پێ گەیاند.

سەرجەم هەموو هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕ، کە سەرۆک فەرماندەییەکەی درابوو بە کۆرۆگا، هەموویان نەدەبوونە ٥٠٠٠ پیاو، هەر بۆیە سەرجەم هێرشەکانیان بۆ سەر دەروازەکانی کادیز تێک شکێندران، خۆیشیان بەگشتی لە ئیسلادێ لیۆن تێک شکان.

> سەن میگۆل[8] دەڵێت: ”دۆخی ئێمە زۆر تایبەت بوو؛ ئەم شۆڕشە بیست و پێنج ڕۆژ خۆی ڕاگرت بەبێ ئەوەی یەک بست لەو خاکە بەدەستەوە بدات یان بستێک داگیر بکات، بەم جۆرە یەکێک لە شازترین دیاردەکانی بوواری سیاسەتی نواند.“

وا دیار بوو پارێزگاکان لە خەونووچکەدا بن. لە سەرانسەری مانگی ژانوییەریدا کە وا دیار بوو بڵێسەی شۆڕش لە ئیسلا دێ لیئۆن لە ئاویلکەدا بێت، لە کۆتایی مانگدا ڕییگۆ[9] بەپێچەوانەی ڕاوێژەکانی کیۆرۆگا[10] و فەرماندەکانی دیکە، ستوونێکی ١٥٠٠ کەسی ڕێک خست و لە بەشێکی ئەندالۆسیا دەستی بە ڕێپێوانی سەربازی کرد؛ ئەمە لە پێش چاوی هێزێکدا بوو کە پێنج ئەوەندەی خۆی بەهێز بوو و بەدوایشی کەوتبوو، لەم ڕێپێوانەدا دەستووری بنەڕەتی

1. *alcalde*
2. Bornos
3. Jerez
4. Port St. Marie
5. Suazo
6. Oltra
7. Riego
8. San Miguel
9. Riego
10. Quiroga

لە هەرێمەکانی ئالکێسیراس، ڕۆندا، مالاگا، کۆردۆڤا[1] و هتد.، ڕاگەیاند. لە هەموو شوێنێک بە ئامێزێکی کراوەوە بە پیرییەوە دەچوون، بەڵام لە هیچ شوێنێک فەرمانێکی جیددی دەرنەکرد کە ورووژێنەری بارودۆخەکە بێت. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو هێزەی کە بە دوای ئەمان کەوتبوو، سەرانسەری ئەو مانگە لە گەڕان و دژەگەڕانێکی بێهوودەدا بوو، وایش دەردەکەوت کە هەموو هەوڵی ئەوە بوو بێت کە ئەوەندەی دەتوانێت ڕێگە نەدات ئەو هێزانە نزیکی سوپا چکۆلەکەی ببنەوە. کردەوەی هێزەکانی دەوڵەت بەگشتی لە شرۆڤە نایێن. ناردنی هێز لەلایەن ڕییێگۆوە، کە لە ٢٧ی ژانوییەریی ١٨٢٠دا دەستی پێکردبوو لە ١١ مارسدا کۆتایی پێ هات. پاشان ناچار کرا کۆڕی ئەو چەند پیاوەی کە پەیڕەو و لایەنگری ئەو بوون هەڵوەشێنێتەوە. ئەو چەند یەکە سەربازییە بچووکەی خۆی بە جەنگێکی جیددی هەڵنەوەشانەوە، بەڵکوو بەهۆی ماندوێتی و پێکدادانی بچووکی بەردەوام لەگەڵ دوژمن و هەروەها نەخۆشین و هەڵاتن لێک هەڵوەشانەوە. لە هەمان کاتدا دۆخی ڕاپەڕیوەکان لە ئیسلا هیچ جێی هیوا و دڵخۆشی نەبوو. ئەوان بەردەوام لە نێوان خاک و دەریادا گیریان کردبوو، وە هەر چەشنە بەیاننامەیەکیان لەنێو شاری کادیزدا کە بۆ ڕاگەیاندنی ئامانج و خواستەکانیان دەردەکرا لەلایەن سەربازگەوە سەرکوت دەکرا. کەواتە، چۆن بوو لە کاتێکدا کە ڕییێگۆ لە سییێرامۆرێنا[2] هێزەکانی دەستوورخوازی لە ١١ی مارسدا تێک شکاند، فێردیناند حەوتەم لە ٩ی مارسدا ناچار بوو لە مادرید سوێند بە دەستوور بخوات؟ ئاخۆ ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ڕییێگۆ دوو ڕۆژ پێشتر لەوەی کە بەتەواوی لە خواستەکەی خۆی بێهیوا بێت بە ئامانجەکەی گەیشت؟

گەڕانەکەی تابووری ڕییێگۆ سەرلەنوێ بوو بە جێگەی سەرنجی گشتی؛ پارێزگاکان هەموویان چاوەڕوان بوون، وە بە جۆشەوە چاودێری هەموو جووڵەکانیان دەکرد. مێشکی مرۆڤەکان لە بوێری ئەو هێرشەی ڕییێگۆ، لە خێرایی گەڕانەکانی، لە تێکشکاندنی بەهێزانەی هێرشی دوژمن، هەروەها لە ئەو سەرکەوتنە خەیاڵییەی کە هەرگیز ڕووی نەدا و، لەو کۆبوونەوە و بەهێزبوونەوەی کە هەرگیز بەدەست نەهێنرا سەرسام بووبوون. کاتێک هەواڵی ئەو کارە بوێرانەی ڕییێگۆ گەیشتە پارێزگا دوورەکان، بە هیچ شێوەیەک گەورە نەکرایەوە و ئەوانەی کە لە هەمووان زۆرتر لەو شوێنە دوور بوون یەکەم کەسانێک بوون کە ئامادەیی خۆیان بۆ دەستووری ١٨١٢ ڕاگەیاند. تا ئێرە، ئیسپانیا باڵق بووبوو بۆ شۆڕش، کە تەنانەت هەواڵە درۆکانیش بۆ ئەو باڵقبوون و پێگەیشتنە بەس بوون. هەر بەو شێوەیە کە هەواڵە هەڵەکان گەردەلوولی ١٨٤٨یان هەڵکرد.

---

1. Algeciras, Ronda, Malaga, Cordova
2. Sierra Morena

له گالیسـیا، ڤالێنسـیا، ساراگۆسـا[1]، بارسـێلۆنا، پامپلۆنـا، سـەرهەڵدانەکان یەک لەدوای یەک ڕوویـان دەدا. ئێنریکـۆ ئۆدۆنێل[2]، نازنـاوی لابیسـبال، کە لەلایەن پادشـاوە بانگهێشـت کـرا بـۆ ئەوەی لەبەرانبەر هێزی ڕییگۆ بوەستێتەوە، نەک هەر هـان درا دژ بەو چەک هەڵبگرێت بەڵکوو دەبوا سوپا چکۆلەکەیشی لەناو ببات و خۆیشی بڕفێنێت. ئەو بەتەنیا داوای پۆستی فەرماندەیی ئەو هێزانەی کرد کە لە پارێزگای لا مونچا[3] دابەش کرابوون، هەروەها داوای هەندێک پارەی کرد بۆ پێداویستییە کەسییەکانی خۆی. پادشا خۆی تووڕەکەیەک ئاڵتوونی پێ دا و فەرمانی پێویستی بۆ هێزەکانی لا مونچا پێ کرد. بەڵام لە کاتی گەیشتن بە ئۆکانا[4]، لاباسیل خۆی کرد بە فەرماندەی هێزەکان و دەستووری ١٨١٢ی ڕاگەیاند. هەواڵی ئەم هەڵاتنە هەستی گشتیی خەڵکی مادریدی بە کوڵ هێنا، هەر بۆیە لەوێ زۆر بەخێرایی لەدوای گەیشتنی هەواڵی ئەو ڕووداوە، شۆڕش تەقیبووەوە. پاشان دەوڵەت دەستی کرد بە باس و دانووستان لەگەڵ شۆڕش. لە فەرمانێکدا لە بەرواری ٦ی مارسدا پادشا ئەمری کرد بە دانیشتنی کۆرتێزی *دێرین*، هەر بۆیە لە ئێستامێنتۆس[5] کۆ بوونەوە. ئەم فەرمانە بە دڵی هیچ پارتێک نەبوو، نە گونجاوی مۆنارشی کۆن بوو و نە گونجاوی شۆڕش. لە گەڕانەوەیدا لە فەڕەنسا، هەر هەمان بەڵێنی پێشووی دایەوە و نەیتوانی بارمتەکانی خۆی وەربگرێتەوە. لە شەوی ٧ی مارسدا، کۆمەڵێک خۆپیشاندانی شۆڕشگێڕانە لە مادرید ڕووی دا، لە ٨ی مانگدا گاسیتا فەتوایەکی دەرکرد کە دەیگوت فێردیناندی حەوتەم بەڵێنی داوە سوێند بە دەستووری ١٨١٢ بخوات.

> ئەو دەڵێت: "با هەموومان، وە پێش لە هەمووان خۆم، بچینە ناو ڕێبازی دەستوورەوە."

لە ٩ی مانگدا خەڵک دەستی بەسەر کۆشکدا گرت، ئەو خۆی بە بەڵێنی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی *ئایۆنتامینتۆی*[6] ١٨١٤ی مادرید ڕزگار کرد، هەر لەبەر ئەوەی پێشتر سوێندی بە دەستوور خواردبوو. بە لایەوە گرنگ نەبوو کە سوێندی درۆی وەفاداربوون بخوات، چونکە هەمیشە دیانپێدانەرێکی لە بەردەستدا بوو کە عەفو و بەخشینی گوناحەکانی [لە خوداوەند] بۆ وەربگرێت. هاوکات ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریش دامەزرا، یەکەم فەرمانی ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و هێنانەوەی پەنابەرە سیاسییەکان بوو. ئێستا دەرگەی زیندان کراوەتەوە،

1. Saragossa
2. Enrique O'Donnell
3. La Mancha
4. Ocaña
5. *Estamentos* لە ئەساسدا بە واتای چین یان توێژی کۆمەڵایەتییە. بەڵام لێرەدا وێدەچێت بە واتای شوێنی کۆبوونەوەی چینی نەجیبزادەکان بێت. و.
6. *Ayuntamiento*

وەزیری پێشووی دەستوور نێردرایەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی. کاسترۆ، هێرێرۆس و ئا. ئارجۆلیس[1] – کە یەکەم وەزیر بوو – شەهیدەکانی ١٨١٤ و نوێنەرەکانی ١٨١٢ بوون.

سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو هەموو بەجۆشی و هۆگرییەی خەڵک بۆ فێردیناند لە کاتی گەیشتنی بە تاج و تەخت ئەو خۆشییە بوو کە لە لابردنی باوکی واتە چارڵزی شەشەم هەیانبوو. وە سەرچاوەی ئەو خۆشییە هەموانییەی سەردەمی ڕاگەیاندنی دەستووری ١٨١٢، ئەو کەیفخۆشییە بوو کە لە لابردنی فێردیناندی حەوتەم بوویان. ئێستە دەزانین هەر وەک بۆ خودی دەستووریش وایە، کاتێک کە ئەمە کۆتایی پێ هات هیچ شوێنێک لەو نیشتمانە نەمابوو کە ئەو دەستوورەی تێدا ڕانەگێندرابێت. بۆ زۆرینەی خەڵکی ئیسپانیا دەستوور هاوشێوەی ئەو خودا نەناسراوە بوو کە لەلایەن ئاتێنییە دێرینەکانەوە دەپەرەسترا.

لە ڕۆژگاری ئێمەدا، نووسەرە ئینگلیسییەکان بەبێ هیچ ئاماژەدانێک بە شۆڕشی ئێستاکەی ئیسپانیا، پشتڕاستی دەکەنەوە کە بزووتنەوەی ١٨٢٠ لە لایەکەوە هیچ نەبوو جگە لە پیلانێکی سەربازی و، لە لایەکی دیکەوە هیچ نەبووە جگە لە فرت و فێڵێکی ڕووسیا. هەر دووک ئەم وتانە بە قەد یەکتر قەشمەرەن. ئێمە بینیمان کە شۆڕشیش هەروەک سەرهەڵدانە سەربازییەکان، سەرەڕای شکستەکانیان، سەرکەوتنی خۆی سەلماند؛ وە لە پاڵ ئەمەدا، مەتەڵێک کە دەبێت هەڵبهێنرێت پیلانی ٥٠٠٠ سەرباز نییە، بەڵکوو سزادانی ئەو پیلانەیە بە ٣٥٠٠٠ پیاوەوە و بە وەفادارترین نەتەوەی دوازدە میلیۆن کەسییەوە. ئەوەی کە شۆڕش لە ڕیزەکانی سوپاوە هەڵقوڵیوە بەئاسانی بەم واقیعیەتە شرۆڤە دەکرێت کە لەنێو هەموو لایەن و جەستەکانی مۆنارشی ئیسپانیادا، سوپا تاقە بەشێک بوو کە بەتەواوەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو و لە درێژایی جەنگی سەربەخۆییدا بووبوو بە هێزێکی شۆڕشگێڕ. سەبارەت بە فێڵ و پیلانی ڕووسەکان دەبێت بڵێین کە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ڕووسیا دەستی لە کاروباری شۆڕشی ئیسپانیادا هەبووە؛ لەنێو هەموو هێز و دەسەڵاتە ئەورووپییەکاندا ڕووسیا یەکەم بوو لە پێشوازیکردن لە دەستووری ١٨١٢، کە ئەمەیشی لە پەیمانی ڤیلیکی لوکی[2] لە ٢١ی ژولای ١٨١٢دا ئەنجام دا؛ یەکەم بوو لە هەڵکردنی ئاگری شۆڕشی ١٨١٢دا؛ یەکەم بوو لە ناوزڕاندنی فێردیناندی حەوتەم؛ یەکەم بوو لە هەڵکردنی مەشغەڵی دژە شۆڕش لە چەند شوێنی پێنیسولا؛ یەکەم وڵات بوو کە بە فەرمی پێش لە ئەورووپا ئەو ڕووداوەی ئیدانە کرد، و لە کۆتاییدا فەرەنسەی ناچار کرد هێزی سەربازی ڕەوانەی خاکی ئیسپانیا بکات. مۆنسیێر دێ تاتیسکێف[3]، باڵوێزی ڕووسیا، بەدڵنیاییەوە یەکێک لە کارگێڕە هەرە باڵاکانی دادگای مادرید بوو- واتە

1. Castro, Herreros, A. Argüelles
2. Veliki Luki
3. Monsieur de Tatischeff

سەرۆکی نادیاری ژووری پیلان و ڕاوێژ بوو. ئەو لە دادگادا لە ناساندنی پیاوێکی بێوڵەت لە چینی بندەست بە نێوی ئانتۆنیۆ ئۆرگاتێ[1] و دەستنیشانکردنی وەک سەرۆکی ڕەبەنەکان، کە لە قادرمەکانی پشتەوەی ئەنجومەندا دەسەلاتی پاشایەتییان بە نێوی فێردیناندی حەوتەمەوە دەبرد، سەرکەوتوو بوو. لەلایەن تاتیسکێفەوە ئۆگارتێ بوو بە ژەنەڕاڵی جێبەجێکاری ناردنی هێزەکان بۆ ئەمریکای باشوور، وە بە دەستی ئۆگارتێ، دووکی سان فێرنینۆ[2] کرا بە وەزیری کاروباری دەرەوە و سەرۆکی کابینە. ئۆگارتێ لەلایەن ڕووسیاوە هان درابوو بۆ کڕینی ئەو کەشتییە کۆن و ڕزاوانەی کە دانرابوون بۆ هەناردنی هێزەکان بۆ ئەمریکای باشوور، وە بۆ ئەمە نازناوی سێنت ئارمی[3] پێ بەخشرا. ئۆگارتێ ڕێگەی نەدا کە فێردیناند و براکەی واتە دۆن کارلۆس لە یەکەم ساتەکانی قەیرانەکەدا خۆیان نیشانی سوپا بدەن. ئەو، نووسەری ئەفسانەیی بێڕەحمییە نەبڕاوەکانی دووکی سان فێرناندۆ بوو، هەروەها داهێنەری ئەو شێوازانە بوو کە لیبێراڵەکانی ئیسپانیای گەیاندە ئەو ئاستە کە لە پاریس لە ساڵی ١٨٣٦دا بڵێن:

> "مرۆڤ بەسەختی دەتوانێت خۆی لەبەرانبەر ئەم حوکمەدا بگرێت کە دەڵێت دەوڵەت خۆی کرد بە ئامرازێک بۆ ژێروژوورکردنی ئەو نەزمە هەبووەی کە لە شتەکاندا هەیە."

ئەگەر ئێمە واقیعیەتێکی سەیرتر بخەینە سەر ئەمانە، واتە ئەوەی کە سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پەیامەکەیدا سپاسی ڕووسیای کردبوو بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی بەجێ هێناوە و ڕێگەی نەداوە ئیسپانیا دەست لە کۆلۆنییەکانی ئەمریکای باشوور وەربدات، ئەوا هیچ گومانێک نامێنێتەوە کە ڕووسیا کاریگەری لەسەر شۆڕشی ئیسپانیا هەبووە. بەڵام هەموو ئەمانە چیمان پێ دەسەلمێنن؟ ئاخۆ دەیسەلمێنن کە ڕووسیا شۆڕشی ئیسپانیای ١٨٢٠ی هەڵگرساندووە؟ ئەمە هەرگیز ڕاست نییە، بەڵکوو ئەوەی ڕاستە ئەمەیە کە ڕووسیا نەیهێشت دەوڵەتی ئیسپانیا لەبەرانبەر شۆڕشدا بەرخۆدان بکات. ئەوەی کە شۆڕش زووتر یان درەنگتر پاشایەتیی ڕەها و ڕەبەنیی فێردیناندی حەوتەمی ژێراوژوور کرد لە چەند شتدا دەسەلمێندرێت: ١) لەو زنجیرە پیلانانەی کە لە ١٨١٤وە یەک لەدوای یەک کران؛ ٢) لە شایەتیدانی م. دی مارتیگناک[4]، کۆمیسارییای فەڕەنسا کە لە کاتی هێرشی لیژیتیمیستەکان[5] بۆ سەر ئیسپانیا هاوڕێی ئەوان بووە؛ ٣) لە شایەتیدانی خودی فێردیناندا ـ کە ئەمە ئیدی حاشاهەڵنەگرە.

1. Antonio Ugarte
2. Duke of San Fernando
3. St. Arm
4. M. de Martignac
5. Legitimist

له ۱۸۱٤دا مینا[1] ویستی له ناڤاریَ ڕاپەڕێت، به ناردنی داواکارییەک بۆ سوپاییەکان یەکەم سیگناڵی لەبۆ بەرخۆدان نیشان دا، چووه ناو قەڵای سەربازی پامپلۆناوه، بەڵام درۆی لەگەڵ شۆێنکەوتووەکانی کرد و هەڵات بۆ فەڕەنسا. له ۱۸۱٥دا ژەنەڕاڵ پۆرلییێر[2]، یەکێک له ناسراوترین گەریلاکانی جەنگی سەربەخۆیی، دەستووری له کۆرۆننا[3] ڕاگەیاند، بەڵام سەریان بڕی. له ۱۸۱٦دا ڕیچارد ویستی پادشا له مادرید دەستبەسەر بکات، ئەویش له سێداره درا. له ۱۸۱۷دا ناڤارۆ که پارێزەرێک بوو، لەگەڵ چوار کەس له هاوڕێکانی له ڤالێنسیا هەڵواسرا، لەبەر ئەوەی له ۱۸۱۲دا دەستووری ڕاگەیاندبوو. له هەمان ساڵدا ژەنەڕاڵ لووسی[4] دلێر له ماجۆرکا[5] گوللەباران کرا لەبەر ئەوەی هەمان تاوانی کردبوو. له ۱۸۱۸دا کۆلۆنێل ڤیداڵ[6]، کاپتەن سۆلار[7] و کەسانێکی دیکه، که له ڤالێنسیا دەستووریان ڕاگەیاندبوو، شکستیان هێنا و ڕادەستی شمشێر کران. پیلانی ئیسلا دێ لیۆن دواهەمین حەڵقەی زنجیره پیلانەکانی ساڵانی ۱۸۰۸ تاکوو ۱۸۱٤ بوو که ئەویش سەری خوێناوی گەلێک گەورەپیاوی دلێری پێوه بوو.

م. دی مارتیگناک که له ۱۸۳۲دا، ماوەیەک بەر لەوەی بمرێت، بەرهەمەکەی خۆی به ناوی *ئیسپانیا و شۆڕشەکەی*[8] [به زمانی فەڕەنسه] بڵاو کردەوه، بەم شێوەیه دەدوێت:

"دوو ساڵ له گەیشتنەوەی فێردیناندی حەوتەم به دەسەڵاتی ڕەهای تێپەڕیبوو و هێشتا فەرمانه پێشووەکان بەردەوام بوون، واته ئەو فەرمانانەی که لیژنەی ڕاوێژ و پیلانگێڕی تازەدامەزراو دەری کردبوون، لیژنەیەک که له کۆمەڵێک له گەندەڵترین و کۆنەپەرستترین پیاوەکان پێک هاتبوون. سەرجەم هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت ژێراوژوور بووبوون؛ ئەوان تەنیا بەسەر ئاڵۆزی و سستی و ناتەبایی و سەرلێشێواویدا حکوومەتیان دەکرت – باجەکان ناهاوسەنگانه و نادادپەروەرانه دابەش کرابوون- بارودۆخی داراییەکان گەلێک شێواو و لاواز بوو- قەرزێکی زۆر هەبوو، بەبێ ئەوەی پارەیەک بۆ دانەوەیان هەبێت، دابینکردنی هەندێک له پێداویستییه هەره گرنگەکانی حکوومەت نامومکین بوو، مووچەی سوپا نەدەدرا، دادگەرەکانی ئاسایش به وەرگرتنی بەرتیل کەم و کورتییەکانی خۆیان قەرەبوو دەکردەوه، سیستەمێکی ئیداریی گەندەڵ و هیچنەکەر که نەک هەر نەیدەتوانی هیچ شتێک چاک بکاتەوه، بەڵکوو تەنانەت

1. Mina
2. Porlier
3. Coruña
4. Lacy
5. Majorca
6. Colonel Vidal
7. Captain Sola
8. L'Espagne et ses Révolutions

نەیدەتوانی بیشیانپارێزێت. هەر بۆیە نارەزایی و نائومێدی لەنێو خەڵکدا پەرەی سەند. ئەم سیستمە دەستوورییە نوێیە بەوپەڕی سۆز و هەستەوە لە شارە گەورەکان و لەلایەن چینی بازرگان و پیشەسازییەکان، لەلایەن پیشە لیبێراڵەکانەوە، هەروەها سوپا و پرۆلتەرەکانیشەوە پێشوازی لێ کرا. ڕەبەنەکان لە بەرانبەریدا ڕاوەستان و ئەمە خەڵکی وڵاتی تاساند.“

ئەمە دیانپێدانانی پیاوێکە کە لە ئاویلکە و سەرەمەرگدا بوو، پیاوێک کە لە ژێراوژوورکردنی ئەو سیستەمە نوێیەدا جگە لە ئامرازێک چی تر نەبوو. فێردیناندی حەوتەم لە فەرمانەکانیکدا لە ١ی جوونی ١٨١٧دا، ١ی مارسی ١٨١٧، ١١ی ئاپریلی ١٨١٧، ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٨١٩ و هتد.، بەئاشکرا وتەکانی م. دی مارتیگناک پشتڕاست دەکاتەوە و خەمناکی و پەژارەی خۆی بەم وشانە دەردەبڕێت:

”ئەو کارەسات و نەیامەتیانەی کە لە گوێی پاشایەتی خاوەن شکۆی ئێمەدا دەزرینگێتەوە، دەنگی خەڵکێکی پڕ لە سکاڵایە کە بەردەوام یەکتر ژێراوژوور دەکەن.“

ئەمە دەری دەخات کە هیچ تاتیسکێفێک[1] (!) پێویست نەبوو بۆ شۆڕشی ئیسپانیا.

1. Tatischeff

## ٩

## [ڕەشەبایەک بەڕێوەیە]

بەڕێز دۆ شاتۆبێریان لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناوی *کۆنگرەی ڤێرۆن*[1]، شۆڕشی ئیسپانیای سالانی ١٨٢٠-١٨٢٣دا بەوە تاوانبار دەکات کە بەس لاساییکردنەوەیەکی زمانلووسانەیە لە شۆڕشی یەکەمی فەڕەنسا، بەس لەسەر شانۆی مادریددا و لە جلوبەرگی کاستیلیدا نمایشت کراوە. ئەو لە بیری دەکات کە خەباتی خەڵکی جۆربەجۆر کە لە دۆخی فیۆدالی هاتوونەتە دەر و بەرەو شارستانیەتی چینی مامناوەند دەچێت ناتوانێت لە شتێکدا جگە لە فرەڕەنگی سەیروسەمەر بەهۆی ڕەگەز، نەتەوە، زمان، داب و نەریتی سەر شانۆ و، جلوبەرگەکانەوە جیاواز بن. لۆمەکانی ئەوە وەبیری ئەو پیرەژنە گەمژەیەمان دەخاتەوە کە زۆر زۆر لە کچانی عیشقن و ئەویندار بەگومان بوو کە لاسایی ڕۆژ خۆشترەکانی ئەویان دەکردەوە.

کتێبخانەیەکی تەواو لە دژایەتی و هاودەنگی لەگەڵ دەستووری ١٨١٢ نووسراوە، ئەو یاسایەی کە لە سالی ١٨٢٠دا لەگەڵ ڕاگەیاندنیدا، ململانێیەکی سێ سالانەی لە نێوان دمارگرژی و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی کۆن و خواست و ئاواتەکانی کۆمەڵگەی نوێی لێ کەوتەوە. دەستووری ١٨١٢ هەر ئەو مۆری ناکردەوەییبوونەی لەسەر کوترا کە تایبەتمەندیی تێکڕای ئەو بەیاننامانەیە کە نەتەوە مۆدێرنەکان لە سەرەتادا لە سەردەمی نۆژەنبوونەوەیاندا دایاندەڕێژن. لە چاخی شۆڕشگێڕیدا، کە سەرچاوەی ئەوانە، ئامانە ناکردەوەیین، هەڵبەت نەک بەهۆی ئەم یان ئەو بڕگەیەوە، بەڵکوو بەهۆی سروشتی دەستوورەکەیانەوەیە. ئەمانە لە چاخی دەستوورخوازیدا لە شوێنی خۆیاندا نین، چونکە تێکەڵ بە کۆمەڵێک وەهمی پڕ لە بەخشندەیین، کە لە سەرهەڵدانی نۆژەنکردنەوە و تازەکردنەوەی کۆمەڵایەتی جیا ناکرێتەوە. بۆ وێنە، دەستووری فەڕەنسە لە سالی ١٧٩١دا، کە لە کاتی خۆیدا بەڕاستی دەستوورێکی کۆنەپەرستانە بوو، لە سالی ١٨٣٠دا بە تۆمەتی ژاکۆبێنیسم بە تاوانبار ناسرا. بەڵام بۆچی؟ لە سالی ١٧٩١دا، دەسەڵاتی پاشایەتی و هێزە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگەی کۆن کە نوێنەرایەتیی ئەویان دەکرد،

1. Congrès de Vérone

هێشتا ئەوەندە نەگۆڕدرابوون کە بتوانن تێکەڵ بە توخمەکانی کۆمەڵگەی نوێ ببن و لەنێو ئەم توخمانەدا بگۆڕدرێن. ئەوەی لەو سەردەمەدا پێویست بوو کردارێکی شۆڕشگێرانە بوو بۆ تێکشکاندنی بەرگرییەکانی کۆمەڵگەی کۆن، نەک دەستوورێک کە ڕێگە بە سازانێکی نامومکین لەگەڵی بدات. بەپێچەوانەوە، لە ساڵی ١٨٣٠دا، کاتێک کە ڕێگە بە پاشایەتییەکی سنووردار درا، بەگشتی وا دەزانرا کە ئەمە بە واتای حکوومەتی بورژوازی لەجیاتی ڕزگاری خەڵکە. لەو حاڵەتەدا، دەستووری ١٧٩١ دەبوا وەک زەمەنپەرێشییەکی[1] ئاگرین بناسرێت. هەمان ئیستیدلال سەبارەت بە دەستووری ئیسپانیایش لە ساڵی ١٨١٢دا ڕاستە، بەڵام هێشتا دەبێت ئەم جیاوازییە لە نێوان فەڕەنسەی ساڵی ١٧٩١ و ئیسپانیای ١٨٢٠دا دابنێین کە دەستووری ١٧٩١ بەس وای دەنواند کە بۆ ماوەی دووساڵ ڕێپێوانی شۆڕشگێرانە هەڵدەپەسێرێت، لە حاڵێکدا دەستووری ١٨١٢ بڕیار بوو بەتەواوەتی شۆڕش وەلا بنێت. ئیسپانیا، کە ڕۆژێک پێشتر *ئیستیبدادی ڕۆژهەڵاتی* بوو، بڕیار وا بوو یەک ڕۆژ دواتر ببێت بە دیموکراسییەک کە پادشایەک لە لووتکەیدا وەستاوە. وەها گۆڕانکارییەکی لەناکاو بەس تایبەت بە مێژووی ئیسپانیایە. فێردینادی حەوتەم، کاتێک لە ساڵی ١٨٣٢دا و هەروەها لە ساڵی ١٨١٤دا دەسەڵاتی ڕەهای بەدەستەوە گرت، بە جووڵەی پێنووسەکەی تێکڕای ئەو شتانەی سڕییەوە کە لە تاقی لاویی شۆڕشدا ئەنجام درابوون. شۆڕشگێڕەکانیش لە شوێنی خۆیاندا هەر بەم شێوەیە جووڵانەوە. لە ساڵی ١٨٥٤دا، خەڵکی ئیسپانیا بە ئێسپارترۆوە دەستیان پێ کرد، کە لە ساڵی ١٨٤٣دا بەوەوە کۆتایی پێ هات. لە ساڵی ١٨١٤دا، بە سەرپێچیکردنی فێردیناند لە سوێندخواردن بە دەستووری کادیز، شۆڕش کۆتایی پێ هات. لە ساڵی ١٨٢٠دا بە سوێندخواردنێکی زۆرەملیانە بە هەمان دەستوور، دەستی پێکرد. ئەو هەر ئەو کۆرتێزەی بووژاندەوە کە دوو ساڵ پێشتر هەڵیوەشاندبوەوە، هەمان ئەو کەسانەی کرد بە وەزیر کە لە ساڵی ١٨١٤دا دووری خستبوونەوە یاخود لە بەندیخانەی کردبوون. تێکڕای حیزبەکان لە ئیسپانیا، بە پێداگرییەکی چونیەک، تێکڕای ئەو لاپەڕانەی کتێبی مێژووی نەتەوەییان دڕاند کە خۆیان نەیاننووسیبوون. بۆیە ئەم گۆڕانکارییە لەناکاوانە، ئەم زۆرسێنییە دێوئاسایانە، ئەم زنجیرە بێبڕانەوە و نەپچڕاوە لە ڕکابەرییەکان ڕوو دەدەن. هەروەها، ئاوایە کە ئەو خۆڕاگریی و بەرخۆدانە ئەزەلییە شکست دەهێنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت دڵسارد یاخود بێهیوا بێت.

یەکەم وەزارەتی دەستوورخوازی، کە دەکرێت دۆن ئاگۆستین ئارگولاس بە سەرۆکی بزانین، هەروەک پێشتر بینیمان، لە ئەشکەنجەگەرەکانی ١٨١٤ پێک هاتبوو. ئەشکەنجەچییەکان گوایە ئاگاداری شکستەکانی ڕابردوویان هەن و بەم بۆنەیەوە ژاکاون؛ بەو تەسەوورە

1. anachronism

گەورانەی کە لە لێهـاتوویی ڕابردوویـان هەیـانە، لەخۆبـایی بـوون؛ لەو ڕووەوە کە بـوێری و دلێرییەکانیـان سسـتەوە بـووە و حەز دەکەن توانسـتێکی زۆرتـر وەپـاڵ خۆیـان دەن؛ توانـای ئەوەیـان هەیە کە لەگەڵ گەیشـتنیان بە دەسـەڵاتی حکـوومەتی، ئیدی ڕایگەیێنن کە سـەردەمی شـۆڕش کۆتـایی هـاتووە؛ هەر لە هامـان یەکەم سـاتەکانی گەڕانەوەیانـدا وێدەچێت کەسـایەتیی مەشرووعیەتخوازانی شۆڕشگێڕ یاخود شۆڕشـگێڕانی مەشـرووع بە خۆیـانەوە بگرن؛ ئیرەییـان بەو پیاوە نوێیانە دەبرد کە سەرسامن بە دۆزینەوەی ڕکابەرەکانی خۆیان؛ بەردەوام لە نێوان تـرس لە دژەشـۆڕش و نیگەرانـی لە ئـاژاوە و بشـێویدا لە هـاتوچوودان؛ ڕێـک بەهـۆی هێـزی بارودۆخەکانەوە ناچار دەبن لەگەڵ یەکەمینیان ڕێک بکەون و بسازن تـا بەدەسـتی دووەمینیـان لەنـاو نەچـن، یـاخود ئەو شـتەی کە نێویـان دەنـا سـنوورەکانی ڕاسـتەقینەی پێشـکەوتن، بە ژێـراوژووری نەبیـن. وەزارەتەکەی ئـارگولێس ئـاوا بـوو. لە مـاوەی ئەو چـوار مـانگەدا کە لە پێکهـاتنی ئەو وەزارەتە و بەڕێوەچـوونی یەکەم دانیشـتنی کـۆرتێز تێپەڕی، لە واقیعـدا تێکـڕای دەسەڵاتە گشتییەکان هەڵپەسێردرا. حکوومەتی سـەربازی لە ناوەندی پارێزگاکـان و پایەتەخت نەبـوو، یـانە گشـتییەکان لەژێـر پارێزگـاریی ئەنجـومەنە شـاراوەکاندا بـوون، بـۆ یەکەم جـار چـاپەمەنی خەڵکـی پەرەی سـەند و سـنووری نەبـوو، سـاکاڵانامەگەلێکی تونـد ئاڕاسـتە کـران، سـروودە نیشـتمانپەروەرییەکان پەرەیـان سـەند، مۆنـۆمێنتی دەسـتوور بینـا دەکـرا، جـۆش و خرۆشی سروشتی نەتەوەیەک دەردەبڕدرا کە خوازیـاری بەدەستهێنانەوەی ئـازادییەکەی بـوو؛ بەڵام سـەرباری هەمـوو ئەمـانە هـیچ هەڵمەتێکـی تۆڵەسـەندنەوە، هـیچ جینایەتێـک ڕووی نەدا، گەورەیی و دڵئاواییەکیان لە خۆیان نیشاندا کە بەڕاستی لە خەڵکی باشوور کە خۆیان ڕادەستی جۆش و خرۆشی خۆیان ناکەن، چاوەڕوان نەدەکرا.

دواجـار کـۆرتێز یەکەم کۆبـوونەوەی خـۆی لە ٩ی ژانـوییەری ١٨٢٠دا دەسـت پـێ کـردەوە. ئەوان دۆن خـۆزێ ئێسـپێگا، ئۆسـقۆفی گەورەی سـێویلیان وەک سـەرۆکی خۆیـان هەڵبـژارد. فێردینانـــدی حەوتەم، هەروەک لە بەردەم ئایانتامێنتۆســـدا وای کردبـــوو، لە بەردەم ئەوانـــدا سوێندی خوارد کە پابەند بە ئینجیل بێت و دەستووری کادیز بپارێزێت.

> گـوتی: "زۆر خێـرا، کاتێـک ڕەنجە نەشـیاوەکان ئـاواتە سـەرکوتکراوە دێرینەکـانی خەڵکی بەئاشکار و بە شێوازێکی جیاواز نوواند، من خێرا بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشـتم کە پێشانیان دابووم و سوێندی پابەندبوون و وەفاداری بە دەستووری کۆرتێزی ١٨١٢ی خـوارد. لەم سـاتە بەدوا پادشـا و خەڵـک هەنگاویـان نـاوەتە نێـو مـافە مەشرووعەکانی خۆیان. *بڕیارەکەی من ئازادانە و خۆبەخشانە بوو.*"

فێردیناندی حەوتەم، پیاوێکی دیکتاتۆر، ترسنۆک، پڵنگێک بە دڵی کەروێشکێکەوە، پیاوێک کە چەندە تەماحی بۆ دەسەڵات هەبوو هەر ئەوەندەیش شیاوی بەکارهێنانی نەبوو، شازادەیەک بوو کە وای دەنواند دەسەڵاتی ڕەهای پێیە کە بیسپێرێت بە سەربازە پیادەکانی، بەڵام شانازی بە یەک شتەوە دەکرد ئەویش ئەوە بوو کە لە ڕیاکاریدا گەلێک لێهاتووە. لەوەی کە خۆی لەپێش چاوی دوژمنی پیرۆزدا سووک نیشان بدات، هەستی بە خۆشی و ڕەزامەندی دەکرد، بڕیاری دا لە کاتێکی گونجاودا بە خەیانەتێکی سەرسوورهێنەر نارەزایەتیی خۆی قەرەبوو بکاتەوە. کاتێک لە زیندانی ناپیلئۆندا بوو، بە تەوازوعەوە دەستخۆشی وسپاسی ئەوی کرد کە پەنای پێ داوە، هەروەها دەستی تکای بەرەو شازادەخاتوونێک لە بنەماڵای بوناپارت درێژ کردەوە. کاتێک بوناپارت لەسەر گەڕاندنەوەی تاج و تەختی ئیسپانیا گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد، لە نامەیەکی پڕ لە ستاییشەوە گوتی کە ئەگەر ڕۆژێک بەرانبەر بە خانەخوێی ئیمپڕاتوورییەکەی خۆ بێوەفا و سپڵە بێت ئەوا پەستترین مرۆڤی خاکی دەبێت و لە ئەورووپا لەنێو هەمووواندا نێوی دەزڕێت، هاوکات نامەیەکی شاراوەیشی بۆ قایم مەقامی پاشایەتی لە مادرید نووسی و پێی ڕاگەیاند کە لەپاش ئازادی، یەکەم هەڵوێستی بریتییە لە خەیانەتکردن بە ئیمپڕاتووریی فەڕەنسە. کاتێک لە ٩ی جوولای ١٨٢٠دا جارێکی تر سوێندی بە دەستوور خواردەوە و ڕایگەیاند کە "بڕیارەکەی ئازادانە و خۆبەخشانەیە"، کۆنتی ئیسپانیا و بەڕێز پۆنز پێش لە ئەو لە پاریس لەگەڵ پاویلون مارسان – واتە کۆنتی ئارتووا (کە دواتر بوو بە شارلی دەیەم) و دەستە و دایەرەکەی – سەبارەت بە ڕێگە و ئامڕازەکانی هەڵوەشاندنەوە و لەکارخستنی هەمان دەستوور گفتوگۆیان دەکرد.

هەندێک چرکەسات لە ژیانیدا هەبوو، بۆ وێنە فەرمانی ٣٠ سێپتەمبەری ١٨٢٣، کە بە جیددیترین شێواز بەڵێنی درۆی دەدا، بەبێ هیچ ئامانجێک جگە لەوەی کە لە شکاندنی بەڵێنەکانی چێژی وەردەگرت. شێلگیرانە سەرقاڵی ئیش و کاری دژەشۆڕش بوو، بەتەواوەتی ئەمەگداری لایەنگرانی ڕێژیمی پێشوو بوو و بە ئەرکی خۆی دەزانی کە هانی هەوڵ و کۆششەکانیان بدات، بەڵام لەمەیشدا وریا بوو کە ئەگەر بەخت هاوڕێیان نەبوو جێیان بێڵێت، ئەگەر شکستیشیان خوارد بە بێدەنگی ڕادەستی تووڕەیی دوژمنەکانیان بکات. هیچ مرۆڤێک هەرگیز ڕەنجی ئەوانی دی بە سنگفراوانیی زۆرتر تەحەممول ناکات. لە حاڵەتی فەرمیی خۆیدا، ڕقی خۆی لە دەستوور بە یاریکردن بە دەستوور بەرتەسک دەکردەوە. بۆ وێنە، شەوێک نامەیەک بۆ سەرۆکی کابینە دەنووسێت کە تێیدا ژەنەڕاڵ کۆنتادۆر دەکات بە وەزیری جەنگ. وەزیرەکان، کە خۆیان لە دۆزینەوەی کۆنتادۆر لە لیستی سوپادا دەستەوسان مابوونەوە، لەپاش ماوەیەکی زۆر دۆزیبیانەوە کە کۆنتادۆر ٨٤ ساڵیەتی و سەرۆکی پێشووی سکادرانێک

بــووە، زۆر لەمێــژە هێــزی هــیچ خزمەتێکــی نــەماوە، هەر بــۆیە زۆر لەمە سەرســام بــوون. وەزیرەکان بە بوێرییەوە نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش کرد. کاتێک فێردیناند لە دووبەرەکینــانەوەدا ســەرکەوت، پێشــنیاری کــرد کۆنتــادۆر لابچێــت و ژەنەڕاڵ مــارتینێز رودریگێز، کە هەر بەقەد ئەوەی پێشوو نەناسراو بوو، لەجیاتی دانرێت. لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و پڕ لە کێشە، زانییان کە وا دیارە مارتینێز لە باداخوس لە ئەنجامی تەقینەوەی گاڵۆنێک باروتدا بە شێوەیەکی زۆر ترسناک لە بەشی سەریەوە ئازاری بینیوە و، ئیتر لەدوای ئەوە هەرگیز هۆشیاریی خۆی نەبینیوەتەوە. فێردیناندی حەوتەم، کە لە هونەری بوێریدا پاسیڤ بوو و لە ترسنۆکیدا چالاک بوو و، لە هەر دووکیاندا مامۆستا بوو، هەرگیز لە چێکردنی کارەسات دوودڵ نەدەبوو و، پێداگری دەکرد کە لەپێشدا بەرەوڕووی مەترسی و خەتەر بێتەوە.

بەشی زۆرینەی کۆرتێز لە نوێنەرانی کۆرتێزی کادیز و نووسەرانی دەستوور و لایەنگرانی ئەوان پێــک هــاتبوو، لە حاڵێکــدا بەشــی کەمیــنەی بریتــی بــوو لەو پیــاوانەی کە لەبــۆ ســەقامگیربوونەوەی دەستوور پیلانیان گێڕابوو. زۆرینە ڕاگەیاندنی دەستووریان بە دوایین قۆنــاغی شــۆڕش دەزانــی، بەڵام کەمیــنە بە دەســپێکی شــۆڕش؛ دەســتەی یەکەم دەوڵەتیــان بەدەستەوە گرتبوو، دەستەی دووەم هێشتا لە هەوڵی دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا بوون؛ کەلێنی نێوان لیبێڕاڵەکانی ١٨١٢ و لیبێڕاڵەکانی ١٨٢٠، واتە نێوان مۆرادۆکان و ئێکسالتادۆکان، حەتمی بوو. ئەگەر لیبێڕاڵەکانی ١٨١٢ کارتێکەرییان لەسەر کۆرتێز زۆرتر بوو، ئەوا لیبێڕاڵەکانی ١٨٢٠ کارتێکەرییــان لەســەر یانەکــان و چاپەمەنییەکــانی و شــەقام بەهێزتــر بــوو. ئەگەر یەکەمینیــان ئیدارەی بەڕێوبەرایەتی بەدەستەوە دا، دووەمینیان ئومێدی بە سوپای ئیسلا بەستبوو، کە بە بەهێزکردنــی هەنــدێک لەو دەســتە گەورانەی کە لە شۆڕشــی ســەربازیدا بەشــدار نەبووبــوون هێشتا لە ئەندۆلۆس جێگیر بوون و لەژێر فەرمانی باڵای ڕیگۆدا بوون و کویرۆگا وەک نوێنەر ڕەوانەی کــۆرتێز کرابــوو. لەبــۆ تێکشــکاندنی بەرزاییەکــانی ئێکســالتادۆس، مــارکی دولاس ئاماریاس، وەزیری جەنگ سوپای ئیسلای هەڵوەشاندەوە، ڕیگۆ پێشتر بە بیانووی بوون بە کاپیتــان - ژەنەڕاڵــی گالیســیا، لە هێزەکــانی جــودا بووبــووەوە. ســوپای ئیســلا – تەنیــا هێــزی ســەربازیی ئیســپانیا کە شــیاوی نــاوی ســوپا بــوو – بەتونــدی هەڵوەشــایەوە کاتێک کە یەکەم دەستەکانی ئیمان[1] لە کاستیا و باکووری ئیسپانیا دەرکەوتن.

ڕیگۆ کە بە شــاراوەیی لەلایەن پارتیزانەکــانییەوە بانگهێشــت کرابــوو، لە 31ی ئاگۆســت لە مادرید بەدیار کەوت، لەوێ بوو بە بوتی خەڵک، ئەوان بە جۆش و خرۆشــەوە پێشــوازییان لێ کــرد و هانیــان دەدا؛ وەزیــر ئەمەی بە کارەســاتێکی گشــتی دەزانــی. بڕیاریــان دا بــۆ ئۆویــدۆ

1. Bands of Faith

دووری بخەنەوە — چەندین ئەفسەری دیکەی ئیسلایش بۆ شوێنگەلێکی جیاواز دوور خرانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕیگۆ لەبەرانبەر ئەم بڕیارە سەرەڕۆیانەی دوورخستنەوەدا خۆڕاگری نەکرد، وەزیرەکان لە ڕاپەڕین و ئاژاوەی دوای ڕۆیشتنی شەوانەی ڕیگۆ لە مادرید دەترسان، هەر بۆیە سەربازخانەیان پڕچەک کرد، دەستیان بەسەر شوێنە سەرەکییەکاندا گرت و شەقامەکانی مادریدیان پڕ لە تۆپخانە کرد، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ڕۆژی داتر، ئارگۆئێلز لە کۆرتێز پێشنیاری کرد کە کارگەلێک دژ بە کۆبوونەوە گشتییەکانی خەڵک بکردرێت کە خێرا لەلایەن تۆرنۆ و مارتینێز دولا روزاوە پێشوازی لێ کرا. لەم ڕۆژە، (٧ی سێپتەمبەری ١٨٢٠)، وەک دەستپێکی دابڕانێکی ئاشکرا لە نێوان دوو باڵی لیبێراڵ و کۆنەپەرستی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی یاد دەکرێت. هەمان دەمارگرژی بۆ نەزم، هەمان سکاڵا لە ئاژاوە و بشێویی بەردەوام و، هەمان بێسەبریی پڕ لە تووڕەیی بەرانبەر بە هەموو نیشانەیەکی جۆش و خرۆشی خەڵکی، کە ئەورووپا لە حەوتووە سەرەتاییەکانی پاش شۆڕشی ١٨٤٥ بەخۆیەوە بینی، ئێستە یەکجارەکی ئاریستۆکراسیی لیبێراڵ و پلەکانی سەرەوەی چینی مامناوەندی لەم شێوە دوورگەیەدا لەخۆ گرتبوو.

لەگەڵ کۆتایی یەکەم دانیشتنی کۆرتێز لە ٩ی نۆڤەمبەری ١٨٢٠، فێردیناندی حەوتەم کە لەگەڵ ویکتۆر سائز، قەشەی ئیعتیرافگر، کە بەرەو ئۆسکوریال ڕۆیشتبوون، ئەم کاتەیان بۆ خۆبەدیارخستن بە گونجاو زانی. بەپێچەوانەی دەستوورەوە، ئەو بە فەرمانێکی پاشایەتی و بەبێ واژۆی بەرانبەری وەزیرێکی بەرپرس، ژەنەڕاڵ کارواهال[1] لە جێگەی ژەنەڕاڵ ویگۆدێت وەک کاپیتان –ژەنەڕاڵی نیوکاستیل و فەرماندەی مادرید دادەنێت، ئەگەرچی ویگۆدێت لە دانی شوێنی خۆی بە کارواهال سەرپێچی دەکرد. وەزیر کە ئێستە خۆی دۆڕاندبوو، دەستەودامێنی هەمان ئەو گرووپە بوو کە با ئازاردان دەستبەکار بووبوون. ئەوان چوونە لای بەڕێوبەرانی یانە و کلووبەکان، بەڵام بەوپەڕی ڕێزەوە خیتابەی توندوتیژی "ئایونتامینتۆی مادرید"یان وەرگرت کە داکۆکی لەسەر گەڕانەوەی پادشای بۆ مادرید دەکرد. خیتابەیەکی هاوشێوەی ئەمە لەلایەن کۆمیسیۆنێکی هەمیشەیی، کە لە نەبوونی کۆرتێزدا نوێنەرایەتیی ئەوانی دەکرد، ئامادە کرا. سەربازخانەکان و میلیشیاکان هەموو پڕچەک کران. دانیشتنی یانە و کلابەکان بوو بە بابەتێکی هەمیشەیی. خەڵک بە سووکایەتییەوە هەڕەشەیان لە شا دەکرد؛ ڕۆژنامەکان بەئاشکرا بانگەشەی ڕاپەڕینیان دەکرد و، زۆر نزیک بوو کە لەشکەرکێشییەکی بەربڵاو بەرەو ئێسکۆریال بۆ هێنانەوەی پادشا بکرێت. فێردیناند لە بەردەم ئەم گێژەڵووکەیەدا چەمایەوە و فەرمانە پڕ لە سووکایەتییەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە، ئیعتیرافگری دژە لیبێراڵەکەی خۆی

1. Carvajal

ئـازاد کـرد و لەگەڵ تێکڕای بنەماڵەکەی بەرەوە مادرید گەڕایەوە و لە ٢١ نۆڤەمبەری ١٨٢٠دا گەیشتە ئەوێ. هاتنی ئەو لە هاتنی لوویی شازدەیەم و بنەماڵەکەی دەچوو کاتێک بە زۆرەملێ لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٧٨٩دا لە ویرسایەوە بۆ پاریس دەگەڕایەوە.

ئەم وەزارەتخـانەیە بەبـێ قەرەبـووکردنەوەی زیـانە لێـدراوەکان، نەیـدەتوانی پاڵپشـتیی لیبێراڵەکانی ١٨٢٠ بەدەست بهێنێت. ئەم کارە بە لابردنی مارکز دێ لاس ئاماریاس، کە دواتر بەئاشکرا خۆی وەک لایەنگری بەجۆشی پاشایەتیی ڕەها ڕاگەیاند، لە وەزارەتی جەنگ و، هەروەها بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەرەکانی ئیسیا[1] بۆ چەندین پۆستی فەرماندەیی جیاواز، ئەنجام دا. ڕیگۆ کرا بە کاپیتان – ژەنەڕاڵی ئاراگۆن، مینا بە کاپیتان – ژەنەڕاڵی گالیسیا، وە ڤێلاسلۆ بە کاپیتان – ژەنەڕاڵی ئێسترامادور. وەزارەتی ئەشکەنجەچییەکان کە بە دوو دڵییەوە لە نێوان ترس لە بەرپەرچ و نیگەرانی لە ئاژاوە لە هاتوچوودا بوون، بەجۆرێک پلانەکەی دارشت کە لای گشت حیزبەکان چونیەک متمانەی خۆی دۆڕاند. سەبارەت بە بنەماڵەی پاشایەتی، پێگەی ئەو بنەماڵەیە – وەک لێژیتیمیستێکی تۆخ باسی دەکات – "بەهۆی دەمارگرژیی سەرەڕۆیانەی پاشایەتیخوازەکانەوە[2] کە کۆنترۆڵیان نامومکین بوو، هەروا بە لەرزۆکی مایەوە."

لە دەسپێکی کۆبوونەوەی دووەمدا (یەکی مارسی ١٨٢١)، پادشا دەوری خۆی بەتەواوەتی بە زمان و هەڵسوکەوتی وتاربێژێکی بێتاقەتەوە گێڕا. ئەو کە بە خوێندنەوەی دەقی وتارێک کە کابینەکەی بۆی ئامادە کردبووە ڕازی نەدەبوو، گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەی لە دەقەکەی ئەواندا ئەنجام دا و جەختێکی زۆری لەسەر گرنگترین بەشەکانی، وەک بەشی هێرشی نەمسا بۆ سەر ناپل، کرد و بەم جۆرە وەزیرەکانی سەرسام کرد. ئەوان بۆ ساتێک وایان خەیاڵ کرد کە پادشایان هێناوەتە سەر ڕێڕەوی خۆیان، بەڵام زۆر خێرا دەستبەرداری هەڵەکەیان بوون. فێردیناند وتارەکەی خۆی بە تاوانبارکردنی توندی وەزیرەکانی خۆی، کە سووکایەتییان پێ کردبوو و هەڕەشەیان لێ کردبوو، بە ئەنجام گەیاند، ئەو وەزیرانە کە ئەگەر دەوڵەت ئەو ئینێرجی و شەوقەی کە یاسا پێویستی کردبوو و کۆرتێز بەدڵی بوو لە خۆی نیشان بدابایەت، وەها شتێک ڕووی نەدەدا.

ئەم وتارەی پادشا سەبارەت بە دەستوور بەس پێشەکییەک بوو بۆ لابردنی ئەنجومەنی وەزیرەکان و ناساندی ئەنجومەنێکی دیکە، کە لەوپەڕی سەرسووڕمانی خەڵکدا تەنانەت یەک کەسی تێدا نەبوو کە سەر بە دامەزراوە نوێکان بێت، یاخود کەسانێک بێت کە لە دەوڵەتی پێشوودا وەک هۆکارەکانی ئیستبداد نەناسرابێت.

1. Isia
2. Royalists

سـەرۆکی کـابینەی نـوێ، بەڕێـز فلـیکس، کە پێشـتر ئەفسـەری پلە دووەمـی دەسـتەیەکی میلیشیا لە لیما و نوێنەری کۆرتێز لە ساڵی ١٨١٢ لە پێرو بوو، تەنانەت لە سەردەمی کۆرتێزی کادیزیشدا بە ناوی پیلانگێڕێکی بەرتیلخۆر و زیرەک دەناسرا. بارداجی[1]، وەزیـری کاروبـاروی دەرەوە، دیپلۆماتکـارێکی پێشـوو بـوو کە لەگەڵ سـەرۆکەکانی کـابینەی ڕەهـاخواز لە پێوەندیـدا بـوو و، پێلێگـرین[2] کە ئەنـدامی ئەنجـومەی کاسـتیل بـوو، بەخۆیـدا دەنـازی کە بەتەواوەتـی بە یەکیەتیـی پیـرۆز وەفـادارە. ئامـانجی ئاشـکرای ئەم وەزارەتخـانەیە، کە تەنـانەت نەیـدەتوانی وا بنوێنێت کە لە کۆرتێزدا دەستڕۆیشـتووە، "بووژاندنەوەی نەزم و سـەرکوتکردنی ئـاژاوە" بـوو. لەسەر ئەم بنەمایە، ئاریستۆکراتەکان لە فەرماندەییەکانیان وەلا نران و دەسـەڵاتی تەواو کەوتە دەسـتی حیزبـی کـۆیلەدار. گرنگرتـرین پۆسـتەکان درا بەو کەسـانەی کە ڕق و کینەیـان لە دەسـەڵاتی هەنـووکە، بەناوبانـگ بـوو؛ پەردەیەک درا بەسـەر تێکـڕای پیلانگێڕییەکـانی پاشـایەتیخوازی کە لەنێـو ئەم نیمچـەدوورگەیەدا ڕووی دابـوو و، بکەرەکانیـان کە بەگشـتی هەموویان لەلایەن خەڵکەوە زیندانی کرابوون، بە دەستی دەوڵەت ئازاد کران. ژەنەڕاڵ مۆرلینۆ، کـۆنتی کارتاگنـا[3]، تـازە لە ترافیرمـاوە[4] گەیشـتبوو، ئەو شـوێنەی کە لەوێ نـاوی خـۆی لەبەر دڕەندەیی، کرداری دیکتاتۆرئاسـا، بێڕەوشـتی و شـەش سـاڵ جەنگی براکوژی کە بە جۆشـێکی دەمارگرژانەوە درێژەی پێ دابوو، بە خراپە زڕاندبوو. لەپاش گەڕانەوە، چەند ڕۆژێک لە پاریس مـایەوە و لەوێ پێوەنـدی بە پیلانەکـانی پـاویۆن مارسـانەوە گرت، ڕۆژنـامە ناحکوومییەکـان لە پاریس ئەویان وەک کەسێک ناساند کە بڕیارە پادشا بە تێکڕای مافە دێرینەکانیەوە بگەڕێنێتەوە و کۆرتێز لە ناو ببات. کاتێک گەیشتەوە مادرید وەزیرەکان بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشـوازییان لـێ کـرد و وەک فەرمانـدەی شـار و پارێزگـای مادریـد دایاننـا. وادیـارە ئەمە ئەو بەربژێـرە بـوو کە حیزبـی زمـانلووس چـاوەڕێی بـوو تـاکوو بتوانێـت کوودەتـا بکـات. سوپاسـالار دۆن خـۆزێ مارتینێز سـەن مـارتین، ئەو پیاوەی بە وزەیەکی زۆر و نەشـکێن و بە بڕوایەکی لێژیتیمیسـتیی بەهێزەوە، وەک جێفێ *پۆلیتێکۆی*[5] پایەتەخت پەیوەست بە مۆریلۆ بوو. لە کاتێکدا کە مادرید لە ترسی ناوی مۆریلۆ زاوری دەتۆقی، کاتالۆنیا و گالیسـیا شـانۆی ڕکابەرییەکی بەجۆش بوون، کـادیز، سـێویل و بـاداخۆس دەسـتیان دابـووە ڕاپەڕینێکـی ئاشـکرا، ئەفسـەرەکانی دەوڵەتیـان وەرنەدەگـرت و ملکەچـی هـیچ جـۆرە دەسـتوورێکی پاشـایەتیی نەدەبـوون مەگەر بە لابردنـی وەزیـر. پادشـا لە نامەیەکدا لە بەرواری ٢٥ی نـۆڤەمبەری ١٨٢١ کـۆرتێزی بـۆ لێکدانەوەی ئەم

---

1. Bardaji
2. Pelegrin
3. Carthagena
4. Terra Firma
5. *Jefe politico* سەرۆک ئەفسەری سیاسی پارێزگا

بشێوییەوە بانگهێشت کرد. کۆرتێز لە وڵامیدا، کە دۆن خۆزێ ماریا کالاتراوا ئامادەی کردبوو، کرداری کادیز و سیڤیلی سەرزەنشت کرد، بەڵام پێداگری لەسەر لابردنی وەزیر دەکرد کە متمانەی وڵات و "هێزی ئاکاریی بۆ درێژەدان بە حکوومەتی" لەدەست دابوو. سەربارى ئەم متمانەلێسەندنەوە، فێردیناند تا چل و هەشت کاژێر بەر لە کردنەوەی کۆرتێزی نوێ لە یەکی مارسی ١٨٢٢، دانانی کابینەیەکی نوێی بە مەسڵەحەت نەزانی.

هەڵبژاردنی کۆرتێزی نوێ لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە جۆش و خرۆشی گشتیی خەڵک بەهۆی ڕەوتی دژە شۆڕشی دەوڵەتەوە، هەواڵەکانی دەستدرێژی چەکدارانەی نەمسا بۆ سەرکوتکردنی دەستەی ئیسپانیا لە ناپل و، لەشکەرکێشی تالانکەرانەی دەستەکانی ئیمان لە شوێنە جیاوازەکانی نیمچە دوورگەکەدا، چڕتر بووبووەوە. لیبێراڵەکانی ساڵی ١٨٢٠، کە ئەو دەم پێیان دەگوترا "ئێگزاڵتادۆس"، زۆرینەیەکی گەورە بوون. ئەندامێکی مۆدرادۆ دەیگوت: "زۆرینەی هەرە زۆری پەرلەمانی یاسادانەری نوێ، کە هیچیان نەبوو، هیچیشیان بۆ دۆڕاندن نەبوو. ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر بەس سەر بە ڕیزەکانی چینی مامناوەند و سوپا بوون. جیاوازیی ئەوان و پێشووەکانیان بەم واقیعیەتە دەرک دەکرێت کە لە حاڵێکدا کە پێشووەکانیان ئوسقوفی گەورەی سیویلیان وەک سەرۆک کۆماری خۆیان دانا، لەلایەن خۆیانەوە قارەمانی لاس کابزاس – دۆن ڕافائێل دیێل ڕیگۆ – یان خستە سەر کورسیی سەرۆک کۆماری.

وەزارەتی نوێ، کە لە نوێنەرانی پێشووی کۆرتێزی ١٨٢٠ پێک هاتبوو، لەلایەن مارتینێز دیێلا ڕۆسا پێک هێنرا کە خۆی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرتبوو. مارتینێز دۆلا ڕۆسا – کە لەو کاتەدا دەورێکی گرنگی لە پاشایەتیی ئیزابێلای مەعسوومدا گێڕا، بەر لەمە نوێنەری کۆرتێزی کورتەمەودای مادرید لە ساڵی ١٨١٤ بوو؛ لە سەردەمی کۆنەپەرەستیدا ئازار درا؛ مۆدرادۆیەکی[1] ڕاستەقینە، یەکێک لە لێهاتووترین شاعیر و نووسەرانی ئیسپانیا –لە هەموو سەردەمەکاندا سەلماندوویەتی کە لایەنگری ڕاستەقینەی قوتابخانەی فکریی گیزۆتەکانە[2]، قوتابخانەیەک کە میانەڕەویی پیاوە بەڕێزەکانی لەم بیرۆکە جێگیرەدایە کە دەڵێن دانی ئیمتیاز بە ئاپۆرەی خەڵک هەرگیز ناتوانێت خەسڵەتێکی زۆر میانەڕەو بێت. ئەوان لەوە دڵخۆش بوون کە ئاریستۆکراسییەکی لیبێراڵ و حکوومەتێکی باڵای بورژوازی، تێکەڵ بە زۆرترین ئاستی خراپیەکارهێنانەکان و نەریتەکانی ڕێژیمی کۆن، پێک بهێنن. مارتینێز دێ لا ڕۆسا – کە نوقمی ئەدەب و ئاداب بوو و سەرنجی باڵوێزەکانی فەڕەنسا لە مادرید – شازادە لاوال دۆ مۆنتمۆرێنسی و کۆنت لاگارد – ی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، دەیویست دەستووری ١٨١٢ بە دانانی ئەنجومەنی نەجیبزادەکان چاکسازی بکات – واتە ئەنجومەنی نەجیبزادەکان دابمەزرێنێت –

1. Moderado
2. Guizots

مـافی ڤیتـۆی ڕەهـا بە پادشـا ببەخشـێت، مەرجـی دارایـی بە ئەنجـومەنی نزمتـر[1] ببەخشـێت و هەنـدێک سـنوور بـۆ چاپەمەنییەکـانیش دابنێـت. لە سـاڵی ١٨٣٤ تـا ١٨٣٦، ئەم دەمـارگرژە بـێدەرمـانە بینـەری ناسـاندن و ڕووخانـدنی دەسـتوورێکی سـەرنەکەوتوو بـوو کە لە سـاڵی ١٨٢٢دا پلانەکەی دارشتبوو. دیپلۆماتکارە فەڕەنسـەییەکان تێیان گەیاند کە دادگای تۆیلێری [2] دامەزراوەگەلێک هاوشێوەی ئەوانەی کە لەو کاتەدا لە فەڕەنسا هەبوون قەبووڵ دەکات، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو بەخۆیدا دەنازی کە پادشا لە بەیاننامەیەک کە ڕێگە بە لوویی هەژدەیەم دەدات هەموو کارێک بکات کە حەزی لێیەتی، بێزار نابێت. پادشـا، لەلایەن خـۆیەوە، مۆدرادۆی خۆپەسندی فریو دا کە دەیویست، هەروەک دواتر سەلمێندرا، ڕاستەوخۆ لە کۆشکەوە بەرەو سێدارەی بنێرێت.

بەپێـی ئەو پـلانەی کە لە نێـوان کامـاریلا و وەزارەت داڕێژرابـوو، بڕیـار وابـوو کە تێکـڕای پیلانگێڕییەکان پشـتگوێ بخێرن و بشـێوییەک دەست بەسـەر وڵاتدا بگرێت، بۆ ئەوە دواتـر بە یارمەتیی فەڕەنسـا سـەقامگیری بێتە ئاراوە و بەرنـامەیەکی میانەڕەو بدرێت بە خەڵک کە لەو ڕێگەیەوە بتوانێت دەسـەڵات و کـارتێکەریی خـۆی لەسـەر بانگەشـەکارە سـەرەکییەکانی خـۆی ڕابگرێت و چینە تایبەت و خاوەن ئیمتیازەکان بەرەو ئەم سیستمە نوێیە بکێشـێت. لە ئەنجامـدا، لە بەرانـبەر ئەنجـومەنە نهێنییـە لیبێڕاڵەکانـدا، ئەنجـومەنێکی نهێنـی لەسـەر بنەمـای پرنسـیپە میانەڕەوەکان دامەزراند – ئەنجومەنی ئانیلۆ[3]، کە بڕیـار بـوو ئەندامەکانی بە شـێوەی هـاوبەش لەگەڵ وەزارەتەکان ئیش بکەن. پارەیەکی زۆر لەنێو گاردی پاشایەتیدا بـڵاو کرایەوە، بەڵام ئەم دابەشـینە لەلایەن ئەنـدامانی پۆلیسـی شـارەوە بە وەزارەت گوزارشـت کرا، ئەوان گاڵتەیـان پـێ کـردن و ئەم زانیارییانەیـان وەک نیشـانەیەک لە ڕادیکاڵیسـم و کۆمـاریخوازی شـرۆڤە کـرد. دەستەی سوپای سوارەی پاشایەتی، کە لە ئەندلۆس بـوو، بەتەواوی شـۆکە بووبـوو. کۆمەڵێک ڕاپـۆرتی نـاخۆش لە پارێزگـا جیاوازەکانـدا بـڵاو کـرایەوە کە لەوانـدا ئەنـدامانی ئەنجـومەنی ئانیلۆیان بە نێوی سـەرۆکی سیاسەتی ئەوێ بۆ نێردرابوو. لە هەمان کاتدا، دادگاکـان کۆمەڵێک ڕێڕەونـامەی نهێنییـان بەدەسـت گەیشـت کە تێدا گوترابـوو لەگەڵ تێکـڕای پیلانگێڕییەکـان کە لەوانەیە لەژێـر دەسـەڵاتی دادوەریـی ئەوانـدا بێـت، بە دڵاوایییەکـی زۆرەوە هەڵسـوکەوت بـکەن. مەبەسـت لەم هەڵمەتـانە ئەوە بـوو تەقینـەوەیەک لە مادریـد چـێ ببێـت کە بڕیـار بـوو لەگەڵ تەقینەوەیەکـی دیـکە لە والێنسـیا هاوکـات بێـت. ژەنەڕاڵ ئێلیـۆ، خـائینی سـاڵی ١٨١٤، دواتـر زینـدانییەک لەو شـارە، بڕیـار بـوو خـۆی بکەوێـتە پێشـەوەی دەسـتەی دژەشـۆڕش لە بەشـی

1. Lower House
2. Court of the Tuileries
3. Anillo

ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا، هەر بۆیە سەربازخانەی والێنسیا کە بەس لە دەستەیەک پێک هاتبوو بەتەواوەتی ملکەچی ئێلیۆ بوو و، کەواتە دوژمنی سیستمی دەستوورخوازی بوو. نوێنەری بێرتران دێ لیس[1] لە ئەنجومەنی کۆرتێزەکان، داوای لە وەزیرەکان کرد کە ئەم دەستە سەربازە لە والێنسیا وەدەر نێن، وە کاتێک خۆڕاگریی ئەوانی بینی داوای لێپێچینەوەی کرد. ئەو ڕۆژەی کە بۆ تەقینەوە دیاری کرابوو، واتە دوایین ڕۆژی مانگی مەی (١٨٢٢)، جەژنی سەنت فردیناند بوو. لەو کاتەدا دادگاه لە ئارانخۆئێز[2] بوو. بە ئاماژەیەکی دیاریکراو، پاسەوانەکان هێرشیان کردە سەر شەقامەکان و بە پاڵپشتیی خەڵکی ئارانخۆئێز، لە بەردەم کۆشکدا کۆ بوونەوە و هاواری دروژمی "بمێنێت پادشای ڕەهای ئێمە، مردن بۆ دەستوور" هەڵدرا. بەڵام، ئەم شۆڕشە زۆر خێرا لەلایەن ژەنەڕاڵ زایاسەوە سەرکوت کرا، شۆڕشی هاوکاتی دەستەی والێنسیا، لەدوای شەڕێکی خوێناوی لە نێوان میلیشیاکان و سەربازەکاندا، لەمە سەرکەوتووتر نەبوو. شکستەکانی ئارانخۆئێز و والێنسیا بەس لیبێڕاڵەکانی تووڕە کرد. هەموو حیزبەکان لە شوێنی خۆیاندا ئامادەی بەرگری لە خۆیان بوون. لەگەڵ تەشەنەی ئەم بشێوییەدا، بەس وەزیرەکان بوون کە لە گەرمەی ئاژاوەکەدا، کە نیشانەی گێژەڵووکەیەکی نزیک بوو، ناچالاکانە بەس تماشای دۆخەکەیان دەکرد.

1. Bertran de Lys
2. Aranjuez